سەرۆک بارزانی: ئەمڕۆ وەکوو دوێنێ نییە، سبەش وەکوو ئەمڕۆ نابێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

#ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6026) چوارشەممە 21ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



سەرۆک بارزانی لە سێیەمین ساڵیادی داستانی پەردێ دا تویتێکی بلاوکردەوە.. دوێنێ سێ شەممە 20ی تشرینی یەکەمی 2020 لە سێیەمین ساڵیادی داستانی پەردێ، سەرۆک بارزانی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر، تویتێکی بلاوکردەوە. ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

(ئەمڕۆ وەکوو دوێنێ نییە، سبەش وەکوو ئەمڕۆ نابێت) .

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی ڕووقیا - گۆپاڵ (هەولێر - دهۆک) دەکاتەوە


مەسرور بارزانی: جێگەی دڵخۆشییە ئەم پڕۆژانە بە توانا و کرێکار و ئەندازیار و کەرەستەی کوردستانی جێبەجێ دەکرێن



دوێنێ سێشەممە 2020/10/20 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، ڕێگەی جووتسایدی ڕووقیا- گۆپاڵ (هەولێر- دهۆك)ی کردەوە. ئەم ڕێگەیە یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیجییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری ڕێگەوبان و ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هاتووچۆی نێوان هەولێر و دهۆك دەکات. درێژی ڕێگاکە 22 کیلۆمەتری جووتسایدە (سێ هێڵی هاتن و سێ هێڵی چوون) لە گەڵ شەش ئۆقەرپاس و پردێك و سێ کیلۆمەتری هاتووچۆی خێرا (ئۆتۆبان).

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێورەسمی کردنەوەدا گوتارێکی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند، ئەوەی زیاتر لە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانەدا خۆشحاڵم دەکات، ئەوەیە هەموویان لەلایەن کۆمپانیاکانی ناوخۆیی و بە کوالێتی بەرز و ستانداری جیهانیی جێبەجێ دەکرێن. سەرۆکی حکوومەت ئاماژەشی بەوەدا کە ئەم پڕۆژەیە لە کابینەی پێشووەوە بەردی بناغەی بۆ دانرا، بەڵام تەواو نەکرا. بۆیە لەم کابینەیەدا بڕیارماندا ئەم پڕۆژە گرنگ و ستراتیجییە تەواو بکەین و خۆشبەختانە بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا تەواو کرا.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



وەزیری کارەبای: کارەبا دەدەینە کەرتی تایبەت و نرخیش وەک خۆی دەمێنێتەوە

کەمال محەمەد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: لەسەر داخوازی لیژنەی وزە و سامانی سروشتی ئامادەی کۆبوونەوەیەك بووین لەگەڵیاندا بۆ پێدانی زانیاری لەسەر پڕۆژەی پێدانی کەرتی کارەبا بە کەرتی تایبەت، هەرچەندە پڕۆژەکە هێشتا لە قۆناغی ئامادەکردنی تەندەردایە و هێشتا تەندەرەکەشی تەواو نەبووە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

مەشعان جبوری بۆ (خەبات):

حکوومەتی عێراق لەتەنگژەیەکی گەورەی سیاسی و ئابووری دایە و مانەوەی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەوەندەی تر ڕەوشی ئاڵۆز دەکات



سیاسەتوانێکی عێراقی ناسراو ئاماژە بۆ مەترسییە سیاسی و ئابووریەکانی دەوڵەتی عێراق دەکات و پێی وایە عێراق لە لێواری ئیفلاسبوون دایە لەڕووی دارایییەوە و دەشڵێت مانەوەی کێشەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێم ئەوەندەی تر ڕەوشی ئابووری و سیاسی عێراق ئاڵۆز دەکات.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

فالح فەیاز: سووتاندنی لقی پارتی لە بەغدا جێگای داخە و تاوانە



سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، فالح فەیاز لەبارەی سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا ڕایگەیاند کە سووتاندنی بارەگای لقی پارتی لە بەغدا، جێگەی داخە و ئەوەی ڕوویداوە، تاوانە. فالح فەیاز لە میانی دیانەیەکی لەگەڵ کەناڵی نیمچەفەرمی عێراقییە گوتی: بە بەرزکردنەوەی ئاڵای حەشدی شەعبی لەسەر بارەگای پارتی لە بەغدا هەستیان بەشەرمەزاری کرد.

ئاشکراشیکرد کە هێزە ئەمنییەکان، 15 بۆ 18 کەسیان بەتۆمەتی سووتاندنی بارەگای پارتی لە بەغدا، دەستگیرکردووە.

شایانی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، لایەنگرانی حەشدی شەعبی لە بەردەم بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوەڕاستی بەغدا خۆپیشاندانیان ساز کرد و لە میانی خۆپیشاندانەکەشدا، لایەنگرانی حەشدی شەعبی بارەگای لقی پێنجی پارتی و ئاڵای کوردستانیان سووتاند.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا



زۆرینەی ڕاپرسییەکان پێشبینی دەکەن کە جۆ بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت

تەنها دوو هەفتە ماوە بۆ هەڵبژاردنەکانی سێی تشرینی دووەم لە ئەمەریکا و زۆرینەی ڕاپرسییەکانیش باس لە سەرکەوتنی کاندیدی پارتی دیموکرات، جۆ بایدن دەکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦دا، ڕاپرسییەکان پێشبینی سەرکەوتنی هیلاری کلینتۆنیان دەکرد، بەڵام دۆناڵد ترەمپ هەڵبژاردنەکانی بردەوە.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی تەیاری غەدی سووری دەکات

دوێنێ سێشەممە 20ـی تشرینی یەکەمی 2020 لە سەلاحەدین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە ئەحمەد ئەلجەربا سەرۆکی تەیاری غەدی سووری کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و دواییین پێشهاتەکانی سوریا و دۆخی لایەنە کوردییەکانی سوریا و ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە تاوتوێ کرا.

هەر لەو دیدارە سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی پێکهاتنی بەرەی ئاشتی و ئازادی سوریای کرد و بە هەنگاوێکی ئیجابی و باشی وەسفکرد.



نوری حەمەعەلی:
داستانی مێژوویی پردێ بووە خاڵی وەرچەرخان

لە سێیەمین ساڵیادی تێکشکاندنی پەلاماری میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و چاوتێبرانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لە پردێ مەراسیمێك بۆ یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ئەو یادە ڕێك خرا.

دوێنێ 20/10/2020، سێیەمین ساڵیادی داستانی مێژوویی و کەم وێنەی پردێیە، بەو بۆنەیەوە فەرماندە و پێشمەرگەکان لە پردێ مەراسیمێکیان بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو یادە ڕێك خست.

نوری حەمەعەلی، بەرپرسی میحوەری رۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگە، وێڕای باسکردنی گرنگیی داستانەکە بۆ پێشمەرگەکان، ئەوەشی بۆ میدیاکان خستە ڕوو کە داستانی پردێ، داستانێکی گەورە و گرنگ بوو، دەستکەوتێك بوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد.»

نووری حەمە عەلی، ئەوەشی وت کە هیچ کاتێك وەکو کورد خوازیار و لەگەڵ شەڕدا نەبووین، بەڵام کە شەڕ سەپێنرا، دەبێ بەرگری لە خاك و خەبات و مێژوو و دەستکەوت و خوێنی شەهیدان بکەین، بۆیە دوای 16ـی ڕەشی ئۆکتۆبەر، 20ـی ئۆکتۆبەر بووە ڕۆژێکی گرنگ و مێژوویی، بووە ڕۆژی بەرخودان و بەرگری دژی ئەو هێزانەی پەلاماری هەولێریان دا، بە خوێنی شەهیدان و برینداران و ئازایی فەرماندە و پێشمەرگەکان، ئەم داستانە مەزنە تۆمار کرا و پردێ بووە خاڵی وەرچەرخان.»

جێگری سەرۆکی پارتی سەرەخۆشی لە عەبدولخالق بابیری دەکات



دوێنێ سێشەممە 20-10-2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز عەبدلخالق بابیری، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی، بەبۆنەی کۆچی دواییی باوکی خوالێخۆشبوویانەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خۆیان و خانەوادە بەڕێزەکەیان کرد.

بەڕێزیان وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان، هیوای خواست خوای مەزن خوالیخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی، سەبووری و دڵنەواییش بە هەموان ببەخشێت.

لای خۆیەوە بەڕێز عەبدلخالق بابیری، سوپاس و پێزانینی خۆی و خانەوادەکەیانی بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی پارتی، دووپات کردەوە.

مەشعان جبوری بۆ (خەبات):
حکوومەتی عێراق لەتەنگژەیەکی گەورەی سیاسی و ئابووری دایە و مانەوەی کێشەکانی لەگەڵ هەرێم ئەوەندەی تر ڕەوشەکە ئاڵۆز دەکات



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

سیاسەتوانێکی عێراقی ناسراو ئاماژە بۆ مەترسییە سیاسی و ئابووریەکانی دەوڵەتی عێراق دەکات و پێی وایە عێراق لە لێواری ئیفلاسبوون دایە لەڕووی دارایییەوە و دەشڵێت مانەوەی کێشەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێم ئەوەندەی تر ڕەوشی ئابووری و سیاسی عێراق ئاڵۆز دەکات.

مەشعان جبوری سیاسەتوانی عێراقی ناسراو و ئەندامی خولەکانی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەران لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دابەزینی نرخی نەوت و کۆرۆنا و کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق و وڵاتەکەمانی گەیاندۆتە دۆخێك کە کەس حەسودیان پێنابات. جبوری گوتیشی: حکوومەتی مستەفا کازمی گەیشتۆتە لێواری هەرەسهێنان لەڕووی ئابووری و دارایییەوە چونکە لەلایەك ناتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی بدات، لەلایەکی دیکەشەوە بەدەست کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاری و گرووپە چەکدارە لەیاسادەرچووەکانەوە دەناڵێنێت، کە سەرەڕای ئەوەی مووچە و چەکدارکردنیان لەلایەن حکوومەتی بەغداوە دەبێ، بەڵام لەڕێگر فەرمانی مستەفا کازمی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نین، کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە.

عێراق و وڵاتەکەمانی گەیاندۆتە دۆخێك کە کەس حەسودیان پێنابات. جبوری گوتیشی: حکوومەتی مستەفا کازمی گەیشتۆتە لێواری هەرەسهێنان لەڕووی ئابووری و دارایییەوە چونکە لەلایەك ناتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی بدات، لەلایەکی دیکەشەوە بەدەست کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاری و گرووپە چەکدارە لەیاسادەرچووەکانەوە دەناڵێنێت، کە سەرەڕای ئەوەی مووچە و چەکدارکردنیان لەلایەن حکوومەتی بەغداوە دەبێ، بەڵام لەڕێگر فەرمانی مستەفا کازمی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نین، کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە.

مەشعان جبوری لە درێژەی لێدوانەتایبەتەکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئەوەشی گوت: بەردەوامبوونی کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر ناوچەکانی مادەی 140ی دەستووری عێراق و کێشەی نەناردن و دواخستنی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان و پرچەککردنی پێشمەرگە و بەم دواییەش سووتاندنی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەغدا، ئەوەندەی تر بارودۆخی عێراق ئاڵۆز دەکات و لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناوبانگی عێراق خراپتر دەبێت، چونکە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین لەم 17 ساڵەی ڕابردوودا ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەك شانازییەك بۆ عێراق سەیر کراوە و هەمووان دەزانین کە جیاوازی ئەمنی و سەقامگیری و بونیادنانی ژێرخان لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری ژێردەسەڵاتی حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق چەند فراوانە، بۆیە پێشنیارم بۆ حکوومەتی عێراق ئەوەیە کە بە زووترین کات کێشە هەڵپەسێردراوەکانی لەگەڵ برایانی کورد چارەسەر بکات بۆ ئەوەی پێکەوە ڕووبەڕووی ئەم کێشە دارایی و سیاسی و تەندروستییە ببینەوە کە عێراقی تێکەوتووە.

لەسەدا 70ی ستاف و کارمەندی پێویست بۆ پرۆژەکە کارمەندانی حکوومەت دەبن
وەزیری کارەبای: کارەبا دەدەینە کەرتی تایبەت و نرخیش وەک خۆی دەمێنێتەوە
ئامانجی سەرەکی ئێمە لە پرۆژەکە پێدانی کارەبایەکی باشتر بە خەڵک بە تێچوویەکی کەمتر لەسەر حکوومەت



لەسەر داوای لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان، کەمال محەمەد بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر پرۆژەی پێدانی کارەبا بە کەرتی تایبەت ئامادەی دانیشتنێکی لیژنەکە بوو. کەمال محەمەد دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: لەسەر داخوازی لیژنەی وزە و سامانی سروشتی ئامادەی کۆبوونەوەیەك بووین لەگەڵیاندا بۆ پێدانی زانیاری لەسەر پرۆژەی پێدانی کەرتی کارەبا بە کەرتی تایبەت، هەرچەندە پرۆژەکە هێشتا لە قۆناغی ئامادەکردنی تەندرایە و هێشتا تەندەرەکەشی تەواو نەبووە.

وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان، کەمال محەمەد ڕاشیگەیاند: ئامانجی سەرەکی لە پرۆژەکە پێدانی کارەبایەکی باشتر بە تێچوویەکی کەمتر لەسەر حکوومەت بەهەمان نرخ بۆ هاوڵاتیان کە ئێستا هەیە، خەڵکی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە نرخی کارەبا هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، تەنها ڕێکخستنە و یەکێکە لەو چاکسازییانەی لە بواری کارەبادا دەکرێت.

کەمال محەمەد دەربارەی کاتی دەستپێکردنی پرۆژەکە گوتی: پێشبینی دەکەین تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ تەندەرەکە ئامادەبێت و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەسەدا 70ی ستاف و کارمەندی پێویستیش بۆ پرۆژەکە کارمەندانی حکوومەت دەبن. وەزیری کارەبا ڕاشیگەیاند: ئامانجمان ئەوەیە لەم پرۆژەیە کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا بەرەو باشتر بچێت، دەمانەوێت هاوڵاتی تەنها لە یەك لاوە پارەی کارەبا بدات نەك دوو جۆر و دوو جار پارە وەك ئەوەی ئێستا هەیە پارەی مۆلیدەی ئەهلیش دەدەن و کارەبای گشتیش.

کەمال محەمەد دەربارەی بڕی ئەمپێرەکانی کارەبا کە لەم پرۆژە نوێیەدا دەدرێت بە هاوڵاتییان وەزیری کارەبا گوتی: ئێمە دوو جۆر پێوەری کارەبامان هەیە کە دەدرێت بە هاوڵاتییان یەکەمیان سینگل فێس 80 ئەمپێرە و سریفێس 60 ئەمپێری، بەڵام ئەمەیان 60 کەرەتی سێ دەبێت. گوتیشی: ئێستا پێوەرێکی نوێ بۆ کارەبای هاوبەشەکان دادەنرێت کە پێوەری زیرەکە، بە تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە بتەواوی کێشەی زیاد نووسین و حسابکردنی بۆ بەکارهێنانی کارەبا چارەسەر دەبێت و ئەوکات هاوڵاتی چەند سەرف بکات ئەوەندە پارەی بۆ دەچێتەوە.

وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان، کەمال محەمەد دەربارەی چارەنووسی مۆلیدە ئەهلییەکانیش کە ئێستا لە شارەکاندا کارەکەن و کارەبای هاونیشتمانیان دابین دەکەن ڕایگەیاند: هەر وەختێك کارەبا باشبوو، 24 کاتژمێر کارەبا هەبوو مۆلیدەکان کاریان نامێنێت، چونکە ئەو کات بڕواناکەم کەس هەبێت پارەی مۆلیدە بدات کە کاری پێی نەبێت.

دواتریش جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، گولیزار ڕەشید لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ڕایگەیاند: ئامادەبوونی وەزیری کارەبا لە کۆبوونەوەی لیژنەکەماندا، ڕێگایەکی ئاسایی بوو وەك چۆن پێشتر پەرلەمان میواندارى وەزیرەکانی دیکەی کردووە، بەهەمان شێوە میواندارى وەزیری کارەباشمان کردووە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگ بوو ئەوەیە کە بزانین ڕوئیای حکوومەت بۆ داهاتووی کارەبا چییە لە کۆبوونەوەکەدا، باسی پرسی بەهاوبەشکردنی کارەبامان کرد و پرسی وێستگەکانی کارەبا و هەماهەنگی پەرلەمان لەگەڵ حکوومەت بۆ پرسی کارەبا، هەروەها باسی بەرهەمهێنانی کارەبامان کرد لە وەرزە جیاوازەکاندا و پرسیاری ئەوەمان کرد کە حکوومەت بۆ ئەم قۆناغە چۆن دەتوانێت سەعاتەکانی پێدانی کارەبا زیاد بکات بە تایبەت لە وەرزی زستاندا. گولیزار ڕەشید دەربارەی پرۆژەی بە تایبەتکردنی کەرتی کارەبا گوتی: ئێمە وەك پەرلەمان چاودێرێکی جددی دەبین لەسەر پرۆژەکە و جێبەجێکردنی و ئەو کۆمپانیایانەی پرۆژەکە وەردەگرن.

ئەندامێکی لیژنەی وزە:
حکوومەت دەیەوێت بە کەمترین نرخ زۆرترین کارەبا بداتە هاوواڵاتیان

ئەندامێکی لیژنەی وزە لە پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرای دەکا، کە دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ وەزیری کارەبا، بۆیان ڕوون بووەوە یەکێك لە ئامانجەکانی پێدانی کارەبا بە کەرتی تایبەت، ئەوەیە زۆرترین کارەبا بە کەمترین نرخ بە خەڵك بدرێ .

دوێنێ سێشەممە، پێشەوا هەورامانی، پەرلەمانتاری کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، کە دوای سەردانی دوێنێی کەمال محەممەد ساڵح، وەزیری کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان و میواندارێکردنیان لە لایەن لیژنەی وزە و کۆبوونەوەیان لەگەڵیدا، بۆیان ڕوون بووەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرسی ڕادەستکردنی کارەبا بە کەرتی تایبەتدا، دەیەوێ بە کەمترین نرخی بەرهەمهێنان و بە کەمترین تێچوو، زۆرترین کارەبا بە کەمترین نرخ بداتە خەڵك.

پێشەوا هەورامانی، ئاماژەی بەوەش کرد، کە بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر کەرتی تایبەت دەبێت و دابەشکردن لەسەر حکوومەت دەبێ، «بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان خەڵك نەقۆزنەوە».

لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا، ئاشکرای کرد، کە لە هەرێمی کوردستان 1199 مێگاوات کارەبا ون دەبێ، واتە ڕێژەی 44%، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە تا 8% ئاساییە، وەزارەتی کارەبا ئێستا ئەو ڕێژەیەی کەم کردووەتەوە و «دەیانەوێت بگاتە نزیکی ستانداردە جیهانییەکە».

ئەندامەکەی لیژنەی وزە ئاشکراشی کرد، کە بە هۆی بەهەدەردانی کارەبا، هەر کاتژمێرێك حکوومەت 60 ملیۆن دینار زیانی پێدەگات و مانگانە 43 ملیار دینار و ساڵانە 518 ملیار دینار بەهەدەر دە چی، بۆیە بە کەمکردنەوە ڕێژەی کارەبای لەدەستچوو، حکوومەت پارەیەکی زۆر دەگەڕێنێتەوە. بە پێی ڕوونکردنەوەکانی وەزیری کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشتر نرخی کارەبا بۆ هەر مێگاواتێك 63 دۆلار بە کۆمپانیاکان دراوە، بەڵام ئێستا بە 45 دۆلار دەدرێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی ڕووقیا-گۆپاڵ (هەولێر-دهۆک) دەکاتەوە

مەسرور بارزانی: جێگەی دڵخۆشییە ئەم پرۆژانە بە توانا و کرێکار و ئەندازیار و کەرەستەی کوردستانی جێبەجێ دەکرێن

حکوومەت هەرچییەکی پێ بکرێت بۆ دابینکردنی مووچەی هاووڵاتیان کەمتەرخەمی ناکات و نەیکردووە بەڵام خزمەتکردنی هاووڵاتیان تەنیا دابەشکردنی مووچە نییە



دوێنێ سێشەممە 2020/10/20 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، ڕێگەی جووتسایدی ڕووقیا-گۆپاڵ (هەولێر- دهۆک)ی کردەوە. ئەم ڕێگەیە یەکێکە لە پرۆژە ستراتیجییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری ڕێگەوبان و ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هاتووچۆی نێوان هەولێر و دهۆک دەکات. درێژی ڕێگاکە 22 کیلۆمەتری جووتسایدە (سێ هێلی هاتن و سێ هێڵی چوون) لە گەڵ شەش ئۆقەڕپاس و پردێک و سێ کیلۆمەتری هاتووچۆی خێرا (ئۆتۆبان).

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەدا گوتارێکی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند، ئەوەی زیاتر لە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەدا خۆشحاڵم دەکات، ئەوەیە هەموویان لەلایەن کۆمپانیاکانی ناوخۆیی و بە کوالێتی بەرز و ستانداری جیهانیی جێبەجێ دەکرێن. سەرۆکی حکوومەت ئاماژەشی بەوەدا کە ئەم پرۆژەیە لە کابینەی پێشووەوە بەردی بناغەی بۆ دانرا، بەڵام تەواو نەکرا. بۆیە لەم کابینەیەدا بڕیارماندا ئەم پرۆژە گرنگ و ستراتیجییە تەواو بکەین و خۆشبەختانە بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا تەواو کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها گوتی: وەک دیارە پرۆژەکە لەسەر ئاستێکی زۆر باشی جیهانی دروستکراوە، ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر من دڵخۆش دەکات، چەندین پرۆژە لە کوردستان جێبەجێدەکرێن، هەموویان کۆمپانیای کوردستانین، لە دهۆك و هەولێر و ڕاپەڕین و سلێمانی، ئەو کۆمپانیایانەی ئەم پرۆژە ستراتیژییانە جێبەجێ دەکەن، هەموویان کوردستانین، ئەمەش جێگەی دڵخۆشییەکی مەزنە، چونکە بە توانای کوردستانی و ئەندازیاریی کوردستانی و کەرەستەی ئەو دەڤەرە جێبەجێ دەکرێن.

ئەمەش مایەی دڵخۆشی ئێمەیە، چونکە هەڵی کار بۆ گەنج و هاووڵاتیانی ئێمە زیاتر دەڕەخسێنن.

مەسرور بارزانی ئاماژەشی بەوەدا: ئەم پرۆژە ستراتیژییانە زۆر پێویستن بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان، بەتایبەتی دروستکردنی ڕێگەوبان و پرد، وەکو بنەمایەکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری کوردستان، کە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

سەرۆکی حکوومەت گوتی: ئەم ڕێگەیە تەنیا هاریکاری هاووڵاتیان ناکات بۆ هاتووچۆ، بەڵکو ئاسانکارییش بۆ جوواڵەی بازرگانی و بەیەکەوەبەستنەوەی پارێزگاکانی کوردستان دەکات، ئەمڕۆ لەنێوان دهۆك و هەولێر و سبەینێش لەنێوان هەولێر و پارێزگاکانی دیکەدا. چەندین پرۆژەی دیکەش هەن بۆ دروستکردنی ڕێگەی نێوان شارەکان و ئیدارەی دیکەی کوردستان. هیوادارین ئەوانیش لە کاتێکی زوودا تەواو بکرێن و خەڵك سوودیان لێوەربگرێت. ڕاستە ئەو ڕێگەیە ئاسانکاری بۆ هاتووچۆ دەکات، بەڵام داواکارم بە باشترین شێوە سوودی لێوەربگرین. بەداخەوە هەموو ساڵێك دەبینین سەدان کەس بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆ دەبنە قوربانی و بریندار دەبن و گیان لەدەست دەدەن، هیوادارم ڕێنماییەکانی هاتووچۆ لەبەرچاو بگرن و بە باشترین شێوە سوود لەو ڕێگایانە وەربگرن، وا نەکەن خوا نەکا بۆ ئەوەی زووتر بگەنە شوێنی خۆتان، خێرا لێ بخورن و تووشی رووداوێکی ناخۆش وکارەسات بن.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەشی خستەڕوو: سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشی و قەیرانەی حکوومەتی هەرێم تووشی بووە، بەڵێنی ئەوەماندا بەردەوام بین لە پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری، هەندێکجار پرسیاری مووچە زۆر دێتە پێش و خەڵکێك هەیە دەپرسن حکوومەت چۆن دەبێت پرۆژەی خزمەتگوزاری بکات، بەڵام مووچە لەکاتی خۆی دابەش ناکات؟ حەز دەکەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە؛ حکوومەت هەرچییەکی پێ بکرێت بۆ دابینکردنی مووچەی هاووڵاتیان، کەمتەرخەمی ناکات و نەیکردووە. داهاتی هەرێم بە شێوەیەکی گشتی کەمبووەتەوە، پێشتریش چەندین جار ئاماژەم پێکردووە، کە پەتای کۆرۆنا، دارمانی ئابووری جیهانی، کاریگەرییەکی زۆر نەرێنییان خستووەتە سەر ئابووری هەرێمی کوردستان. حکوومەتی هەرێم ئێستا خەرجییەکانی خۆی بۆ کەمترین ئاست کەمکردووەتەوە، لە هەمانکاتدا هەوڵیدا، داهاتی ناوخۆ زیاتر بکات، نابێت ئەوەش لەبیر بکەین هاووڵاتییانی ئێمە چاوەڕێی ئەوەن، حکوومەت پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ جێبەجێ بکات، خزمەتکردن بەس دابەشکردنی مووچە نییە، خەڵك داوای ئاو، کارەبا، نەخۆشخانە و قوتابخانە دەکات، خزمەتکردنی هاووڵاتییان هەموو کەرتەکان دەگرێتەوە. جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەش دیسان بۆ خزمەتی هەموو هاووڵاتییانە، هەموو هاووڵاتییانی کوردستانیش مووچەخۆر نین، ئەوانی دیکەش هەن و مافی خۆیانە لە پرۆژەکانی حکوومەت سوودمەند بن، دروستکردنی ئەو پرۆژانە، بۆ خزمەتکردنی هەموو هاووڵاتییانی کوردستانە بێ جیاوازی و دەرفەتی کار دروست دەکات، پێویستیشە ئێمە بزانین کە ئەو پارەیەی بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان دەکرێت، ئەرکی گرانی زیاتر دەکەوێتە سەر کەرتی تایبەت و کۆمپانیای جێبەجێ کار. من سوپاسی هەموو ئەو کۆمپانیایانە دەکەم کە بەرپرسیارێتیان هەڵگرتووە و لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان ئامادەن پرۆژەی ستراتیژی لەسەر ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن. ڕاستە پارەی پێویست بۆ ئەو پرۆژانە تەرخانکراوە، بەڵام خەرجکردنی بۆ کۆمپانیاکان، کاتێکی دوورودرێژی پێویستە، سوپاسی ئەوان دەکەم کە تەحەمولیان هەبووە و بیریان لەوە کردووەتە زیاتر خزمەتی خەڵکی خۆیان بکەن، جارێکی دیکە سوپاسیان دەکەم.

سەرۆکی حکوومەت هەروەها داوای لە هاووڵاتییان کرد کە "خۆیان بپارێزن، چونکە لە ڕۆژانی ڕابردووەدا ڕێژەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر زیاتر بووە و تەنیا ڕێگەش ئەوەیە، خەڵك خۆی خۆی بپارێزێت، خۆپاراستن تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی هەم کەسوکاری خۆمان بپارێزین، هەمیش بۆ ئەوەی ڕەوشەکە بەرەو باروودۆخێکی ئاسایی بگەڕێتەوە، تەنانەت لە بواری ئابووریش دەستکەوتی زیاتر بەدەستبهێنرێت.



لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی پرسی کۆچی لاوان تاوتوێ دەکات

بەمەبەستی تاووتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی پەیوەست بەکاری لیژنەکە، پێش نیوەڕۆی دوێنێ 2020/10/20، لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی د.ڕێوار بابکەیی سەرۆکی لیژنەو ئاماەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بریاردەر و ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە.

لەڕاگەیاندراوێکدا لیژنەکە بڵاویکردەوە کە لەسەرەتای کۆبوونەوەکە کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشووی لیژنەکە خوێندرایەوە، پاشان سەرۆکی لیژنە ئەو ڕەشنووسەی خوێندەوە کە لەکۆبوونەوەی پێشووی لیژنەکە ڕاسپێردرابوون ئامادەی بکەن سەبارەت بەپرسی کۆچی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات. دواتر لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەوە گفتوگۆیەکی چروپڕی لەسەر کرا.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا بڕیاردرا یاداشتێک لەسەر پرسی کۆچی لاوان بەواژۆی ئەندامانی لیژنەکە پێشکەش بەسەرۆکایەتیی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی پەرلەمانیش لەسەر ئەو پرسە کۆببێتەوە.



لیژنەی پێشمەرگە جەخت لەسەر گرنگیدانی زیاتر بەیاسای چاکسازی دەکاتەوە

بەمەبەستی تاوتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی پەیوەست بەکاری لیژنەکە، پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی ڕێقینگ هەرۆری سەرۆکی لیژنەو ئاماەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەر و ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە هەموو ئەو نووسراو و داواکارییانەی ئاراستەی لیژنەکە کرابوون خوێندنەوەیان بۆ کراو دوای گفتوگۆکردنیان لەلایەن لیژنەکەوە ئەوانەی پێویستییان بەوەڵامدانەوە هەبوو وەڵامدرانەوە ئەوانەی تریش ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کران بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

دواتر ئەنجامی سەردانەکانی لیژنەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی و بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینی بۆ ئەندامانی لیژنەکە خرایەڕوو، هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر زیاتر گرنگیدان بەیاسای چاکسازی و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، پەیوەست بەهەم پرسە هەرێمی لەئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە ڕای خۆیان خستەڕوو.



کەرکووک.. دەیان دوکانی هاووڵاتیانی کورد ڕووخێندران

لە شاری کەرکووک و بە بڕیاری پارێزگاری سەپێندراوی شارەکە دەیان دوکانی هاووڵاتیانی کورد لە گەڕەکی ئیمام قاسم ڕووخێندران خاوەن دوکانە ڕووخێندراوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە بەو کردەویە بژیوی دەیان خێزان بڕدراوە. یەکێک لەو کەسانەی کە دوکانەکەی ڕووخێندراوە، بە خەباتی ڕاگەیاند: لە دووشەممەوە لەلایەن قایمقامیەتی ناوەندیی کەرکووکەوە دەست کراوە بە ڕووخاندنی دوکانەکانی ئێمە کە دەیان دوکان دەبێت لە گەڕەکی ئیمام قاسم کە زۆرینەمان پیشەوەرین و ئەو کارەش لەبەر ئەوە دەکەن چونکە دەزانن ئێمە کوردین، بژیە دوکانەکانمان دەڕووخێنن.

گوتیشی: تەنانەت نەیانهێشت شتومەک و کەرەستەکانی ناو دوکانەکەش دەربهێنین و بە شۆفەڵ ڕووخاندیانن کە ئەوان بیانوویان ئەوەیە زەویی دوکانەکان هی حکوومەتە، بەڵام چەندین ساڵە ئێمە لەناو ئەو دوکانانەین هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست نەکراوە، ئێستاش بەڵێندەرێک دەیەوێت بیکاتە مۆڵ، بژیە ئەوانیش دەستیان بە ڕووخاندن کردووە و بژیوی دەیان خێزانیان بڕیوە.

خۆنیشاندانی گوندنشینانی سنووری شارەبان بە هۆی دابیننەکردنی خزمەتگوزاری لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە

بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانەوە لەلایەن حکوومەتی عێراق، دەیان گەنجی گوندەکانی سنووری شارەبان ڕێگەی خانەقین - دیالەیان داخست.

عەدنان محەممەد، سەرۆکی ئەنجوومەنی هەڵوەشاوەی شارەوانیی شارەبان، بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ سێشەممە، گەنجان و گوندنشینانی سنووری شارەبان بە هۆکاری نەبوونی کارەبا وکەمی خزمەتگوزارییەکانی وەک خراپی ڕێگاوبانەکان، ڕێگەی خانەقین بۆ قەزای باقووبەی ناوەندی پارێزگای دیالەیان داخست.

ئاماژەی بەوەش کرد، کە لە ئێستادا داواکاریی هاووڵاتیان گەیەنراوەتە پارێزگاری دیالە، بە ئامانجی چارەسەری کێشەکە.

ئەرکان حەمید، نوێنەری خۆپیشاندەران لەیاداشتێکدا ئەوەی خستبووە ڕوو، کە خۆپیشاندانەکەیان دژی دابیننەکردنی خزمەتگوزارییە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیالە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە.



هەرێمی کوردستان.. 1010 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون

ژمارەی گیانلەدەستدان بە پەتاکە گەیشتە دوو هەزار و 211 کەس

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی تایبەت بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، هەزار و 10 تووشبووی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوە کە زۆرترین ژمارە لە دهۆک بووە بە 445 تووشبوو، 305 لە هەولێر، 164 لە سلێمانی، 28 لە گەرمیان، 40 لە ڕاپەڕین و لە پارێزگای هەڵەبجەیش 28 تووشبوو.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 353 کەس لە کۆرۆنا چاکبوونەتەوە کە زۆرترین ژمارەیان لە دهۆک بووە بە 166 کەس، 119 کەس لە هەولێر، 17 کەس لە سلێمانی، 33 کەس لە گەرمیان و لە هەڵەبجەیش 18 کەس. هەروەها لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 24 کەس بەهۆی قایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە کە زۆرترین ژمارەیان لە سلێمانی بووە بە 10 کەس، پێنج کەس لە دهۆک، شەش کەس لە هەولێر و سێ کەسیش لە هەڵەبجە. تا ئێستا، 63 هەزار و 745 حاڵەتی تووشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە و لەو ژمارەیەش 38 هەزار و 186 کەسیان چاکبوونەتەوە و 23 هەزار و 348 کەسیش ماون و لەژێر وەرگرتنی چارەسەردان، هەروەها دوو هەزار و 211 کەس بەهۆی قایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان و یۆنامی یاداشتنامەیەکیان واژوو کرد

سەرۆکی نووسینگەی یونامی: ئێمە متمانەمان بە دامەزراوە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی هەیە

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کارمەندانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای تووشبوانیان بە قایرۆسی کۆرۆنا، وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق، یاداشتنامەیەکیان واژوو کرد. بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر، دلۆڤان محەمەد جەلال فاتیح گوتی: دوای ئەوەی ئەم قایرۆسە و پەتایە سەرانسەری جیهانی گرتووەتەوە و هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان تووشی قایرۆسی کۆرۆنا دەبن و ئەوانەی نیشانەکانیان تونە پێویستە سەردانی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە قایرۆسی کۆرۆنا بکەن.

دلۆڤان محەمەد جەلال فاتیح گوتیشی: ئەم یاداشتنامەیە تایبەتە بە دابینکردنی چارەسەری پێویست بۆ کارمەندانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کە دوای ئەوەی پشکنینیان بۆ دەکرێت و دواتر لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کۆرۆنا چارەسەر وەردەگرن بەتایبەت نەخۆشخانەی ئیماراتی و ئەوانەیشی کە پێویستیان بە چاودێری چڕ هەبێت ئەوا دەیانگوازینەوە بۆ شوێنی تایبەت و ئەوانەی نیشانەکانیان سووکە، لە ماڵەوە بە چاودێری پزیشکی خۆیان دەمێننەوە.

ئێران. گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا 31 هەزار کەسی تێپەڕاند



لە ئێران لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 322 کەس بەهۆی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، بەمەیش ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا لەو وڵاتە بەهۆی ئەو پەتا جیهانگیرەوە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ 31 هەزار و 34 کەس. دوێنێ سێشەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ڕایگەیاند کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 322 کەس بەهۆی قایرۆسی کۆرۆنای نوێوە گیانیان لەدەستداوە، هەروەها پێنج هەزار و 39 حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمار کراون.

لاری باسی لەوە کرد کە تا ئێستا 31 هەزار و 34 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و، ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە، 539 هەزار و 670 کەس. لاری ئەوەشی خستەڕوو کە ڕەوشی تەندروستی چوار هەزار و 810 کەس ناجێگیرە و، تا ئێستا 434 هەزار و ٦٧٦ تووشبووش چاکبوونەتەوە و، چوار ملیۆن و 570 هەزار و 234 پشکنین لە سەرانسەری وڵاتەکەی ئەنجامدراوە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران لاری، باسی لەوەیش کرد کە لە کۆی 31 پارێزگای ئێران 30 پارێزگایان لەنێو بازنەی مەترسیدار و سوورەکاندان، لەبەرئەوە پێویستە بە دڕێژایی سێ هەفتە ڕێوشوێنی تەند بگیرێنە بەر بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕەوشەکە. یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا لە ئێران لە 19ی شوباتی ڕابردوو لە شاری قوم تۆمار کرا.

عێراق.. سێ هەزار و 920 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی سەبارەت بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ بڵاوکردەوە. دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە ڕایگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، سێ هەزار و 920 کەس تووشی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و 49 کەسیش بەهۆی قایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، دوو هەزار و 602 کەس لە قایرۆسەکە، چاکبوونەتەوە. ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق ئاماژەی بەوەیشداوە کە کۆی گشتیی تووشبووان بە قایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە، گەیشتووەتە 434 هەزار و 598 کەس و لەو ژمارەیەش 10 هەزار و 366 کەس گیانیان لەدەستداوە و 366 هەزار و 134ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.



ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی:

چەند مانگی ئایندە سەخت دەبن

بەڕێوبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، دکتۆر تێدرۆس ئادهانۆم گێبرێسیوس لە شاری جنێڤی سویسرا لەڕێی ڤیدیۆکۆنفرانسەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخست و ڕایگەیاند: خۆشحاڵم بەوەی لەمڕۆدا ١٨٤ وڵاتی جیهان بەشداریی پڕۆگرامی COVAX ی تایبەت بە بەکارهێنانی جیهانی ڤاکسینی کۆرۆنا دەکەن. تێدرۆس ئادهانۆم گێبرێسیوس ئاشکراشیکرد کۆرۆنا لە ئاستێکی مەترسیدارایە و بەتایبەت لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکای باکوور کە لە ئێستادا چوونەتە وەرزی زستانەوە حاڵەتەکانی توشبوون بە کۆرۆنا بەخێرایی لە هەڵکشاندان، هەر بۆیە چەند مانگی ئایندە قۆناغێکی سەخت دەبێت. گێبرێسیوس دەستخۆشی لە حکوومەتی ئەو وڵاتانەش کرد کە کۆمەڵێک ڕێوشوێنیان بۆ کەمکردنەوەی توشبوون بە کۆرۆنا گرتووەتەبەر.

ئیرلەندا بەهۆی کۆرۆناوە قەدەغەی هاتوچۆی تەواوەتی ڕادەگەیەنێت

حکوومەتی ئیرلەندا قەدەغەی هاتوچۆی تەواوەتی لە سەرانسەری وڵاتەکەی، ڕادەگەیەنێت. مایکڵ مارتن، سەرۆک وەزیرانی ئیرلەندا ڕایگەیاندووە، قەدەغەی هاتوچۆی تەواوەتی و مانەوە لە ماڵەوە لە کاتژمێر 12ـی شەوی چوارشەممە 2020-10-21 بۆ ماوەی شەش هەفتە، دەچێتە واری جێبەجێکردن.

لە وتەیەکدا، کە لەڕێی تەلەڤزیۆنەوە پێشکەشی گەلەکەی کرد، مایکڵ مارتن داوای لە هاووڵاتیان کرد لە ماڵەوە بمێننەوە و هەر کەسێک لە پێنج کیلۆمەتر زیاتر لە ماڵەوە دوور بکەوێتەوە، ئەوا سزا دەدرێت.

سەرۆک وەزیرانی ئیرلەندا هەروەها ڕایگەیاند، کە سەرەڕای قەدەغەی هاتوچۆ، دەرگای قوتابخانەکان بە کراوەیی دەمێننەوە، چونکە نایانەوێ "ئایندەی منداڵ و گەنجان ببێتە قوربانیی کۆرۆنا". تا ئێستا 50 هەزار و 993 کەس لە ئیرلەندا تووشی پەتای کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەشدا، یەک هەزار و 852 کەس گیانیان لەدەست داوە.

شێرزاد ڕۆژبەیانی:

مارک رووتە یەکێک لە باشترین سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا دەرکەوت


Mark Rutte — Wim Kok — Ruud Lubbers

هۆڵەندا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە تێکشاندنی داعش وهاوکاریکردنی پێشمەرگە

ساسان دەروێش – هۆڵەندا

ڕاپرسییەکانی هۆڵەندا لە نێو چین و تۆێژەکانی خەڵکدا، پرسیاریان ئەوە بوو کە بۆ باشترین حوکمڕانی وڵات و لەبەرچاو گرتنی خزمەتەکانی سەرۆکوەزیرەکان لە مێژووی وڵاتەکەیاندا، کێ بەشایستە دەزانن لەو مێژووە درێژەی سەرۆکوەزیرەکان، دەنگیان بەسیانیان دا کە باشترینیان بوون بۆ سەردەمەکانی خۆیان و یەکەمیان لەو سیانە مارک ڕووتەیە کە ئێستا سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندایە، بۆ گەلی کورد و دۆستایەتی هۆڵەندا لەماوەی کارکردنی ١٠ ساڵ خزمەتکردنی، هۆڵەندا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و هاوکاریکردنی پێشمەرگە بۆ سەرکەوتن بەسەر خەونی نەزۆکی دەوڵەتەکەیان لە ٢٠١٦، مارک ڕووتە لە ١٤ی شوباتی ١٩٦٧ لە شاری لاهای لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٩٢ ماستەری لە مێژوو لەزانکۆی لایدن بەدەستهێناوە و لەساڵی ٢٠٠٣ بۆتە ئەندامی پەرلەمان و ٢٠٠٦ بۆتە سەرۆکی پارتی گەل بۆ دیموکراسی و ئازادی و لە ٢٠١٠ بۆتە سەرۆک وەزیران و لە سێ کابینەشدا خزمەتی هەیە. بۆ زیاتر



زانیاری لەسەر ئەم پرسە، شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی بەڕپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لە هۆڵەندا بۆ خەبات دوا.

شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی لە ڕوانگەی خۆی و کارەکانی مارک ڕووتە بۆ هەڵبژاردنی بە باشترین سەرۆکوەزیران لەو ڕاپرسییە گوتی: ڕاستە هۆڵەندا بە ئەزموونێکی حوکمڕانی کۆن و پڕلە ئەزموون تێپەڕیوە لە قۆناغەکانی مێژوویی وڵاتەکەیاندا، کە هۆڵەندایان کردۆتە ئەو وڵاتەی کە سەنگ و پێگەی خۆیی هەبێت لە گۆڕانکارییەکانی دنیادا، ئەمەش بە باشترکردنی ژیانی خەڵک و هاوکاری خەڵک بۆ حوکمڕانی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری، لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا دنیا زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهات بەتایبەتی قەیرانی ئابووری و هەڕەشەی تیرۆر کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر وڵاتان و ڕەنگدانەوەشیان لەنێو خەڵک هەبووە، دیارە لەم ڕوانگەیەشەوە خەڵکی هۆڵەندا مارک ڕووتە بە کەسایەتیەکی باش و لێهاتوو دەزانن لە بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکان، بۆیە لەو ڕاپرسییەدا دەنگیان پێداوە.

هەروەها شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی تیشکی خستە سەر ڕۆڵی گرنگی مارک ڕووتە بۆ دۆزی کورد و هاوکاریکردنی کوردستان لە جەنگی تیرۆریستان و گوتی: بەڕاستی ناکرێ ڕۆڵی هۆڵەندا و ئەم کەسایەتییە لەبیربکرێ لە هاوکاریکردنی کوردستان و پێشمەرگە بۆ سەرکەوتن بەسەر تیرۆریستان، هەر لەپتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردستان و سەردانیکردنیان بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی مارک ڕووتە و لەنزیکەوە بینینی سەرۆک بارزانی و هەروەها پێشوازیکردن لە نێچیرڤان بارزانی لە شاری لاهای هۆڵەندا و هەبوونی نوێنەرایەتی وڵاتەکەیان لە هەرێمی کوردستان جێگای سوپاس و پێزانینانە و هەمیشە بەڕێزەوە دەڕوانینە ئەو پەیوەندییە تووندوتۆڵەی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان، ئێمە لای خۆمانەوە نامەیەکی پیرۆزبایی و پەیامێکمان ئاراستە کرد بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی کوردستان و هۆڵەندا و ڕۆڵی جوامێرانەیان لەو بوارەدا و هیوای ئەوەشمان بۆ خواست کە لە شەش مانگی داهاتووی ساڵی نوێدا کە هەڵبژاردن دەکرێ بەزۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرێتەوە کە خزمەتی دەبێت بە ١٤ ساڵ کە بۆ ئێمەی کورد و خەڵکی خۆشیان باشە کە لەم ڕاپرسیەدا دەنگیان پێداوە.

فراکسیۆنی سائیرون:

یاسای هەڵبژاردنەکان گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی



فراکسیۆنی سائیرون لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ژمارەیەک پرسی هەن کە دەبێت یەکلایی بکرێنەوە بۆ ئەوەی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو، بڕخسێندرێت. لەمبارەیەوە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی سائیرون، غایب عیمیەری لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاندووە، ئەنجوومەنی نوێنەران هەوڵدەدات یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان دەربکات کە دادپەروەرانە و جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بێت و گوتی: یاسای هەڵبژاردنەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی. ئەو گوتیشی: ژمارەیەک پرس هەن کە دەبێت یەکلایی بکرێنەوە بۆئەوەی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو بڕخسێندرێت و زۆرترین دەنگدەر بتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بکەن لەوانە؛ پرسی کۆنترۆڵکرنی هەڵگرتنی چەک لە دەرەوەی یاسا و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران.

غایب عیمیەری جەختی لەسەر ئەوەیش کردەوە کە گرنگە پارەی سیاسی بەکارهێنراو لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا کۆنترۆڵ بکرێت و ئاماژەی بەوەیشداوە کە کۆمیسیۆنی نوێی بااڵی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەپێگەی تیروپشکەوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی دوور بێت لە دەستوەردانی پارت و فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران. پێشتر لیژنەی یاسای لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاندبوو کە نەرمی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا هەیە بۆ ئەوەی لەبارەی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لە هەر پارێزگایەک بگەن بە ڕێککەوتن.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا

زۆرینەی ڕاپرسییەکان پێشبینی دەکەن کە جۆ بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2016 وای کرد سەرجەم چاودێران بەوریاییەکی زیاترەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامە پێشبینیکراوەکانی هەڵبژاردنەکانی 2020 بکەن

تەنها دوو هەفتە ماوە بۆ هەڵبژاردنەکانی سێی تشرینی دووەم لە ئەمەریکا و زۆرینەی ڕاپرسییەکانیش باس لە سەرکەوتنی کاندیدی پارتی دیموکرات، جۆ بایدن دەکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦دا، ڕاپرسییەکان پێشبینی سەرکەوتنی هیلاری کلینتۆنیان دەکرد، بەاڵم دۆناڵد ترەمپ هەڵبژاردنەکانی بردەوە.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦ وای کرد سەرجەم چاودێران بەوریاییەکی زیاترەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامە پێشبینیکراوەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ بکەن، لەئێستاشدا وا پێشبینی دەکرێت کە جۆ بایدن بێتە براوە و ماڵپەڕی پێشبینی ئامارەکانیش لەسەدا 90 پێشبینی سەرکەوتنی ناوبراو دەکەن، بەاڵم لە کۆتاییدا چەند ویلایەتێک کە لەنێوان پارتی کۆماری و پارتی دیموکرات دێن و دەچن، ئەنجامەکان یەکلایی دەکەنەوە.

لە ڕاپرسییەکانی ئەو ویلایەتانەدا تا ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە کام کاندیدە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت. ویلایەتەکانیش بریتین لە؛ فلۆریدا، پێنسلڤانیا، میشیگان، مینێسۆتا، ویسکۆنسین، ئەریزۆنا و نێڤادا کە لە ڕاپرسییەکانیاندا ئەگەری سەرکەوتنی هەردوو کاندید هەیە، بەاڵم دواییەن ڕاپرسییەکانی ئەم ویلایەتانەش سەرکەوتنی جۆ بایدن نیشان دەدەن، بەاڵم هێشتا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ نییە. ئەوەی جێگای تێڕامانە ڕاپرسییەکانی ٢٠١٦ ش هەربە هەمان ئاست سەرکەوتنی هیلاری کلینتۆنیان نیشان دەدا. هەر بۆیە هەرچەندە ڕاپرسییەکانی ئەمساڵ سەرکەوتنی جۆ بایدن نیشان دەدەن، بەاڵم تا کاتی هەژمارکردنی دەنگەکان هیچ کەسێک ناتوانێت بە دیاریکراوی بزانێت کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا.

ئەم ڕێپۆرتاجە بووە هۆی مشتومڕی زۆر لە تورکیا. جۆ بایدن باسی لەوە کردبوو کە زۆر نیگەرانە لە کارکردن لەگەڵ سەرکردایەتی تورکیا لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١ەوە. جۆ بایدن لە چەند مانگی ڕابردووشدا، ژمارەیەک هەڵوێستی دوژمنکارانەی بەرامبەر تورکیا نیشاندا و ڕاستەوخۆ خودی سەرکۆمار ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی کردە ئامانج.

ئەنتۆنی بلینکن و جاک سولیڤان

ئەنتۆنی بلینکن و جاک سولیڤان بە گشتیی بە کەسایەتییە دیارەکانی تیمی سیاسەتی دەرەوەی جۆ بایدن ئەژمار دەکرێن. ئەنتۆنی بلینکن یەکێکە لەو کەسایەتییانەی بە لای تورکیاوە ناسراوە و یەکێکە لەو بەرپرسانەی حکوومەتەکەی باراک ئۆباما کە دوای کودەتا شکستخواردووەکەی تەموزی 2016 ڕەوانەی تورکیا کرا. ئەنتۆنی بلینکن لە سەرەتای ٢٠١٧دا، سەروتارێکی درێژی بۆ نیویۆرک تایمز نووسی کە داوای کرد ئەمەریکا بەردەوام بێت لەسەر پرچەککردن و مەشقپێکردن بە شەرڤانانی هەسەدە. جاک سولیڤانیش هاوشێوەی ئەنتۆنی بلینکن لە حکوومەتەکەی باراک ئۆبامادا، ئەرکدارێکی باڵای سیاسی بوو. جاک سولیڤان لە سەرەتای ٢٠١٩دا، وتارێکی وردی بۆ گۆڤاری The Atlantic نووسی کە تیایدا دیدی خۆی لەبارەی سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا خستەڕوو. جاک سولیڤان بەو وتارەی دەریخست کە لە نزیکەوە پەیوەندی هەیە بەو کەس و دامەزراوانەی داڕێژەر و جێبەجێکاری سیاسەتەکانی دەرەوەی بە تورکیان. جاک سولیڤان ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی جێگری سەرۆک، جۆ بایدن بووە، هەروەها ڕێکخەری پلاندانانی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بووە و یارییدەدەری سکرتێری تایبەتی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمەریکا، هیلاری کلینتۆن بووە. جاک سولیڤان لە نووسینەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئەمەریکا بۆ تێپەڕاندنی ناستەنگە نێودەوڵەتیی و ناوخۆییەکان و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕبەرایەتی جیهان بگرێتەوە دەست پێویستە تێگەیشتنی «ئەمەریکای بێ هاوتا» زیندوو بکاتەوە و سەرلەنوێ گەاڵڵەی بکاتەوە.

خۆپیشاندان و پێکداهەڵپژانەکان ژمارەیەک کارەساتی سروشتیش ئەمەریکای گرتەوە، هەموو ئەمانەش گەلی ئەو وڵاتەیان ناڕەزا و بێزار کردووە.

جۆ بایدن نیگەرانە لە کارکردن لەگەڵ سەرکردایەتی تورکیا

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەگەری سەرکەوتنی جۆ بایدن زیاتر دەبێت. پێشتریش جۆ بایدن لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٩دا، ڕێپۆرتاجێکی لەگەڵ تیمی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ئەنجامدا و

ئایا دەستاوەدستکردنی دەسەاڵت لە ئەمەریکا ڕوودەدات؟

یەکێکی دیکە لە مشتومڕەکان لەسەر شێوازی دەنگدانەکەیە، بەهۆی باڵوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی بەربااڵو لە ئەمەریکا چاوەڕوانییەکی زۆر هەیە دەنگدانەکە لەڕێی پۆستەوە ئەنجام بدرێت. هەرچەندە ئەم شێوازەی دەنگدان لە مێژوودا نەبووەتە هۆی ئەنجامدانی پێشێلکاری جددی لە هەڵبژاردنەکاندا، بەاڵم دۆناڵد ترەمپ و پارتی کۆماری، بە پاساوی ئەگەری ئەنجامدانی ساختەکاری، ئەم شێوازەی دەنگدان ڕەتدەکەنەوە. هەروەها باس لەوەش دەکرێت کە دەنگدان لەڕێی پۆستەوە وادەکات پڕۆسەی هەژمارکردنی دەنگەکان تا چەند ڕۆژێک دوای هەڵبژاردنەکان درێژە بکێشێت.

لە سااڵنی ڕابردوودا، داوای دوورخستنەوەی دۆناڵد ترەمپ لە پۆستی سەرۆکی ئەمەریکا بەهۆی باڵوبوونەوەی کۆرۆنا وەستا، بەدواشیدا خۆپیشاندانەکانی دژبە نەژادپەرستی و تووندوتیژی پۆلیس کاریگەری گەورەیان لەسەر سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریکا دروست کرد. لەگەڵ بەردەوامی



ئەمەریکا..

بۆ دیبەیتە ڕاستەوخۆکەی ترەمپ و بایدن چەند بنەمایەکی نوێ داندران

بڕیارە ڕۆژی 22ی ئەم مانگە کاندیدی پارتی کۆماری، دۆناڵد ترەمپ و کاندیدی پارتی دیموکرات، جۆ بایدن دیبەیتێکی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدەن. دوای دیبەیتەکەی نێوان هەردوو ڕکابەرەکە لە 29ی ئەیلوولدا، بەهۆی ئەوەی چەند جارێک قسەیان بەیەکتر بڕی، چەند بنەمایەکی نوێ بۆ دیبەیتەکەی ئەمجارە ڕاگەیەندرا.

بەپێی بنەماکان ماوەی 90 خولەکی دیبەیتەکە بۆ قسەکردن لەسەر شەش بابەت تەرخان دەکرێت و بۆ هەر بابەتێک 15 خولەک تەرخان دەکرێت. هەر کاتێکیش یەکێک لە کاندیدەکان قسە بکات، مایکڕۆفۆنی کاندیدەکەی دیکە دەکوژێندرێتەوە.

بڕیاربوو ئەم دیبەیتە لە 15ی تشرینی یەکەمدا ئەنجام بدرێت، بەاڵم بەهۆی نەخۆشکەوتنی ترەمپ بۆ 22ی مانگ دواخرا. جێی وەبیرهێنانەوەیە یەکەم دیبەیتی تەلەڤیزیۆنی لەنێوان کاندیدانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، ساڵی 1960 لەنێوان ڕیچارد نیکسۆن و جۆن کێنەدی ئەنجامدرا.

تۆمەتبارکردنی شەش بەرپرسی دەزگای هەواڵگری سەربازیی ڕووسیا لەلایەن ئەمەریکاوە

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاند کە بەهۆی ئەنجامدانی هێرشی ئەلیکترۆنی بۆسەر ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە، سکاڵایان لەسەر شەش بەرپرسی سەربازیی دەزگای هەواڵگری سەربازیی ڕووسیا تۆمار کردووە. مایک پۆمپیۆ باسی لە ڕوونکردنەوەکانی وەزارەتی دادی ئەمەریکا و نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI) کرد و وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ڕووسیا ڕاگەیەندراوێکی باڵوکردەوە.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەزگای هەواڵگری سەربازیی ڕووسیا چالاکی تێکدەرانە و ناسەقامگیری ئەنجامداوە و ڕایگەیاند: ئەو یەکە هەواڵگرییە سەربازییەی ڕووسیا سۆفتوێرەکانی بۆ ڕووخێنەرتریەن و خراپترین ئامانجەکانی لە جیهان بەکاردەهێنێت.

مایک پۆمپیۆ باسی لەوە کرد کە ئەو هێرشە ئەلیکترۆنیانە زیانی ملیارەها دۆالریانداوە لە ئەمەریکا، وڵاتانی ئەورووپا و ئاسیا، هەواڵگری سەربازیی ڕووسیا لە ساڵی 2017 دا ئۆکرایناینای کردە ئامانج و زیانی بەرچاویدا لە ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی کەرتەکانی گواستنەوە و تەندروستی کە کەرتی هەستیارن.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گوتیشی: ئەو هێرشە ئەلیکترۆنیانە تەواو حساب نەکردنە بۆ ئاسایشی گشتیی و سەقامگیری نێودەوڵەتیی. ڕووسیا کە خۆی بە پێشەنگی سەقامگیری دەناسێنێت لە بواری سایبەردا لە ڕاستییدا یەکێکە لە گەورەترین تێکدەران و ڕووخێنەرانی ئینتەرنێتی جیهانیی. داوا لە ڕووسیا دەکەین کۆتایی بهێنێت بەو هەڵسوکەوتە نابەرپرسیارانە، هەروەها داوا لە هەموو دەوڵەتان دەکەین کە خوازیاری سەقامگیرین لە بواری سایبەردا، هاوکارمانبن و بەشداربن لە ڕادەستکردنی ئەو کارەکتەرانە بە دادگا.

لە ئامێدی 147 پرۆژە بە گوژمەی 81 ملیار دینار جێبەجێ دەکرێ



ئامێدی -KDP.info- قایمقامی قەزای ئامێدی گوتی، لە سنووری قەزای ئامێدی بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٤٧ پرۆژە بە گوژمەی ٨١ ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت و ئێستا دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەکرێت.

قایمقامی قەزای ئامێدی، ئیسماعیل مستەفا، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «بە بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٤٧ پرۆژەی بچووک و گەورە لە سنووری قەزای ئامێدی جێبەجێ دەکرێت و ئێستا ئێمە پرۆژەکانمان ئاراستەی پارێزگا کردووە، ئەوانیش وردبینیی لێ دەکەن و هەرجارە و چەند پرۆژەیەک بە شێوەی تەندەر ڕادەگەیەنن کە یەکێک لەوانە نەخۆشخانەیەکە بە بڕی ٥٣ ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت.»

ئیسماعیل مستەفا گوتیشی: «لەوانە ١٤٦ پرۆژەی خزمەتگوزاری؛ وەکو ئاو و کارەبا و، چەند پرۆژەیەکی دیکە کە ئەوانیش بە گوژمەی ٢٦ ملیار دینارە و کۆی پرۆژەکان بە گوژمەی ٨١ ملیار دینار جێبەجێ دەکرێن.»

ڕوونیشی کردەوە: «بەشێک لە پرۆژەکان دەستیان پێ کردووە و ئەوانەی دیکەش کە وردبینیکردنیان لە پارێزگا تەواو بوو ڕایدەگەیەنن و دەست بە جێبەجێکردنی ئەوانیش دەکرێت.»

دهۆک.. ڕەزامەندی ل سەر چێکرنا 10 پرۆژەیێن نوو یێن پیشەسازی هاتەدان



ڕێڤەبەرا گەشەپێدانا پیشەسازی ل پارێزگەها دهۆکێ دیار کر کو ڕەزامەندی ل سەر چێکرنا ١٠ پرۆژەیێن نوو یێن پیشەسازی ل سنۆرێ پارێزگەها دهۆکێ هاتە دان. نازدار عەبدولقادر، ڕێڤەبەرا گەشەپێدانا پیشەسازی ل پارێزگەها دهۆکێ گوت: «پشتی مە پرۆژەیێن پیشەسازی ڕەوانەی ئێدارا پارێزگەها دهۆکێ کرین رازەمەندی ل سەر چێکرنا ١٠ پرۆژەیێن پیشەسازی هاتە کرن ژلایێ پارێزگاریێ دهۆکێ ڤە. ئەڤ پرۆژە یێن ماستی و هەموو جۆرێن سپاتیان و دارتاشی و بەرهەمهێنانا کێڤلێن کارەبێ و کلێنکس و کارگەهێن دیکۆراتێن فلینێ ژی دێ هێنە دانان ل دهۆکێ. نۆکە ڕەزامەندی ل سەر چێکرنا ڤان هەر ١٠ پرۆژەیێن پیشەسازی هاتە کرن».

ئاشکەرا کر کو: «٣٥٤ کارگەهێن پیشەسازی یێن هەمە جۆر ل سنۆرێ پارێزگەها دهۆکێ هەنە. ئەڤ کارگەهە گەلەك ژی یێن بەرهەمهێنانا خوارنێ یە وکار دکەن ئەم بەردەوام هەولدەن کارگەهێن پیشەسازی بهێنە دانان. هەکە ئەردێ هەبیت ئەو ژی گرێدایی باژێرڤانی یە دەمێ ئەرد دابین دبیت پرۆژە ل سەر دهێنە دانان».



مەخمور.. لەئاکامی تەقینەوەی بۆمبێک لە شارۆچکەی باوکێک و سێ کوڕ گیانیان لە دەستدا

تەقینەوەیەك لە نزیك گوندی روالە سەربە ناحیەی قەراج لە قەزای مەخموور ڕوویدا و بەهۆیەوە، باوکێك و سێ کوڕ گیانیان لەدەستدا و کوڕێکی دیکەشی بێ سەروشوێنە. بەگوێرەی زانیارییەکان گومان دەکرێت بۆمبەکە، بۆمبی سەردەمی داعش بێت و لەکاتێکدا ئەو هاوڵاتیانە سەرقاڵی کاری خۆیان بوون پێیاندا تەقیووتەوە، هاوکات هێزێکی لیوای ٥١ی سوپای عێراق لە نزیك شوێنی ڕووداوەکەیە و گومان دەکرێت ئەوان زوو گەیشتبنە شوێنەکە و ڕەنگە ئەو کەسەی چارەنووسی نادیارە لەلایەن ئەو هێزەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کرابێت.



نرخی دۆلار لەبەرامبەر دیناری عێراقی بەردەوامە لەدابەزیندایە

ئەمڕۆ سێشەممە نرخی دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بەدیناری عێراقی لە بازاڕی دراوی سەرەکی و بازاڕەکانی ناوخۆ بەردەوام بوو لە دابەزین.

لە ئاڵوگۆڕی دراو نرخی ١٠٠ دۆلار بە ١٢٤ هەزارو ١٥٠ دینار تۆمارکرا و دوێنیش نرخەکەی گەیشتە ١٢٤،٦٠٠ دینار. هەروەها نرخی فرۆشتن بۆ هەر ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی لەبەرامبەر دیناری عێراق گەیشتە ١٢٤ هەزارو ٥٠٠ دینار،نرخی کڕینیش گەیشتە ١٢٣ هەزارو ٥٠٠ دینار.

سۆران.. ئەمڕۆ دەست بەدابەشکردنی نەوت دەکرێت



بەڕێوەبەری بنکەی خۆراکی سۆران میکائیل مەجید ، ڕایگەیاند: «لە ژێر سایەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خزمەت گەیاندن بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠٢٠/١٠/٢١، دەست بە دابەشکردنی نەوت لە دەڤەرەکەمان بکرێت». گوتیشی: «لەلایەن لێژنەی سامانە سروشتییەکانەوە داوای کۆبۆنی خۆراکی مانگی پێنجیان کردووە و لەسەر ئەوە نەوتەکە دابەش دەکەن و سەرەتاش لە ناحیەی سیدەکانەوە دەست پێدەکات».

ئەوەشی خستە ڕوو، «بەرنامەمان وایە سبەی بەر لەدەسپێکردنی دابەشکردنی نەوت لە باڵەخانەی قائیمقامییەت لەسەر چۆنیەتی دابەشکردن و ئەو میکانیزمەی دامان ناوە وردەکاری تەواو بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بخەینەڕوو».

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، عەقید بەختیار بێسەری

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری عەشیرەتی بێسەری حاجی(حەمەساڵح بێسەری) باوکی بەڕێزتانمان بیست. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان و تەواوی دۆست و خزمانی عەشیرەتی بێسەری دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبووی باوکتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی نەوزاد سابیر

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی(نەوزاد سابیر) مان بیست. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان و تەواوی دۆست و خزمان و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو نەوزاد سابیر بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی عەبدوڵڵا جخسی ئەردەنی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(عەبدوڵڵا جخسی ئەردەنی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا جخسی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی حجی مەحمود سورچی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(حجی مەحمود سورچی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە کوردپەروەرەکەتان و تەواوی دۆست و خزمانی سورچی دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو حجی مەحمود سورچی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکاری ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی یاسین خدر ئیسماعیل

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و کەسایەتی دیاری پیرمام(یاسین خدر ئیسماعیل)مان بیست. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان و تەواوی دۆست و خزمانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، سەرباز بایز،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

•••

بەڕێزان خانەوادەی هەڤاڵی خوالێخۆشبوو سالار پەروەر

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کادیری دڵسۆز و تێکۆشەر هەڤاڵ (سالار محەمەد غەفور) ناسراو بە (سالار پەروەر)، کە بەداخەوە دوای چەند ڕۆژێک لە کۆچی دوایی باوکی، خۆشی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان



هونەرمەند سالار پەروەر و باوکی لەماوەی کەمتر لە 48 کاتژمێر بەڤایرۆسی کرۆنا گیانیان لەدەستدا

محەممەد غەفوور و سالار پەروەری کوڕی لە سەرەتای ئەم مانگەوە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، سالار لە ٢ـی مانگەوە تەندروستیی تێکچوو و باوکیشم لە ٥ـی مانگەوە».

محەممەد غەفوور لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ بووە، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بووە. نەخۆشی شەکرە و فشاری خوێنی هەبووە. بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە گیانی لەدەستداوە.

سالاری جوانەمەرگ کە باوکی دوو منداڵە، لەدایکبووی ١٩٧٣ بووە، لە ماڵەوە چارەسەری وەرگرتووە، تووشی هەناسەتەنگی بووە و دواتر گواستوویانەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی ئەهلی، بەڵام ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە گیانی لەدەستداوە.

زانکۆلاین
ZankoLine

زانکۆلاین 24 سەعات دەرگایەوە

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ماوەی (زانکۆلاین)ی بۆ ٢٤ سەعاتی داهاتوو دەرگەکاتەوە.

عەباس ئەکرەم وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەلێدوانێکیدا ڕایگەیاند: لەپێناو پێدانی دەرفەتی زیاتر بە دەرچوانی دوانزەی ئامادەیی بۆ ئەوانەی تا ئێستا فۆرمی (زانکۆلاین)یان پڕنەکردۆتەوە یان تەواویان نەکردوە، بڕیاردرا ماوەی زانکۆلاین (٢٤) سەعاتی دیکە واتە تا سەعات (١٢) ی شەوی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٢٠) بۆ دەرچوانی ڤۆناغی دوانزەی ئامادەیی دەرگەبکرێتەوە.

عەباس ئەکرەم ڕاشیگەیاند: ئەمە دوایین دەرفەتەو چیتر ماوەی زانکۆلاین دەرگەناکرێتەوە، هەر بۆیە داوا لە دەرچوانی ڤۆناغی دوانزەی ئامادەیی دەکەین، کە تا ئێستا فۆرمی (زانکۆلاین) یان پڕنەکردۆتەوە، پێویستە لەماوەی ئەو ٢٤ سەعاتەدا پەلەبکەن و تەواوی هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ پڕکردنەوەو تەواوکردنی فۆرمی زانکۆلاین.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاویی لە هەولێر ژمارەیەک بیری تازە لێ دەدرێت

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر:

ئەگەر کێشەی کەمیی کارەبا نەبێت کێشەی کەمئاویی ڕوو نادات



خەبات: فاتیح بەرزنجی

یەکێک لە پرۆژە گرنگەکان گەیاندنی ئاوی خواردنەوەیە بۆ هەموو گەڕەکێک بەتایبەتی گەڕەکە تازەکانی شاری هەولێر، لەگەڵ ئەوەیشدا ساڵانە کێشەی کەمئاویی ڕوو لە بەشێك لە گەڕەکەکانی هەولێر دەکات. بەگوتەی ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر: لە وەرزی هاوین کێشەی کەم ئاوی لەژمارەیەك گەڕەك دروست دەبێت و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان سەردانیان دەکەن.

ئەندازیار ئاری ئەحمەد دەڵێت: لەوەرزی زستاندا ئەو کێشەیە کەمتر ڕوو دەدات و ئێمەش هەرگیز درێغی ناکەین لە خزمەتکردنی هاوڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، هەمیشە دەرگامان بەڕووی ئەواندا کراوەیەو لەچوارچێوەی کارو بەرنامەی خۆماندا ئەو گەڕەکانەی کە پێویستیان بە لێدانی بیری ئاو هەبووە خستوومانەتە ناو بەرنامەکەو ئەو گەڕەکانەشی کە بیرە ئاوەکانیان ئاوی کەم کردووە لەچوارچێوەی ئەو کارو بەرنامەیە دامانناوە، تا هەوڵی چارەسەرکردنی ئاویان بۆ بدەین.

لەو ڕاپۆرتەدا ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر بۆ ڕۆژنامەی خەبات باس لە ژمارەیەك کارو پرۆژەی لێدانی بیری ئاو و دانانی تۆڕی ئاوی چەند گەڕەکێك دەکات:

ئەمساڵ تواناوە 32 بیری ئاو لێ بدرێت

ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر گوتی: ساڵانە لەچوارچێوەی کارو بەرنامەدا دەرخستە بۆ چەند گەڕەکێك ئامادە دەکەین بەتایبەتی گەڕەکە تازەکان و هەرگەڕەکێك کە ئاوەدان دەبێتەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین تۆڕی ئاوی بۆ دابنێین شانبەشانی تۆڕی کارەباو ئاوەڕۆ، ئەو گەڕەکانەشی کە ئاوی بیرەکانیان کەم بکات کار بۆ ئەوەش دەکەین، ئەمساڵ لەسەرەتای ساڵی 2020 تاوەکو ئێستا 32 بیری ئاوی خواردنەوەمان لەژمارەیەك گەڕەکی شاری هەولێر لێداوەو لەلایەن تیمێکی ئەندازیاری شارەزا سەرپەرشتی ئەو بیرە ئاوانە کراوە، جگە لەوەش تۆڕی ئاو بۆ ژمارەیەك گەڕەك لەسەر بودجەی فریاگوزاری ئاوی هەولێر جێبەجێکراون لەو 32 بیرە ئاوانە 17 بیری تازەن و 15 بیری ئاویش بەدیلە، واتا ئەو بیرە ئاوانەن کە وشکیان کردووەو ئاویان نەماوە یاخود ئاوەکەی هەرەسی هێناوە، هەر لەچوارچێوەی کارو بەرنامەی خۆمان تۆڕی ئاو بۆ دوو گەڕەکی تازە جێبەجێ دەکرێت وەك گەڕەکی ژینی دارەتوو لەگەڵ 10 هەزاریەکان، لەو گەڕەکە یەك بیری ئاوی خواردنەوە هەبوو، بۆیە کێشەی کەمئاوییان بۆ دروست ببوو، لە ئێستاشدا یەك بیری ئاوی خواردنەوەیان بۆ لێدراوە لەگەڵ ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بەدرێژی دوو کیلۆمەترو نیو کێشەی کەمئاویی ئەو گەڕەکەش چارەسەر دەبێت و گوژمەی ئەو پرۆژەیە بریتییە لە 34ملیۆن دینار لە بەرنامەیە شارەدێیە ئەو گەڕەکانەی کە ئاوەدان بوونەتەوە پرۆژەی ئاویان بۆ ئەنجام بدەین و لە بنەسڵاوەش تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکێك دادەنرێت و لەئایندەیەکی نزیکدا تۆڕی ئاو بۆ ژمارەیەك گەڕەکی دیکەی شاری هەولێر دادەنرێت.





گوتیشی: لەلایەکی دیکەیش لیژنەیەکی دیکەی تایبەتمەند لەپارێزگای هەولێر خەریکی ئامادەکردنی لیستێکی دیکەی گەڕەکانەن بۆ پرۆژەی ئاو سەبارەت بەو گەڕەکانەی کە یەك بیری ئاوی خواردنەوەیان هەیەو لۆدێکی زۆری هاوڵاتیانی بەسەرەوەیە، ئەو کێشەیەش چارەسەر دەکەین، هەروەها 9 بیرە ئاوی دیکەیش لە گەڕەکانی کونە سیخورەوپیشەسازی باکوور و هیران سیتی و مزگەحمەد و بنەسڵاوە و کورانی عەنکاوەو گەڕەکی ژیان و ئ ی حەسارۆك و بەحرکە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاویی کاری بۆ کراوە.

دواتر سەبارەت بەپچڕانی تەزووی کارەبا کە کێشەیەکی سەرەکی بۆ کەمی ئاو دروست کردبوو، ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر ڕوونیکردەوە: لەدوای جەژنی قوربان بەدواوە پچڕانی تەزووی کارەبا نەما، کێشەی کەمئاویی تاڕادەیەکی بەرچاو چارەسەرکراوە، ئەگەر کێشەی کەمیی کارەبا نەبێت، کێشەی کەمئاویی ڕووناداد، دیارە ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش شاری هەولێر فراوانتر دەبێت و کارو بەرنامەکانیش زیاد دەکەن، ئەگەر قەیرانی دارایی لەکوردستان نەبووایە ژمارەی کارو پرۆژەکان زۆرتر و زیاتر دەبوون، پرۆژەی ئاوی ئیفرازیش فراوانتر دەبوو، لەبەر ئەوەی ئاو بەدوو ڕێگا بۆ ئەو شارە دابین دەکرێت، کە ئاوی ئیفراز و ئاوی بیرەکانە، لەشاری هەولێر زیاتر لە هەزار بیری ئاوی خواردنەوە هەیەو لەهەندێ گەڕەك بیرە ئاوەکان کەمیان کردووەو هەوڵماندا و لێدانەوەی بیری ئاوی بۆ بکەین و لەهەندێ گەڕەك تۆڕی ئاومان فراوانتر کردووە، جگە لەوەش هەندێ بیر هەبووە پێویستی بە گۆڕینی پەمپ و ماتۆڕ هەبووە، کارمان بۆ کردووەو ئەمساڵ لەماوەی ئەو چەند مانگەدا کاروپرۆژەیەکی زۆرمان کردووەو کێشەی ئەو بیرە ئاوانەشی کە وشك بووە دەیخەینە ناو چارچێوەی کارەکانمان.

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر گوتیشی: ڕۆژانە پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان دەکەین ئەویش بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەکان کارەکانیان بۆ ڕایی دەکرێت.

هاوڵاتیان: ئەگەر کێشەی کەمئاوییمان نەبێت جەنجاڵی دروست ناکەین

مامەند دانیشتووی گەڕەکی ژینی دارەتوو کەرتی دە هەزاریەکان گوتی: لەو گەڕەکە تازەیە یەك بیری ئاومان هەبوو، دوای سەردانیکردنمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر توانرا تۆڕی ئاومان بۆ دابنرێت و ئێستا هاتووم مامەڵەی ئاو دەکەم تا بۆڕی ئاو رابکێشم.

سەلیم دانیشتووی هەمان گەڕەك بوو گوتی: پێشتر کە کێشەی کەمئاوییان هەبوو ڕۆژانە ئاومان بە تانکەر دەکڕی، ئێستا ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر کراوە، کە سەردانی ئێرەش دەکەین لەخۆڕاییە، ئەوەی دێتە ئەم فەرمانگەیە کێشەی کەمئاویی هەیە, ئەگینا بۆچی جەنجاڵی دروست دەبێت.

گۆران دانیشتووی گەڕەکی خاتوونباوە گوتی: ماوەی چەند مانگێك بوو کێشەی کەمئاوییان هەبوو لەگەڵ ژمارەیەك لە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە سەردانی فەرمانگەی ئاوی هەولێرمان کردو بیرێکی تازەی ئاوی خواردنەوەیان بۆمان لێداوەو کێشەمان نەماوە.

ئەمساڵ نزیکەی 1000 تەن برنج لە دەڤەری هەریر بەرهەمهاتووە



سەرۆکی بەشی کشتوڵی هەریر بۆ خەبات:

لە ڕووبەری 7000 دۆنم زەوی بەراوی دەڤەرەکەمان، تەنیا 350 - 400 بە برنج دادەچێنرێت

خەبات: حەمید سورچی

فەریق حەسەن سەرۆکی بەشی کشتوکاڵی هەریر لەم دیانەیەیدا لەگەڵ خەبات تیشك دەخاتە سەرچاندنی برنج لەدەڤەری هەریر بەرهەمی ساڵانەی برنج لەدەڤەرەکە، هەروەهاش باس لە چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بەکشتوکاڵی برنج لە دەڤەرەکە دەکات. سەرۆکی بەشی کشتوکاڵی هەریر لە بارەی بەرهەمی ئەمساڵی برنج لە دەڤەرەکە بە خەباتی ڕاگەیاند: زۆریی ڕێژەی بارانبارین لەم دوو ساڵەی دوایی و بەپیتی زەویەکانی سنووری کەمان و زیاتربوونی جوتیاری چێنەری برنج، دەتوانین بڵێین دووبەرامبەری ساڵی ڕابردووەو ئەمساڵ نزیکەی 1000تەن برنج لەسەرجەم دەڤەرەکە بەرهەم هاتووە.

لە وەڵامی پرسیارێکماندا لەبارەی ئەوەی برنجی ئەم دەڤەرە بەناوبانگەو خواستی زۆری لەسەرە هۆکارەکەی چیە؟ ئەو گوتی: هۆکاری بەناوبانگی برنجی ناوچەکەمان بەتایبەتی هەریرو باتاس دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە برنجەکان شەش مانگین و سەرچاوەی ئاوی باش و بەپیتی زەوییەکان، سەرباری شارەزایی و لێزانی جوتیارانمان لەسەر چاندن و خزمەتکردنی برنج.

لەبارەی ئەوەی ئەمساڵ هاوکاری ئەو جوتیارانە کراوە کە برنج دەچێنن؟ سەرۆکی بەشی کشتوکاڵی هەریر گوتی: بەڵێ وەکو هەموو لایەك ئاگادارین ئەم باردۆخە دارایی خزمەتگوزارییەکانی بەگشتی دابەزاندووە، بەڵام ئێمە لەوبەشە دەرمانەی کە ساڵانە پێماندەدرێت بەگوێرەی بەرکەوتە لەکاتی سەردانیکردنی هەر جوتیارێك هاوکاریان کردوون، جگە لەمەش لەمساڵدا ئامێری دروستکردنی گۆلەبرنج لە لایەن چەند جوتیارێك داواکراوەو پێماندراون کە ئەمەش بەپێی گوتەی خۆیان ئاسانکاری باشی بۆ کردوون و کەمێك لە ئەرکەکانیان لەکاتی داچاندن بۆ کەم کردوونەتەوە.

لە بارەی کێشەو ئاریشەکانی ئەو جوتیارانەی برنج دەچێنن، گوتی: ئەمساڵ هیچ دەردێکی کشتوکاڵی کە ببێتە هۆکاری کەمی بەرهەمی برنج نەبووە، بەڵام ڕێژەی ئاوی پێویست لەکێڵگەیەك بۆ کێڵگەیەکی تر جیاواز بووە، ئەمەش ڕەنگە کار بکاتە سەر بڕشتی ئەو کێڵگانەی کەوا دوورن لەسەرچاوەی ئاو، جگە لەمەش جوتیاران تێبینیان هەیە لەسەر ڕێژەی ئەو بنەتۆیە، کەوا ساڵانە هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا دەدرێ بە مەللاکەکانی خاوەن ئاو، کە بە تێڕوانینی ئێمەش ڕێژەکە نەگونجاوەو ئەم بابەتە لەلایەن یەکەی کارگێڕی ناوچەکەمان



وەرگیراوەو کاری لەسەر دەکرێت .

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەریر گوتیشی: چاندنی برنج پێویستی بەسەرچاوەیەکی باشی ئاو هەیە، بۆیە تا ڕادەیەك پەرەپێدان بە کشتوکاڵکردن سنووردارە، ئێمە لەسنووری بەشەکەمان نزیکەی حەوت هەزار دۆنم زەوی بەراومان هەیە، بەڵام بەشێکی کەمی لێ دەکرێت بەبرنج وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێك لەزەویە بەراوەکان خاوەنەکانیان خۆیان نایانەوێ برنجی تیا بەرهەم بهێنن و زیاتر بۆ چاندنی گەنم بەکاریان دەهێن، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆر لە زەویە بەراوەکان بەتایبەتی زێی گەورە ئاستی ئاوەکەی نزمترە لەزەویەکان، ئەمەش تێچووی زۆری دەوێ، بۆیە پێویستی بە پرۆژەی گونجاو هەیە تا تێچووەکەی لەسەرجوتیاران کەم بکاتەوە.

لە بارەی ڕێنماییشیان بۆ جوتیاران فەریق حەسەن دەڵێت: ئێمە هۆبەی ڕێنمایی کشتوکاڵیان هەیە لەبەشەکەمان، بەپێی پێویست لەو خولانەی کە ساڵانە دەکرێنەوە لەبەشەکەمان یان سەردانی مەیدانی بۆ ناو کێڵگە، ڕێنمایی تازەیان پێشکەش دەکەین لەڕووی بەکارهێنانی دەرمان و باشترکردنی بەرهەمەکانیان، هەروەهاش ڕێنماییان کردوون لەوەی کە جۆری تری برنج پەرەی پێ بدرێت لەبەر ئەوەی لە سنووری بەشەکەمان هەردوو جۆری سەدری و کوردی هەر لە کۆنەوە چانراون.

لەوەڵامی کۆتا پرسیاریشدا لە بارەی پلانی ئایندەیان بۆپەرەپێدان و چاندنی زیاتری برنج لە دەڤەرەکە، بەڕێوەبەری بەشی کشتوکاڵی هەریر گوتی: بەپێی پلانی پێشنیارکراوی ساڵانەمان، لە ڕووبەری حەوت هەزار دۆنمی بەراو نزیکەی 350 بۆ 400 ساڵانە بە برنج دادەچێنرێت، بەپێی ئەو ڕووبەرەش بڕشتی چاوەڕوانکراو بۆ هەر دۆنمێك پێشبینی 650 بۆ 700 تەن بەرهەم دەکەین.



سەرۆك مسعود بارزانی:

قارەمانییەتی شەهید ڕەزا شیرەیی پێویستە وەک نموونە باس بکرێت

لە یادی 46 ساڵەی تۆمارکردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا



دوای تۆمار کردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا بە بروسکەی بارزانیی نەمر دەستخۆشی لە بەشداربووەکانی داستانەکە کرا و پلەی قارەمانی داستانەکە شەهید ڕەزا شیرەیی لە سەرپەلەوە کرا بە سەر لق و خەڵات کرا بە بۆنەی شکاندنی دەبابەی داگیرکەرانەوە.

شەهید ڕەزا شیرەیی یەکەم پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە توانیویەتی دەبابەی رژێم بشکێنێت.

لە 20-10-1979 لە کەمینێکدا شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی لە پێنجەمین ساڵیادی تۆمارکردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا شەهید کرا

41 ساڵەی شەهید بوونی فەرماندە ڕەزا شیرەیی

ڕۆڵی شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی لە داستانی کەپکی حەمەدئاغا

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی بەشی دووەم و کۆتایی

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی «بارزانیی نەمر»ی باوك لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان بوو، ئەو شۆڕشە ئومێد و هیوای میللەتی کوردستان بوو، پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر گەورەترین زەربەیان لە دوژمن دا و هەتا سەدان داستانی پرسەروەریان تۆمار کرد، یەکێك لەو داستانانەی کە زۆر ناوبانگی هەبووە کە ئەویش ئەمڕۆ کە یادی 46 ساڵەی ئەو داستانە دەکەینەوە، ئەوەیش داستانی خۆڕاگریی کەپکی حەمەدئاغایە (20-10-1974). ئەو داستانە مێژوویی کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە کە پێشمەرگە قارەمانەکانی ڕێبازی بارزانیی نەمر لە هەلومەرجێکی دژواردا ئەو داستانەیان تۆمار کرد، لە کاتێکدا رژێمی عێراق لە ڕێککەوتنامەی 11ی ئادار پەشیمان بووەوە و بەمەبەستی لە ناوبردنی گەلی کورد بە هەموو هێزێکەوە شەڕی لە دژی گەلی کوردستان دەست پێ کردەوە، بەڵام پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان هەموو گیان لەسەردەست بەرگرییان لە بست بستی خاکی کوردستان کرد. ڕۆژی 20-10-1974 دوژمن بە هێزێکی زۆری سەربازی و تانك و زرێپۆش هێرشێکی بەربڵاوی دەکاتە سەر چیای کەپکی حەمەدئاغا، بەڵام پێشمەرگە بەرەنگاریان بوونەوە، هەروەها کە یادی ئەو داستانە دەکەینەوە، یادی قارەمانەکانی ئەو شەڕەمان وەبیر دێتەوە، یەکێك لەو قارەمانانە شەهید ڕەزا شیرەیی بوو کە توانی لەو داستانە ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێ کە بەرپرسی پەلی پاڵپشت بەتالیۆنی 2ی هێزی بێتوایە لە بەنی هەریر بووە کە سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناوە، هەروەها لە یادی ئەو داستانەدا پێویستە کە یادی ساڵرۆژی شەهید بوونی ئەو قارەمانە بکەینەوە کە لە 20-10-1979 بەپیلانێکی داڕێژراو دوای چەندین جار هەوڵدان بۆ تیرۆر کردنی لە لایەن کۆمەڵێك ناپاکی نیشتمان و دژ بە ڕێبازی پارتی و بارزانی لە کەمێنێکدا شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی لە 5ەمین ساڵیای تۆمار کردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا لە گوندی شیرەی سەروو لە پێناو ڕێبازە پیرۆزەکەیدا تیرۆر دەکرێت، هەربۆیە کە یادی ئەو داستانە دەکەینەوە لە هەمان کاتدا یادی شەهیدبوونی دەکەینەوە کە رۆژێکی مێژوویی.



• خوالێخۆشبوو (محەمەد وەسمان) ئەندامی فەرماندەیی فەرماندەیی سەفین یەکێك لە بەشداربووەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەسەر داستانی کەپکی حەمەدئاغا لە ساڵی 1974 گوتی:

بەرەبەیانی 20-10-1974 بوو، دوژمن لە هەموو لایەکەوە بۆردومانی چیای کەپکی حەمەدئاغای دەکرد، ئێمەش کە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی 2ی هێزی بێتواتە کە نزیکەی 70تا 80 دەبووین زانیمان کە دوژمن بە نیازی هێرش کردنە بۆ ئەم ناوچەیە. چونکە دوژمن بیویستبا هێرش بکاتە هەر شوێنێك سەرەتا بۆدومانی ناوچەکەی دەکرد، بۆردۆمانەکە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند، پاشان هێرشی دەبابە و هێزی دوژمن و بەکرێگیراوەکانیان دەستی پێکرد. ئێمەش بە وریەکی بەرز خۆمان بۆ بەرەنگاربوونەوە ئامادە کرد. چەکی ئێمە دوو دۆشکەی 5/12 بوو لەگەڵ B10 بەڵام دوژمن جگە لە 18 دەبابە کە بە ژمارە دیار بوون، سەرباز بەکرێگیراوێکی زۆری کۆکردبووەوە. دەبابەکان لە سەر گەلی سەرەزێی بەرەو کەپکی حەمەدئاغا هاتن، ئێمەش بە دۆشکە و هاوەن و بێ عەشرە لێیان دان، ئەوە بوو دەبابەکان لە شوێنی خۆیان وەستان، تەنها دەبابەیەك نەبێ کە بەرەو لای ئێمە هات. تا گەیشتە ناوەڕاستی سەنگەرەکانمان شەهید ڕەزا شیرەیی کە لە سەر B10(بێ عەشرە) بوو ئەو بی عەشرەیەکی تریشی ئاراستەی کرد و رامان کرد و دەبابەکەمان گرت. دوژمن خۆی پێرانەگیرا و لە ترسی گورزی پێشمەرگە گەڕایەوە دواوە، لە کاتی گەڕانەوەی دوو دەبابەکە کەوتنە سەر مین کە پێشتر ئێمە داماننابوون کە هەردوو دەبابەکە لە کار کەوتن. بەمجۆرە هێرشی ئێمە دەستی پێکرد، دوژمنان ڕاونا و بە سەرشۆڕی گەڕانەوە. ئەم شەڕە شەڕێکی زۆر دژوار بوو، چونکە دوژمن بە هەموو هێز و توانایەوە بەرنامەی بۆ ئەم شەڕە دانا بوو. زیانی دوژمن گەلێك زۆر بوو، سوتانی دەبابەیەك و لە کارکەوتنی دوو دەبابەی تر، بەڵام دوو دەبابەکەی تر لە ئێمە دوو بوون کە لەگەڵ خۆیان بردیانەوە. زیانی ئێمەش تەنها یەك بریندار بوو بە ناوی سابیر عەلی، شەڕەکە کە زیاتر لە 8 کاتژمێری خایاند، دەتوانم بڵێم سەرکەوتنی ئەو شەڕە بە هیمەتی ئەم بی عەشرە(B10) بوو کە لە لای شەهید ڕەزا شیرەیی بوو کە مەردانە کاری پێدەکرد. دوای شەڕەکە مام تانجۆ کە ئامر بەتالیۆن بوو دەمانچەکەی پێشکەشی شەهید ڕەزا کرد. پاشان بروسکەی بارزانیی نەمرمان پێگەیشت، زۆر دڵخۆش بووین، دەستخۆشی لە ئێمە کرد، ئەویش بریارید ا کە شەهید ڕەزا شیرەیی لە سەرپەل بکرێتە سەرلق.

• عەقید (محێدین ڕەزا شیرەیی) دواتر هاتە سەر چۆنیەتی تۆمارکردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا و باسی ڕۆڵ و قارەمانیەتی باوکی لەو داستانە کرد:

شەهیدی فەرماندە مام تانجۆ یونس و مامۆستا مەلا ئیسماعیل شێخ مەمودی و چەند هاوسەنگەرێکی باوکم زۆرجار باسی چۆنیەتی قارەمانییەتی داستانی کەپکی حەمەدئاغایان بۆ ئێمەیان دەکرد، بەمشێوەیە بوو کە ئەم شەڕە هیچ کاتێك لە بیری خەڵکی کوردستان ناچێتەوە، ئەویش شەڕی کەپکی حەمەد ئاغایە، پاش ئەوەی ڕژێم لە ڕێککەوتنامەی 11ی ئادار پەشیمان بووەوە بۆ جارێکی تر لە ساڵی 1974 دەستی بەشەڕ کردەوە دژی پێشمەرگە، ئەم شەڕە لە 20-10-1974 ڕووی دا، ڕژێم بە تۆپ و دەبابە و قوەتێکی زۆرەوە هێرش دەکات بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چیای بەنی هەریری کەپکی حەمەدئاغا. دیارە باوکم لەو کاتەدا چەکی بی عەشرەی لە لا بووە، کە دوژمن تەواو دەستی بە هێرشی خۆی کردووە قوەتی پێشمەرگەکەش لەو کاتەدا بۆ بەرگریکردن لە کورد و کوردستان بەرپەرچی هێرشی دوژمن دەدەنەوە، باوکم لەو کاتەدا بەو چەکەی کە پێی بووە دەتوانێ زۆر مەردانە کاری پێبکات، گولەیەك ئاراستەی یەك لە دەبابەکان دەکات کە بە زنجیری دەبابەکە دەکەوێ، گولەی دووەم دەهاوێژێ لە جامی دەبابەکە دەدات و دەبابەکە لە شوێنی خۆی دەوەستێت، پاشان هێرش دەکەن بۆ سەر دەبابەکە و قوەتی رژێم لەگەڵ شکانی ئەم دەبابە پاشەکشە دەکەن، نیازی رژێم ئەوە بوو ئەگەر سەرکەوتن بە دەست بێنێ دۆڵی ئارانە و خۆشناوەتی بسوتێنێ، بەڵام خۆشبەختانە تۆمارکردنی داستانەکە شکستی بەمەرامی رژێم هێنا. باوکم شەهید ڕەزا شیرەیی کە دەچێتە سەر دەبابەکە دەبینێ دۆشکەی دەبابەکە کە لە کار نەکەوتووە یەك سەر ڕووی لە عەسکەرییەی دەکاتەوە و ڕمی پێدەکات و دەبێتە هۆی شکانی رژێم لەو دەڤەرە و سەرکەوتنی پێشمەرگە، ئەو ڕۆژە کە جەیشی رژێم شکستی خوارد لە زۆر شوێنی تر حکوومەت پاشەکشەی کرد، وەك دۆڵی ئارانە و کڵاو قاسم و هەیبەت سوڵتان. تەرمی 2 سایەق دەبابە دێننە دەرەوە و هەر لەو شوێنە لە سەر داوای باوکم دەیانێژن بۆ ئەوەی ئەو تەرمانە لە بەر چاوی خەڵك نەبن. ڕاپۆرتی سەرکەوتنی ئەم شەڕە دەگاتە سەرکردایەتی و بارزانیی نەمر، بۆیە لەو کاتەدا بارزانیی نەمر فەرمان دەکات پلەی شەهید(ڕەزا شیرەیی) بکات بە سەرلق و دیارییەکی بەنرخیش بۆ باوکم دەنێرێ کە بریتی بوو لە برنۆیەك و دەمانچەیەك، ئەمەش دڵسۆزی و وەفاداری بارزانیی نەمر دەردەخات بەرانبەر بە پێشمەرگە، ئامر هێز شەهید عەلی شەعبان دەستخۆشی لە باوکم دەکات و بە پێشمەرگەیەکی قارەمان و خۆشەویستی دادەنێت لە ناو شۆڕش و هەروەها شەهیدی فەرماندە تانجۆ یونس دەمانچەی پشتی خۆی پێشکەشی باوکم کردووە، لەو کاتەدا ئەم سەرکەوتنە لە ئیزگەی کوردستان لە لایەن خوالێخۆشبوو بارزان مەلاخالید شێرانە لە رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق هەوالّی تۆمار کردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا بڵاو دەکاتەوە کە بە داستانێکی زۆر گەورە ناوبانگی دەرکرد، هەر بۆیە رژێمی بەعس لەو کاتەدا دانینا بەوەی کە بەرانبەر پێشمەرگە شکستی خواردووە لە دوا هێرشی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. باوکم شەهید ڕەزا شیرەیی یەکەم پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە بتوانێ دەبابەی رژێم تێکبشکێنێت کە هەموو کاتێك جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی باسی دەکات. دوای ڕاپەرین ساڵی 1998 جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێك کادیری عەسکەری سەردانی دەڤەری بەنی هەریر دەکەن و دەچێتە سەر پارچەکانی دەبابەکە لە کەپکی حەمەدئاغا، بەڕێزیان لەو یادەدا دەفەرموێت قارەمانییەتی شەهید ڕەزا شیرەیی پێویستە وەك نموونە باس بکرێت. لە شەڕی کەپکی حەمەدئاغا ئەوانە لەگەڵ باوکمدا بوونە ئەمانەن: شەهید محەمەد عوسمان خەتی، مەلا ئیسماعیل شێخ مەمودی، مەولود تەها ناسراوە بە حاجی شیرەیی کە خزمی باوکم بوو، خدر حوسێن ئەشکەوتنی ناسراو بە خدر دۆشکە، حەسەن هەرنی، تەها تاراوەیی، عەزیز عوسمان ڕەسوڵ، فەقێ هەرمکی وهەروەها شەهید سابیر عەلی شێخ مەمودی.



له 1974/10/20 تێکشاندنی تانکێکی دوژمن له چیای بەنی هەریر لەلایەن شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی و هەڤاڵەکانی.

• دایکە (زەینەب)باسی ژیان و پەروەردەکردنی منداڵەکانی دوای هاوسەری شەهیدی دەکات :

دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران بووین و دواتر دوای ماوەیەك گەڕاینەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو هاوسەرەکەم لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی گوڵاندا لە ڕێگای شەهید عومەر زێوەییەوە نامەیەکی شەهید ئیدریس بارزانی پێگەیشتبوو کە داوای لێکردبوو جارێکی دی بەشداری بکات. یادی بەخێر ئەوکاتانە لەگەڵ گەیشتنی ئەو نامەیەدا لە تەواوی ناوچەکە هاوسەرەکەم دۆست و لایەنگرانی شۆڕشی لە دەڤەری خۆشناوەتی ئاگادار دەکاتەوە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان، چونکە هاوسەری شەهیدم جێی متمانە و باوەڕپێکراو بووە لای سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، هەروەها کاك ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەیان جار باسی قارەمانیەتی هاوسەرەکەمیان کردووە لای پێشمەرگەکان، ئەوە جێگای شانازییە. پێش شەهید بوونی پێی وتم دەچمە ئێران، چونکە جەنابی کاك ئیدریس و جەنابی کاك مسعود بارزانی هەوالّیان ناردووە لەگەڵ سلێمان بیرێژی بچن بۆ ڕاژان، چونکە ئەو ڕۆژەی هاوسەرەکەم شەهید کرا شەهید سلێمان بیرێژی لە گوندی چیوە بووە، بەڵام مخابن دەرفەتیان پێنەدا بۆ ئەم سەفەرە و لە ڕۆژی 20-10-1979 لە گوندی خۆمان شیرە لە لایەن بەکرێگیراوانەوە شەهید کرا لە پێناو ڕێبازی بارزانیی نەمر بۆ خاك و نیشتمان، دوای شەهید بوونی منداڵەکانم لە سەر ڕێبازی ئەو پەروەردە کرد کە تەنها خزمەتی ڕێبازی باوکی شەهیدیان بکەن .

• هەر سەبارەت بە تۆمارکردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا بەشدار بووی داستانەکە(حەسەن هەرنی)، بۆ گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە لە بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە:

من ئەوکات جێگری هێزی بێتواتە

بووم، وەکو دیار بوو رژێم لە ساڵی 1974 هێزێکی زۆری نارد بووە سەر کوردستان بە تایبەتی بۆ ناوچەکانی هێزی باڵەك و هێزی بێتواتە و هێزی کاوە کە کلیلی سەرکردایەتی بوون. زۆر شەڕ کران، بەڵام یەکێك لەو شەڕانە کە شەڕی کەپکی حەمەدئاغا بوو لە 20-10-1974 دوژمن دەیزانی کە ئەم چیایە بە حەشار ناگیرێ، بۆیە 18 دەبابەی لەگەڵ حەشارێکی زۆر نارد کە دەبابەکان لە جۆری دەبابەی ناوەنجی تیمی 55ی عێراقی، دەستکردی رووسی بوون. بەڵام خۆشبەختانە پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و لەماوەیەکی زۆر کەم توانییان ئەم هەموو هێزە بشکێنن، سەرەتا دەبابەکان لە پێشەوە بوون بەرەو سەنگەرەکانمان دەهاتن، بەڵام لەگەڵ بۆردومانی ئێمە دەبابەکان ڕاوەستان، تەنها دەبابەیەك نەبێ کە ڕانەوەستا و هەر بەرەو لامان هات، شەهید ڕەزا شیرەیی توانی ئەو دەبابەیە بسوتێنێ و ببێتە هۆی شکستنی دوژمن و سەرکەوتنی پێشمەرگە، چونکە لەگەڵ سوتاندنی دەبابەکە پێشمەرگە وردەیەکی زۆری هاتەبەر و دوژمنیش وردەی نەما و ڕووخا و هەر زوو پاشەکشەی کرد و چەند دێلێکیان کەوتە بەردەست لەگەڵ چەند کلاشینکۆفێک. دوژمن نەیتوانی جارێکی تر هێرش بکاتە سەر ئەم ناوچەیە، ئێستاش پارچەکانی دەبابەکە هەر لە سەر کەپکی حەمەدئاغا ماوە کە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی چەند ساڵێك بەر لە ئێستا سەردانی شوێنی داستانەکەی کرد و پارچەکانی دەبابەکەی بینی، باسی قارەمانییەتی پێشمەرگەکانی ئەو داستانەی کرد کە ئەوان ئامادەبوون لە پێناو نیشتمان شەهید بن و هەروەها باسی ئازایەتی شەهید ڕەزا شیرەیی کە ڕۆڵێکی ئاسایی هەبووە لەو داستانە کە جەنابی بارزانیی نەمر زۆر پێی سەرسام بوو.

• دایکە (زەینەب) هاوسەری شەهید(ڕەزا شیرەیی) لە بیرەوەرییەکانی دا باسی ئەوە دەکات کە جەنابی سەرۆك بارزانی باسی قارەمانییەتی و شەهید بوونی ڕەزا شیرەیی دەکات کە لە بیرمان ناچێت و لەمبارەیەوە گوتی:

پاش شەهیدبوونی هاوسەرەکەم، لە ساڵی 1980 سەرۆك مسعود بارزانی کە ئەوکات جەنابیان لە ئێران – ڕاژان دادەنیشت ناردی بە دوای برایەکی شەهید بە ناو حاجی خدر لەگەڵ شەهید توفیق بیرێژی کە بچێتە خزمەتی بەڕێزیان بۆ ئەوەی چۆنیەتی شەهیدکردنی هاوسەرەکەم شەهید ڕەزا شیرەیی لە شۆڕشی گوڵان بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی روون بکەنەوە، پاش گەیشتنی بۆی شەهید بە خزمەتی بەڕێزیان چۆنیەتی شەهید بوونی ڕەزا شیرەیی روون دەکەنەوە و دواتر جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی فەرمووی: قارەمانییەتی و شەهیدبوونی ڕەزا شیرەیی لە بیرمان ناچێت و خەمێکی گەورەیە بۆ هەموولایەکیان.

چاودێری جەنابی سەرۆك بۆ خانەوادەی شەهیدان گەورەیی و دڵسۆزی بەڕێزیان دەردەخات بۆ خانەوادەی شەهیدان، منیش بەردەوام بووم لە سەر ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکان و ساڵی 1988 لەگەڵ ئەنفالکردنی بالیسان ئێمەش نەفی هەولێر کراین و بە هەبوون و نەبوون و غەریبی منداڵەکانم گەورە کرد و کوڕەکانم بوونە پێشمەرگە لە سەر ڕێبازی باوکی شەهیدیان.

سوپاسی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بکەم کە هەموکات لە بۆنەکان و یادەکان باسی قارەمانەکانی کوردستان بەتایبەتی هاوسەری شەهیدم دەکات کە چ قارەمانێکی چاونەترس بووە کە ئەوەش وەفایە بەرانبەر خوێنی شەهیدان، چونکە سەرۆك بارزانی دڕێژەپێدەری ڕێبازی باوکی کورد و خۆیان بە خەمخۆری خانەوادەی شەهیدان دەزانن، ئەمڕۆش خۆشحاڵم کە ئەو ڕۆژانەی کە هاوسەرەکەم هیوای بوو هاتە دی و کوردستان ئازاد بوو. بۆیە داوا لە هەموو ئافرەتانی کوردستان دەکەم کە منداڵەکانیان فێری خۆشەویستیی ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بکەن کە ئەو ڕێبازە خزمەت بە کوردستان دەکات.

لە یادی 46 ساڵەی تۆمارکردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا و لەهەمان کاتدا یادی 41 ساڵەی شەهیدبوونی فەرماندە «ڕەزا شیرەیی»دا هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی و گشت شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد.

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی

بارزانی ناس و مەلایەکی وڵاتپەروەر بە بەرۆکی زرێیارەوە

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی، لە بوارەکانی (ئاینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کوردەواری، نیشتیمانپەروەی، مێژوویی)و زۆر بابەتی تریشدا شیعری هۆنیوەتەوە.

ئەوەی مامۆستا نووسیویەتی زیاتر لە شەست هەزار بەیتە! کە بەداخەوە زۆرکەمیان چاپکراون



د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد - ئەحمەد ئاوا
بەشی یەکەم

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی، (گۆڕی پڕ نوور بێت)، خەڵکی دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. شاعیرێکی میللی زمان ڕەوان بووە. ماوەیەك مەلای گوندی (بەردەبەل) بووە، لە بناری شارەزوور، نزیك بە هەورامانی بەشە باشوری کوردستان، ئەم زانایە شیعری زۆری هەبوون، بۆ خۆم، شیعری خۆیم، بە دەنگە زوڵاڵەکەی خۆی، لە مااڵی مامۆستا سەییدە موحەممەدی موصەنیفی، لە گوندی (کانی سپیکە)ی، ناوچەی مەریوان، بە تەسجیل گوێ لێ بووە، خۆشبەختانە لەم دواییانەدا بەشێك لە هۆنراوەکانی لەژێر ناونیشانی (دیوانی عەینەکی) دا، چاپکران، لێرەدا دەچینە خزمەت پوختەیەك لەبیۆگرافیای ئەم شاعیرە مەزنە و نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

ناو و بنەماڵە:

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان کوڕی مامۆستا مەلا شەریف، نازناوی عەینەکی، ساڵی ١٩٢٢ ی، زایینی لە ئاوایی بەرقەڵایی، سەر بە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، هەر لە سەرەتاکانی منداڵیدا و لەخزمەت باوکیدا دەستی بەخوێندنی قورئانی پیرۆز و کتێبە سەرەتاییەکانی وەك گوڵستان و بوستانی شێخی سەعدی و دیوانی حافز و پەڕتووکە باوەکانی ئەو سەردەمە کردووە. پاشان لە دوای ژیانئاوایی باوکی، بە مەبەستی دریژەدان بە کاروانی خوێندن وەك هەموو فەقێیەکی ئەو سەردەمە کەوتۆتە گەڕان و بە هەردوو دیوی ڕۆژهەاڵت و باشوری کوردستاندا و لەم پێناوەدا گەڕاوە، وەك ناوچەکانی (بیارە، پێنجوێن، خورماڵ، مەهاباد، موکریان، سنە، سلێمانی، سەردەشت، هەڵەبجە، تەوێڵە، مەریوان) تا دواجار و پاش کۆتایی هێنان بە خوێندن، عەاڵمەی پایەبەرزی کوردستان و موددەرپیسی بالك، (حاجی مامۆستا مەلا باقر) ئیجازەی عیلمیی – مەلایەتی بۆ نووسیوە، و هەروەها زانای گەورە مامۆستا مەلا مەحموودی موفتی لە شاری سنە – باوکی ڕابەری گەورە کاك ئەحمەدی موفتیزادە- ئیجازەنامەکەی پەسەند کردووە، هەروەك وێنەکەی لە هاوپێچدا هاتووە، و شیاوی باسیشە مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی، ماوەیەکیش فەقێ و قوتابی دکتۆر مستەفا زەڵمی بووە.

مەلایەتی و خزمەتکردنی:

دوای ئەو بڕوانامە سەنگینە مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی دەست دەکاتە خزمەتی ئایین و گەلەکەی و لە چەندین گوند و جێگای جۆراوجۆری ڕۆژهەاڵت و باشوری کوردستاندا مەلایەتی و تەدریسی کردووە، لەوانە گوندەکانی کیکن، سەر بەشاری مەریوان، و بەردەبەل، لە بناری شارەزوو. باشوری کوردستان و گوندی حاسڵ – هەر لە باشوری کوردستان، و دەرەتفێ – سەر بەشاری مەریوان، کە ماوەی پانزە ساڵ لەو گوندەدا ماوەتەوە. ئەم ماوەیە زۆر نێتوانی خۆش بووە لەگەڵ مامۆستا مەلا سەیید موحەممەدی موصەنیفی دا، کە مەلای گوندی (کانی سپیکە) بووە، هەر لە ناوچەی مەریوان و نزیك بە دەرەتفێ و هاتوچۆیان زۆر بووە. پاشان لە ساڵی ١٩٨١ هاتۆتەوە دیوی باشوری کوردستان و بووەتە مەلای گوندی گێڵەدەرە ی، نزیك ئاوایی برنجە لە ناوچەی شارباژێڕ تا کاتی ژیانئاوایی کردنی.

بەرهەمەکانی مامۆستا:

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی، لە بوارەکانی (ئاینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کوردەواری، نیشتیمانپەروەی، مێژوویی و زۆر بابەتی تریشدا شیعری هۆنیوەتەوە. ئەوەی مامۆستا نووسیویەتی زیاتر لە شەست هەزار بەیتە! کە بەداخەوە زۆرکەمیان چاپکراون، لەوانە:

(١). دیوانی عەینەکی – شیعر.

(٢). داستانی (کلیلە و دیمنە) بە شیعری کوردی.

(٣). داستانی (دوانزە سوارەی مەریوان) بە شیعری کوردی.

(٤). (کوردێ چەوساوە) کە بریتییە لە ژیانی خۆی، و ڕووداوە دژوارەکانی تەمەنی بە شیعر.

هۆکاری بەسەردابڕانی نازناوی (عەینەکی):

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان بەهۆی ئەوەی کە هەر لەسەردەمی فەقێیەتییەوە بەهۆی چاوئێشانەوە چاویلکە – عەینەکی لە چاودا بووە، و لەو سەردەمەیشدا باوی بەکارهێنانی عەینەك زۆر کەم و دەگمەن بووە، بۆیە لەناو فەقێ و مەاڵدا هەر بەو نازناوە ناوبراوە و ئیدی خۆیشی دواتر وەك نازناوی شیعریی – تەخەلوص بۆخۆیی بەکارهێناوە.

نموونەی هۆنراوەکانی مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی:

بۆ سەر وێنەیەکی بارزانی

کێیە ئەم بەرز و بەڕێزە موستەفا بارزانییە
قائیدی قیمەت گرانی شۆڕشی هەرزانییە
پێشەوای مەزنی گەلی کوردی نەبەز تاقانەیە
مەر لە ئاوێنەی سەما، وێنەی لەسەر ئەرزا نییە
مێژوو ڕابەر زۆری دیوە دواپەڕەی بخوێنەوە
کەس وەکوو ئەو لەو پلەپایەی وەها بەرزا نییە
هەر بە منداڵی لە تاڵی بەندی تورکی حاڵی بوو
جگ لە تاڵیی و بەندی بۆ هۆزی لە هیچ مەرزا نییە
زانی ڕێی ڕزگاری تەنیا دانش و زانیارییە
بۆ نەزان سوودی لە کردن سوننەت و فەرزا نییە
جا بە چاکی چاکی چاالکی بەالدا کرد و چوو
دەرسی دینی خۆند و زانی نەقسی لەو دەرزا نییە
کەوتە سەر فیکری خەبات و سیاسەت و ڕاوێژ و بیر
شۆڕشی گێڕا ژمارەی خۆ لە چەند وەرزا نییە
بۆ نەجاتی هۆزی چەوساوەی لە دەست داگیرکەران
شێری وا هەرگیز لە ترس و دوو دڵی و لەرزا نییە
قارەمانانە ژیانی سەرف کرد بۆ قەومی کورد
پاڵەوانی وا لە تاقم گێو و گێودەرزا نییە

سەرۆکی کورد کۆچی دوایی کرد!

کوردینە دیسان کۆس قەویان کەوت
مەلا موستەفا لە واشینتۆن خەوت
خەوی خێری بێ و ئاخر خەویەتی
ڕۆژی گەاڵنە و کورد هەر شەویەتی
حەفتا و حەوت ساڵەی ماوەی حەیاتی
بردە سەر لە ڕێی کورد و خەباتی
دەورەی فەقێتی حوجرەی (بن تەبەق)(١)
شار سلێمانی فەقێ و موەفەق
بە فەرموودەی خۆی ئەمیە لە دڵ بوو
کە بێ بەرابەر، ڕابەری گڵ بوو
ئیجازەی عیلمی ئیسالمی وەرگرت
سەرهاتی کاتی ژینی کەمێکورت
چەنجار لە (بارزان) هەڵسا لە دەوڵەت
داوای مافی کرد بۆ کوردی حەو لەت
هەر سەرکوتکرا کوردی چەوساوە
لە دونیا دەمێ هەر نەحەساوە
تا قازی محەممەد بە چاوبەسی ڕووس
لە شار مەهاباد ئێران بوو دڕووس
مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدی برای
لەگەڵ تیرەکەی گشت هاتن بۆاڵی
من سوختەی مەلا مستەفای زەڵمیم
لە دێی گەاڵڵەی پشدەری شینکیم(٢)
دەرسم (سەعدوڵاڵی سەغیر) ـە، ئەودەم
بیستم دەنگوباس (کۆمەڵە(٣)) سەرجەم
دەمەو بەهارە دەرپەڕیم ڕۆییم
بەرەو مەهاباد حەیوانە کۆییم
چوومە خانەقای بورهان شەرەفکەند
الی شێخ محەممەدعیلم و خووپەسەند(٤)
ئیتر هەواڵی هەمووم ئەزانی
قەزیەی کۆمەڵەی قازی و بەرزانی
چوون قازی مەنسوب شێخی بورهان بوو
بۆ ئەوێ زوو زوو هاتوچۆیان بوو
خۆیشم زۆر ئەچووم هەتا ئەو شەوە
کوژران، لەوێ بووم سەرم کەم کەوە!
بارزانی ناچار چوو بۆ شۆرەوی
تا شۆڕش قاسم ڕۆژی یا شەوی
پەیدا بوو هاتۆ بە خۆشی خۆشی
بەرگی ئازادی بۆ کوردی پۆشی
چەن دەسی دەسی و فێڵ و چاو و ڕاو
تا عەبدولکەریم قاسمیش کوژراو
عەبدولسەاڵمیش ئیمڕۆ نە سۆزی
ئەویش بە سۆزی بارزانی سۆزی
عەبدولڕەحمانیش چەن موفاوەزە
حیلە و حەواڵە و هەم موعاوەزە
تا ئەحمەد حەسەن بەکریش هاتەڕوو
ساچانی، ئەمجار مەجبوور بۆی دەڕچوو
کەوتە کەڕ و کێو خۆی و پێشمەرگە
بۆ تەقەڕاوی ئەو سەگ و گورگە
شای ئێران قەزیەی قازی لەبیر بوو
(بارزانی)یش، بە داو دوژمن نەچیر بوو
وا شا بەگیرهات بەدەس عێراقۆ
تاوە بەداخ دەرد و مەراقۆ
بۆ پاسی نەفسی و مەسڵەحەت شەخصی
بە جادووگەریی و دوو هۆیێ و نەحسی
پەنای مەاڵی دا و ئەمیش بە ناچار
لەبەر نار پەنای هانی بە شامار
خنکاو دەس ئەبا بۆ هەموو پوشێ
بۆ ڕەستگاری تا مەرگ ئەکۆشێ
وا کەوتە قەپ دەم مار بێ ئیجازە
پێوەی دا و کوشتی زار کۆن و تازە
بەاڵێ (بارزانی) دای لە دوژمنی
بەگیری هانی و تەکی هەاڵچنی
شا بە کۆنەقین قەزیەکەی (سابااڵخ)
کە (ژێ - کاف) لەوێ دامەزرا قاچاخ
قازی و سەدر و سەیف کوژران بە ناکام
بە سێدارەی شا و قەنارەی ئێعدام
هەروا فەرمانی ڕۆحی بێ فیدا
جا بۆی ڕێك نەکەوت، دەڕچوو لە دەستی
وا هاتۆ ژێر سای شا بەختی پەستی
(شا) و (سەدام حسێن)، (بۆمدیان) بەفێڵ
بوون بەسێدارەی ئێعدام سەرۆك خێڵ
خۆی و خێزان و ماڵ و منااڵی
ڕژانە ئێران پژان بە تاڵی
هۆردوگای کوردان بە بەرخۆرەوە
سووتان و برژان بە ناسۆرەوە
دڕتر دڕندە لە النە و کونا
خەیانەت ناکا لەگەڵ دوژمنا
کەچی پەنادەر مەلا مستەفا
قەستی قەتڵی کرد بێ شەرت و وەفا
بە ناو نەخۆشی چوو بۆ ئەمریکا
میوان خانەخوێی خایەن هەڕاکا
ئەونەی پێنەچوو خوا تۆڵەی لێ سەند
شا شاربەدەر بوو، بەعیبرەت و پەند
بە چەپڵەڕێزان منااڵن و خێزان
لەشەرقۆ بۆ غەرب چوو بە هەڵتیزان
وەکوو سامیری لە هیچ وڵاتێ
ئارامی نەبوو خوزگەی بە التێ
دیارە هەزاران وەکوو مامۆسا
داخ لەدڵی بوون فیرعەونی مووسا
کە بیستی نیدای سەدای ئینقیالب
ڕادیۆ تەلەفزیۆن ئێران دڵکەباب
چەن ستەمدیدەی جەورێ پەهلەوی
وەك وەحی سەما بێ بۆ سەر زەوی
شیددەتی شادی ئەو موژدە خۆشە
شایی مەرگی کرد وا کفنپۆشە
جەنازەی هاتۆ بۆ شنۆ و الجان
سەرۆکی بەرز و بەڕێزی بارزان
بۆ کوردی کێشا غوربەت و زەحمەت
(مەلا مستەفا) تا چوو بەڕەحمەت

شیاوی باسە مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی جگە لەم دوو چامەیە چەندین هۆنراوەی نایابی تریشی سەبارەت بە کەسایەتی و خەباتگێڕی مەلا مستەفای بارزانی هەن، لەوانە قەسیدەی (یا نەمان، یا نیشتیمان)، کە لەسەرەتاکەیدا دەڵێت:

سەرۆکی بەرز و بەڕێزی کوردان
مەلا مستەفای بارزانی یەزدان
یار و یاوەر و کۆمەکی تۆیە
پارێزەر خۆت و کوردانە بۆیە

وە لە دوا دێڕەکانیدا نووسیویەتی:

ئیتر لە ناخی دڵمۆ تکایە
لە یەزدانی پاك داوا و ڕجایە
کە سەرکەوتوو بێ سەرۆکی سەردار
کورد و کوردستان بەو بێ ڕستگار
کوردم بە کوردی نووسیومە هەڵبەس
بە کوردی ئەژیم، ئەمرم، ئیتر بەس!

خۆشبەختانە هەندێك لەو چامانە لە دیوانی عەینەکی شێعرەکانی مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان عەینەکی - بەشی یەکەمدا لەچاپ دراون.

پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی و جەنابی شێخ موحەممەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی دووەم:

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی، وەك هەموو زانایانی سەردەمی خۆی بڕوا و پەیوەندییەکی تونوتوڵی بە تەصەوف و شێخانی بیارەوە هەبووە، بەتایبەتی دوا مورشید جەنابی شێخ موحەممەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی دووەم، و جیا لە دۆستایەتی و سەردان و هاموشۆ، نامە گۆڕینەوەیش لەنێوانیاندا هەبووە، **لەم نێوەندەدا هۆنراوەیەکی مامۆستای عەینەکی باڵاوەکەینەوە کە بۆ جەنابی شێخ موحەممەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی ناردووە، و جەنابیشیان بە زیاتر لە - دوانزە الپەڕە هۆنراوە- وەاڵمی داوەتەوە، کە لە پەڕاوە دیوانی (چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی)دا، باڵاو کراونەتەوە، مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی، لە قەسیدەکەیدا فەرموویەتی:**

شێخی تەریقەت مورشیدی نەقشی
عوسمانی (سانی)، زەللەم ببەخشی
دوای دۆعاوسەاڵم،دەستماچئەکەم
لە دەشتی خەیاڵ قیر و قاچ ئەکەم
ئەڵێم دوو ساڵە تۆبەم کردووە
ئوستادی وەك تۆم دەست پێ گرتووە
حوسنی سلووکم هەیە و هەمیشە
دەنبی موریدیم کردووە بە پیشە
کەچی تەفاوت ناکەم لە جاران
نە (وەجد) و نە (حاڵ) نیمە وەك یاران
تا لەما نەفسم پێم ئەڵێ زوو زوو
حاڵ خاڵی نییە، ماڵ کاووڵ، لە دوو
یا شێخی ئەمڕۆ بێ دەسەاڵتن
تەسەڕوف ناکەن زاهیر و باتن
یا خۆ لەگەڵ تۆ بێ لوتفە پیرت
(عروه الوثقی)س، ئەنا دەسگیرت
میسداقە لە بۆ حەدیسی قودسی
خودا فەرموویە ئەگەر ئەپرسی
(کنت سمعَهُ ڒ بصرَهُ)
(قتلّ الأنسان ما أکفرُهُ)
دەخیلە قوربان، دەوای دەروونم
بفەرموو شیفای قەلبی زەبوونم
(ما جاء به النبی الکریم)
(انِّی یمنتُ به مُستقیم)
خۆ تەصەووفیش خۆاڵسەی ئەوە
با بە کوپەی خوم سەر نەکەم کەوە
ئەگەر مامۆستا مەڕحەمەتی بێ
فەقێیی کەودەنیش با زەحمەتی بێ
الئەقەل، شتێ هەر حاڵیی ئەکا
دەفعی وەسوەسە و خەیاڵی ئەکا
ئیتر بە تەمای سەفای شێخانم
مەلای (بەردەبەل) عەبدولڕەحمانم

کۆچی دوایی مامۆستا:

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی عەینەکی بەهۆی هەقوتن و هەاڵوێستە ئیمانی و نیشتیمانییەکانی لە الی داگیرکەرانی کوردستان خۆشەویست نەبووە. بەم هۆیەوە زۆرجار وڵاتی خۆیی جێهێشتووە، بۆ دواجاریش لە ساڵی ١٩٨١ هاتۆتەوە دیوی باشوری کوردستان و بووەتە مەلای گوندی گێڵەدەرەی نزیك ئاوایی (برنجە) لە ناوچەی شارباژێڕ و هەر لەوێش لەبەرواری (١٩٨٥/٥/١٣) کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئەو گوندەدا ئەسپەردە کراوە.

وون بوون

مۆڵەتی چاککردنەوەی ئامێری کشتوکاڵ سەر بە فەرمانگەی کار ژمارەی مۆڵەت ٣٨٥٩ بەناوی ابراهیم عبدالله فرحان وون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی دەفتەر گرانی ئۆتۆمبێل ژمارە ١٥٣٤٨٦ لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی خلیل فرهاد جلیل وون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بەناوی نوشیر صالح قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزیەوە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات ٠٧٥٠٨٤٥٦٨٦٦.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر بەشی ٤٩٨٥ بەناوی هەلگورد رشدی مصطفی وون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في الشيخان
العدد/٢٩/احوال/٢٠٢٠
التاريخ/٢٠٢٠/١٠/١٩
اعلان تبليغ بالحكم
الى المدعى عليها (رونا عادل جكو) الساكنة قضاء الشيخان مجمع مهد سابقا ومجهولة محل الاقامة حاليا
اصدرت محكمة المواد الشخصية في الشيخان قرارها الغيابي المرقم (٢٩/مواد/٢٠٢٠) في ٢٠٢٠/١٠/١٩ والمتضمن تصديق الطلاق الخارجي من المدعي سروان سيتو جكو بتاريخ ٢٠١٦/٢/٤ وتحميلك الرسوم والمصاريف ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مركز شرطة مهد ومختار المنطقة تقرر تبليغك بصحيفتين يوميتين بالقرار المذكور ولك حق الطعن خلال المدة القانونية البالغة شهر وبعكسه سيكتسب القرار الدرجة القطعية حسب الاصول
القاضي / علي قهرمان رحمن

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٤٦٤/ت/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/١٠/٥
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: زانا حسین عبدالله ، رشید محمد عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی مادەی (١/١٤) لەیاسای مخدرات لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئاسایشی قەڵادزێ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٦٨٠/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠٢٠/٩/٢٧
بۆ/ تاوانبارکراو ڕێباز جلال توفیق حمه علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٣١ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٤٣٠ لەیاسای حوکم درا بەسەرتا بە (٦) شەش ساڵ بەپێی مادەی ٤٣٠ ی. س ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/عمر احمد محمد احمد

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٢٩٨٠/ش/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/١٠/١٩
جاردان
بۆ/ داواڵێکراو (بان طه ناجی) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (علی جلیل محمد) داوای ژمارە (٢٩٨٠/ش/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تثبیت حضانه) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ گوندی لوبنانی) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١١/٢٢) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بە شێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/١٠/١٥
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سلمان دلاوەر صادق) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانەراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە لەسەر ئەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/عمر احمد محمد احمد

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٢٩٨٠/ش/٢٠٢٠
بەروار: ١٩/١٠/٢٠٢٠
جاردان
بۆ/ داواڵێکراو (بان طه ناجی) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (علی جلیل محمد) داوای ژمارە (٢٩٨٠/ش/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تثبیت حضانه) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ گوندی لوبنانی) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١١/٢٢) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بە شێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/١٠/١٥
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سلمان دلاوەر صادق) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانەراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگڕێتەبەر بۆ سەماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- لێدانی لەزگەی P.V.C لە ڕۆخی دار ژمارە/ ٢١١١٧٤٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٢- مشاری سنی سلایت ژمارە/ ٢١١١٧٤٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤٥ فلتەری تۆزراکێش
٣- C.N.C بۆ نقش و کون کردنی دار ژمارە/ ٢١١١٧٤٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٤- کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/ ٢١١١٧٤٨ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

***

فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر
ئاگاداری
ژمارە: ٢١٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (حسن ابوبکر محمد صالح) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانەراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگڕێتەبەر بۆ سەماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی ١٥ ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ عبدالستار عثمان نادر

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/١٠/٧
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سۆران عبدالرحمن مام حسن) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانەراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگڕێتەبەر بۆ سەماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی ١٥ ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- لێدانی لەزگەی P.V.C لە ڕۆخی دار ژمارە/ ٢١١١٧٤٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٢- مشاری سنی سلایت ژمارە/ ٢١١١٧٤٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤٥ فلتەری تۆزراکێش
٣- C.N.C بۆ نقش و کون کردنی دار ژمارە/ ٢١١١٧٤٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٤- کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/ ٢١١١٧٤٨ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

***

فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر
ئاگاداری
ژمارە: ٢١٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (حسن ابوبکر محمد صالح) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانەراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگڕێتەبەر بۆ سەماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی ١٥ ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ عبدالستار عثمان نادر

من پارێزەر (پێشەوا زانا سیدگڵ) کە بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای تبریز کرابن
بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/ سنوردار) کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٨ بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.. ئاگادارتان دەکەین کۆمپانیای پاکتاوکاری تەواو و هەر کەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزێکی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی ١٠ ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکار/ پارێزەر پێشەوا زانا سیدگڵ

***

دادگای باری کەسیەتی ڕانیە
ژمارە: ٢٧٦/ش/٢٠٢٠
ڕۆژ: ٢٠٢٠/١٠/١٩
ئاگاداری
بۆ/ داواڵێکراو (ڕێناس علی عبدالله) نێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
داواکار (کاروان محمد مارف) داوای ژمارە (٢٧٦/ش/٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٦ بۆ (تصدیق طلاق) وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ڕوونکردنەوەی پۆلیسی (کیوەڕەش) و پشتگیری موختاری گەڕەکی کیوەڕەش بۆیە دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢ لەم دادگایە ئامادەبێت یان بریکارێکی یاسایی بنێرێت بەپێچەوانەوە ئەم دادگایە بەنادیاری و ئاشکرا کاری یاسایی خۆی دەکات.
دادوەری/ حبیب حمید علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ٣١٨/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٤
جاردان
داواکار: پاوان سعید محمد
داواڵێکراو: ازاد جعفر جمیل و اختر حسین عبدالله و ڕێباز عمر حمید
شوێنی مولك/ هەولێر/گەرەکی خانقاه شوێنی باجی دەرامەتی کۆن.
ژمارەی مولك/ ٧٥٢ کەرتی ٢٠٨ تەیراوە
پێکهاتەکەی سەری/ پێکهاتووە لە بالەخانەیەکی چوار نهۆمی بۆ هەر نهۆمێك ٣٩ دوکان دەکاتە ١٥٨ دوکان لەگەل دوو نهۆم سرداب
ڕووبەر/ ٢٢٩٦م٢
نیشتەجێ/ غەمگین صدیق مراد و نهاد یوسف محمد و زانا تحسین حسین و لقمان حسن عزیز و ماهر صالح سعید و کاروان یوسف احمد و طاهر محمد امین احمد
گشت کرێچییەکان لەکاتی فرۆشتن دەرناچن
نرخی خەملاندن/ ١٠,٠٨٩,٦٠٠,٠٠٠
لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣١٨/ب/٢٠٢٠ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە جا هەرکەسێك نیازی کرینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابین کردنی بارمتەی یاسایی بەڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەر زیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.

دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگڕێتەبەر بۆ سەماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- کەتەری برینی ئاسن ٧,٥ ژمارە/ ٥١٥٠٩٣ دروستکراوی خۆمالی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٢- دڕێلی ستوونی کونکردنی ئاسن ژمارە/ ٩٦٤٥٦٥ دروستکراوی یابانی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٣- دووداندە لەحیم ولدن بچووك بێ ژمارەن دروستکراوی بلغارین جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*A.M٢٠.
٤- دووداندە لەحیم ولدن گەورە بێ ژمارەن دروستکراوی بلغارین جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*A.M٤٠.
٥- سێ دانە کۆسەرەی بچوك ژمارە/ ٨٧٤٥٤ و ٢٠٧١٠ و ٩٠٩٥٦٧ دروستکراوی یابانین جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٣*A.M١.
٦- کۆسەرەی دووانی سەرمێز ژمارە/ ٦٥٠٥٧٥ دروستکراوی یابانی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M١.
٧- دڕێلی دەستی کون کردن ژمارە/ ٠١٢٧١٣ دروستکراوی انگلیزی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M١.

***

کۆمپانیای نامیق تۆفیق صالح بۆ بازرگانی گشتی/ پرۆژەی تاکەکەسی
NAMIO COMPANY
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان...
من پارێزەر (پێشەوا زانا سیدگڵ) کە بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای نامیق تۆفیق صالح بۆ بازرگانی گشتی/ پرۆژەی تاکەکەسی) کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٨ بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.. ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێت و هەر کەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزێکی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی ١٠ ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکار/ پارێزەر پێشەوا زانا سیدگڵ

***

کۆمپانیای تبریز کرابن
بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/ سنوردار
ناونیشان/ عیراق – سلێمانی – شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان...

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: 4344
ڕێکەوت: 20/10/2020

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (DUE TIME) بۆ (بازرگانی گشتی و کارگێری پرۆژەکان/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی 177 لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997 هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێك ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی
کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: 4101
ڕێکەوت: 11/10/2020

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLDEN BRIGHT OIL) بۆ (بازرگانی ڕونی ئۆتۆمبێل و هاوردەو هەناردە/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی 177 لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997 هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێك ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: 12217
ڕێکەوت: 20/10/2020

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (الوان السماء) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار)

پاڵپشت بە ناوەڕۆکی بڕیاری دەستی گشتی کۆمپانیای (الوان السماء) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) لە ڕێکەوتی 9/9/2020 تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (کرار علي عبدالنبی) بە پاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەند کرد بە مەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری: 20/10/2020

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: 2118
ڕێکەوت: 5/2/2020

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بلوط اخضر) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار)

پاڵپشت بە ناوەڕۆکی بڕیاری دەستی گشتی کۆمپانیای (بلوط اخضر) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) لە ڕێکەوتی 2/2/2020 تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (موزارت سردار مجید) بە پاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەند کرد بە مەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری: 5/2/2020

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئامێرەکان:
١- ئامێری بڕین (بۆ بڕینی کلینس)، بێ ژمارە، دروستکراوی ایران، مۆدێلی ٢٠٢٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبا A٢٠.
٢- ئامێری پرکون (بۆ کلینس کردنە ناو نایلۆن) ، بێ ژمارە، دروستکراوی ایران، مۆدێلی ٢٠٢٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبا A٧.
٣- ئامێری کەپس (بۆ کەپس کردنی کلینس)، بێ ژمارە، دروستکراوی ایران، مۆدێلی ٢٠٢٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبا A١٠.
٤- ئامێری کۆمپرێسەر (بۆ پالّەپەستۆی هەوا)، ژمارە ٢٠٦٥٨٧٥٦، دروستکراوی بریتانیا، مۆدێلی ٢٠٢٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبا ٧,٥ K.W
* * *
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر
کۆلێژی زمان/بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان خوێندنی
ژمارە/ ١٢٢٥
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١٩
بۆ / بەڕێز / بەهار عسکر میر حسن بەناونیشانی مامۆستای یاریدەدەر
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
بەهۆی دەستبەکارنەبوونت دوای لەکار دابڕانت بەپێی فەرمانی کارگێڕیان ژمارە ١١٧٠/٢/٤ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٢ تاوەکو ئێستا داوات لێ دەکەین بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بێت و ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێت دەست بەکاربێتەوە بە پێچەوانەوە بە دەست بەردار لە کارەکەت دادەنرێت بەپێی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالی ١٩٦٠ هەموار کراو و ماددەی ١٦ خالی یەکەم، کۆتایی بە ڕاژەکەت دێت. هاوپێچ: فەرمانی سەرەوە ١١٧٠/٢/٤ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٢
پ.ی.د. عاطف عبدالله فرهادی
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٩٣٦/ك/١/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/١٠/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رزگار کارزان رحمن رحیم
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/٩٣٦/ك/١/٢٠١٩لە ٢٠٢٠/١/٥ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٣ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٢١٠/ك/٣/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هاوکار خیرالله کمال
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١٢/١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٤٥٦) لە یاسای (سزادان) بە پێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەر/ ئومید محسن حمدامین
* * *
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/٣٧/ك س/٢٠١٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ جمال محمد قرنی
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١٢/٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەرامبەر یاسا.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
* * *
دادگای بەرایی لە کۆیە
ژمارە/ ٦٤ /ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٧
ئاگانامە
بۆ/داوالێکران
١- ڕزگار عبدالرحمن رسول
٢- مهتاب – جوان – نیگار- نازی - سازگار – کەژاڵ) کچانی (عبدالرحمن رسول)
٣- پاوان عبدالله رسول/ ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونیان نادیارە
داواکاران (وشیار رسول محمدو نسرین رسول محمد و نوزاد عبدالرحمن رسول و پەرێز وە پەڕۆش منالانی عبدالله رسول) داوای ژمارە (٦٤/ب/٢٠٢٠) ی لەم دادگایە تۆمار کردووە لەدژتان تیایدا داوای نەهێشتنی کۆیەشی(ازاله الشیوع) دەکات لەسەر مولکی ژمارە(٥١٣) گەرەکی قەڵات) وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بەگوێرەی زانیاری ئەنجومەنی شاروانی کۆیە رونکردنەوەی بنکەی پۆلیسی باواجی وەپشت بەستن بە مادەی(٢١) لەیاسای دادبینی دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەرۆکی ئەم داوایە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئەوەی لەماوەی دادبینی ڕێکەوتی(٢٠٢٠/١٠/٢٦) لەم دادگایە ئامادە خۆت یان بریکاری یاسایت بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ دکتۆر/ همداد مجید علی مەرزانی
* * *
دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە / ١٥٤/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١٩
جاردان
بۆ / داوالێکراو (اصلان احمد حسن) شوێنی دانیشتووی نادیار.
داواکار (عیدە محمد حسن) داوای شەرعی ژمارە (١٥٤/ش/٢٠٢٠) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (پەسند کردنی تەلاقی دەرەکی) (تصدیق الطلاق الخارجی) وە لە بەر ئەوەی شوێنی نیشتەجیبوونی نادیارە بە پێی نوسراوی (کارگێڕی کەمپی گەویلان) ژمارە(٥٧) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٣ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە بریاری پاشملە ژمارە (١٥٤/ش/٢٠٢٠) کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٤ دەرچووە وە دوای دە ڕۆژ پلەی لە پێراگەیاندنت پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا.
دادوەر / نزار خلیل ابراهیم
* * *
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خوێندنی
ژمارە : ١١٠٤
ڕیکەوت : ١٣/ ١٠/ ٢٠٢٠
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری، (صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (محمد حمة سعید صالح) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١١٨٨٧) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەک گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات.
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە /٤٩٢/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی /٢٠/ ١٠/٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراوێ : تەڤگەر عیاد عیاد / هەلگرا رەگەزناما ئەمریکی
ل دیف داخوازیا داواکار (نوژدار ویسی محمد) وکێشا ژمارە (٤٩٢/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی ل روژا (٢٠١٩/٥/٢٤) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ دهوک مالطا ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا ٢٠٢٠/١١/٥ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگەها باری کەسایەتی قەسروک
ژمارە/١٢/م.ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/١٠/١٣/٢٠٢٠
ئاگەداری
بو/داوالێکراو (خدر سلیم حسین) ئامازە بە داوای باری کەسایەتی ژمارە (١٢/م.ش/٢٠٢٠) کە هاتیە تۆمارکرن لە لایەن داواکار (بیداء سلیمان حسین) تایبەتە بە داوای بەسەندکردنی ڕچەلەکی منداڵەکانی (اثبات نسب) پێویستە ئەم ئاگەداریە بێتە بەلاوکردنەوە لە بەر ئەوەی شوینێ ئاکنجیبونی داوالیکراو (خدر سلیم حسین) دیارە نەبو ئەم دادگایە بریاری دا بە ژمارە (١٢/م.ش/٢٠٢٠) لە ریکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٢ کە تایبەتە بەسەندکردنی ڕچەلەکی منداڵەکانی (اثبات نسب) هەریەک لە (بیکس وبیوار وهیلان)بڕیە بریاردرا لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بێتە بەلاوکردنەوە بۆ ئەوی داوالیکراو کە لە سەروە ئامازەی پێدراوە مافی تانە لێدانی (اعتراض)ی هەبێت وەلە ئەنجام وێنەیەک لە بەلاوکراوەکە بۆمان ڕەوانە بکەن
دادوەر / ایڤان طلال جمیل
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/١٢٧/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/١٠/١٩/٢٠٢٠
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (پروین احمد اسمعیل زاده باوانی) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤی دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب گوێرایەلی(مطاوعە) تە بوی وزڤراندا تە بو مالا داواکار (مرتضی رجب کرم) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ کومەلگەها تناهی تاخی دزکی ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دە ڕوژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دومانهیک ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/٢١٥/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٠/١٠/٢٠٢٠
بۆ داوالێکراو (حایل اسماعیل مصطفی) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگاداری
داواکار (نعمان عبدالله ابراهیم) داوای ژمارە (٢١٥/ش/٢٠٢٠) تومارکردووە دەرهەق بە تۆ لە بەردەم دادگاکەمان کە تایبەتە بە (پەسەندکردنی مارەبرین) (تصدیق زواجها)و(پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادار کردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕوژنامەی ناوخۆییەوە تاکو ئامادەبی لە بە بەردەم دادگاکەمان سەر لە بەیانی ڕوژی(٢٠٢٠/١١/٣)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی یا نادنی بریکارێک لە جیاتی خۆت وە بە پێچەوانەوە دادگا هەلدەستێت بە دادبینی پا شملە دەرهەق بەتۆ وبەپێی یاسا بریاری پێویست دەردەکات
دادوەر / رمزي عبدالله اسلام
* * *
دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/٧٦/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/١٠/١٩/٢٠٢٠
بۆ داوالێکراو (مروت عبدالله حسین) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە
ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (٧٦/ش/٢٠٢٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٦ لەسەر داوای داواکار (سامان صدیق بیرو) بریاری پا شملەی دەرکردووە کە تایبەتە سەلماندنی ڕەچەلەك (اثبات نسب) لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕوژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی رازی نەبوون وپێداچوونەوەت هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر/ رمزي عبدالله اسلام
* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الوان السماء) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری هەولێر-ژووری پارێزەران-ژمارەی مۆبایل/ 07507492163

پاکتاوکار/ پارێزەر/ کرار علي عبدالنبی
ناونیشان/ هەولێر-ژووری پارێزەران
ژمارەی مۆبایل/ 07507492163

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (REGONAL FOODS) بۆ بازرگانی گشتی و دابەشکردنی خوراك) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (REGONAL FOODS) بۆ کۆمپانیای (قلب الملوك)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

Vacancy Announcement

Petoil is looking to fill the following vacancies in the Kurdistan Region of Iraq

1. Corporate Social Responsibility (CSR) Officer
Job Reference: VA-27
Job Location: Kalar, Garmyan

Position Overview:
As our Corporate Social Responsibility (CSR) Coordinator, you will be responsible for coordinating and implementing CSR activities according to the company strategy, in its ongoing commitment to become a more sustainable and socially responsible organization.

Required Qualifications/Background:
- Bachelor's degree in Public Relations or Business Administration.
- Previous working experience in the field of CSR is preferred.
- Proficient computer skills, including Microsoft Office Suite (Word, PowerPoint, Outlook, and Excel).
- Excellent verbal and written communication/public relations skills.
- Ability to analyze problems and strategize for better solutions.
- Ability to work well with management and staff at all levels.
- Fluent in English.
- Potential candidate must be from Garmyan.

2. Field HSE Supervisor
Job Reference: VA-28
Job Location: Chia Surkh Oilfield, Garmyan

Position Overview:
As our Field HSE Supervisor, you will be an integral part of our HSE team on field, reporting directly to our HSE Manager, and fully responsible for supervising all HSE related issues at Chia Surkh oilfield in Garmyan.

Required Qualifications/Background:
- Bachelor's degree in technical fields such as petroleum engineering.
- Professional experience of drilling and production in O&G fields0 of 5 years minimum.
- IOSH qualification is preferred.
- Fluent in English.
- Potential candidate is preferred from Garmyan.

ئەگەر ئەو مەرجانەی لای سەرەوەت تێدایە , تکایە سیڤی خۆت بە زمانی ئینگلیزی بنێرە بۆ dashne@petoil.com.tr و ناماژە بە ناوی پۆستەکە بکە. دوا ڕۆژی وەرگرتنی CV، 2020/10/28.

ئاریشەی هەڵەو لاسایی لە گۆرانیی کوردیدا



ئەمین گەردیگلانی (بۆکان)

یەکەم هونەر کە مرۆڤ هەستی پێکردووە و لە ناخ و هەستی خۆیدا دۆزیویەتەوە و ڕۆحی خۆی و دەوروبەرییەکانی پێ ئارام کردۆتەوە دەنگخۆشی و هونەری دەنگبێژییە. مرۆڤ کاتێک گوێی لە دەنگی ئاژەڵ و پەلەوەرکان بووە و هەستی بە چێژێکی دەروونی و لاواندنەوەی ڕۆحی خۆی کردووە، پەنای بۆ دەنگی خۆی بردووە و بە دەربڕینی هەستی ناوەکیی خۆی و جوڵاندنەوەی تاری سەوتیی گەرووی ئاوازی تایبەتی دەربڕیوە و دەروونی خۆی پێ هێور کردۆتەوە. ڕەنگە هەر ئەم لەراندنەوەی دەنگ و ئاوازە تایبەتەی گەرووی مرۆڤ، لە درێژخایەندا وای کردبێ مرۆڤ پەنا بۆ هۆزنینەوەی وشەکان بە شێوەی ڕیتمی و کێشدار بەرێت و هەستی خۆی پێ دەربڕیبێ. کەوایە دەتوانین بڵێین دایکی شیعر، ئاوازە و ئەگەر لە سەرەتادا ئاواز و لەرینەوەی دەنگ لە لای مرۆڤ نەدۆزرایەتەوە شیعریش نەدەدۆزرایەوە. کاتێک ئەم هونەرە بەرزە بۆتە بەشێک لە ویست و چێژە دەروونییەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگاش بەبێ مۆسیقا ویشک و بێ نەشە و سارد و سڕە، گۆرانیش بە بێ شیعر مانای نییە و هەتا شیعر و ئاواز پێکەوە ئاوێتە نەبن و دەستەملانی یەکتر نەبن، دیارە مەلی گۆرانیش ناتوانێ بە یەک باڵ بفڕی و لە نێو گوڵجارِی دڵەکان و لە سەر چڵەپۆپەی هەستەکان بنشێتەوە و ئۆخژن و چێژی دەروونی بە ڕۆح و گیان ببەخشێ. هەر ئەوەش وای کرد مرۆڤ لە سەر دەنگ و گۆرانی چربێتەوە و دەزگا مۆسیقاییەکان بدۆزێتەوە و ئامێزی مۆسیقایی دروست بکات. دیارە مۆسیقا دڵ بلاوێنە و هەستێکی سەیر بە دەروون دەبەخشێ کە نازانی چییە و کاتێک گوێت لە گۆرانییەکی خۆش دەبێ پێستی لەشت میروولە دەکات و مووی لەشت قرژ دەبێتەوە. دیارە بیستنی پارچە مۆسیقایەکی بەبێ کەلامیش جاری وایە ئەو هەستەت پێدەبەخشێ، بەڵام بە قەد گۆرانییە خۆشەکە کاریگەریی لە سەر هەست و ئەندامەکانی لەش نییە. کەوایە هەست بزوێنترین و چێژبەخشترین بەشی هەر گۆرانییەک شیعرەکەیەتی. ئێستا تۆزێ بگەڕێوە سەر یادەوەرییەکانی خۆت و بیر لەو گۆرانییانە بکەوە کە لەبەرت کردوون یا وەک خۆشترین گۆرانی حەز دەکەی بەردەوام گوێی لێ بگری. لێرە دایە بۆت دەردەکەوێ شیعری گۆرانییەکە، ڕۆحی گۆرانییەکەیە و هەر ئەویش بۆتە هۆی ئەوەی ئاوازەکە خۆش و هەست بزوێن بێ و لەبەری بکەی. دوای ئەم پێشەکییە کورتە دەمەوێ گۆرانیبێژەکان بکەمە بەر دەنگی خۆم و ڕووی دەمم لە ئەوان بێت و دەردەدڵەکانی خۆم دەربڕم.

بە داخەوە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خوێندنەوە کەمە و ئەو پەتایە گۆرانیبێژەکانیشی گرتۆتەوە. گۆرانیبێژ دەبێ شیعر ناس بێت و ڕۆژانە بەردەوام شیعر بخوێنێتەوە و ماڵەکەی کتێبخانەیەک بێ لە دیوانە شیعرەکان. چونکە گۆرانیبێژ کاتێک شیعریک دەخوێنێتەوە و کاریگەریی لە سەر ڕۆح و هەستی دەبێ دەتوانێ ئاوازی بۆ دانی یان بیدات بە ئاوازدانەڕێک ئاوازی بۆ دابنێ. چونکە ئەو گۆرانییە کاتێک نەمر و هەرمانە کە گۆرانیبێژ بە ڕۆح و گیان لە شیعرەکە تێگەیشتبێ و پێی وابێ خۆی ئەو شیعرەی هۆنیوەتەوە. دیارە پەتای نەخوێندنەوە گۆرانیبێژەکانی داگرتووە بۆیە گۆرانیبێژە خوێندەوارەکان گۆرانییەکانیان پڕە لە هەڵە و پەڵە و جاری وایە وشەی هێنندە بێ مانا لە دەمیان دەردەپەڕێ خۆشیان نازانن یانی چی. گۆرانیبێژانی قەدیم نەخوێندەوار بوون بەڵام بە شێوەی سروشتی لە زمان و وشەکان تێدەگەیشتن و هەتا لە مانای وشەیەک تێنەگەیشتنایە بە کاریان نەدەهێنا. چونکە ئەوان خۆیان لە هەمبەر زمان و هونەری گەلەکەیاندا بە بەرپرس دەزانی و عەیبێکی گەورەش بوو وشەیەک بە هەڵە لە دەمیان بێتەدەرێ، هەر ئەوەش وای کردبوو هونەرمەندێکی دەروەست و ڕاستەقینە بن.

بۆ وێنە حەسەن زیرەک نەخوێندەوار بوو بەڵام هەڵەیەکی ئەوتۆ لە گۆرانییەکانیدا نییە کە مانای شێعرەکەی سەقەت کردبێ، یان وشەیەکی نامۆ و بێ مانا بەکاربێنێ. کاتێک شێعری شاعیرێکیش دەکا بە گۆرانی، لەگەڵ ئەوەی جاری وایە پاش و پێش بە وشەکان دەکات یان وشەیەکی تر لە نێو شێعرەکەدا دەگونجێنێت، وشەکە بێ مانا و ڕەق و زەق نییە و کێش و مانای شێعرەکەش ناشێوێنێت. بەڵام گۆرانیبێژەکانی ئەمڕۆ کە هەموویان خوێندەواریان هەیە و ئەگەر دەرچووی زانکۆش نەبن لانیکەم قوتابخانەی دواناوەندییان تەواو کردووە و پۆز و دەمارەکەشیان سەد تەیارە نایتوانێ؛ گۆرانییەکانیشیان بە دەگمەن هەڵدەکەوێ هەڵەی تێدا نەبێ. یان شێعرێکی وا بۆ گۆرانییەکەیان هەڵدەبژێرن بە هیچ کلۆجێ لەگەڵ ئاوازەکە سازگاربیان نییە و دووپۆییەکی زۆریان پێوە دیارە. گۆرانیبێژ هەیە شێعری («سازی ناساز»ی «هێمن» بە هەوای «سۆیبە باڵابەرز» دەڵێ:

سازی ناسازی هەڵپەسێراوم
چڵە ڕێحانەی دوورە دێراوم
دەفتەری شێعری شاعیری ڕووتم
شەمی سەر گۆڕ و داری تابووتم

ئەم شێعرە بۆ ئاوازیکی نەرم و خەماوی دەبێت نەک هەوایەکی وەک سۆیبە باڵابەرز و شایی پێ بگێڕن.

سازی ناسازی هەڵپەسێراوم
چڵە ڕێحانەی دوورە دێراوم
سۆیبە باڵا بەرز هەست بەیانە
دەم لەناوی دەم دەستەولەملانە

یان شێعری «لە سەرەمەرگی هیوادا»ی «گۆران» کاک «بێهرووز تەوەکولی» بە هەوای «ئەی وەی زارا گیان» تۆماری کردووە.

ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم
ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم

ئەو شێعرە خەماوییە کە کۆلوکۆی دڵی گۆرانە کاتێک هیوای کۆڕی لە کاتی گیانکەنشتدا بووە و لە سەرە مەرگی کۆڕە تاقانەکەیدا نووسیویەتی و هیچ کەس ناتوانێ بیخوێنێتەوە و فرمێسک هەڵنەوەڕێنیت کەچی ئەو بەڕێزە کردوویەتە هەوای بەزمی و بەڕاستی غەدرێکی گەورە لە شیعرەکە و شاعیرەکەی کراوە.

ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم، ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا
ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم، ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا

گۆرانیبێژ چونکە کاری گۆرانی گوتنە و گۆرانیش ڕێتم و کێش و مۆسیقایە، دەبێ زۆر باش شێعر بناسێ و بزانێ ناوەڕۆکی ئەو شێعرەی دەیکاتە گۆرانی بۆ چ ئاوازێک گونجاو و سازگارە.

ئەگەر باسی ناسازگاریی شێعر و ئاواز بکەم دەیان نموونەی دیکە هەیە بیخەمە ڕوو بەڵام نامەوێ بابەتەکە زۆر درێژ ببێتەوە و مەبەستی من لە نووسینی ئەم ڕەخنەیە زیاتر ئاوڕدانەوەیە لە هەڵەی وشەیی و ڕێزمانی لە گۆرانییەکاندا. هونەرمەند برایم فەتاحی پیاوێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام هونەر و جوانی و ڕەسەنایەتی لە گۆرانییەکانی دەباریێت و تا ئەمڕۆ هیچ کەس نەیتوانیوە لاسایی بکاتەوە. گۆرانییەکی هەیە بە ناوی «مریەمی چەندە جوانی» لە کۆپلەیەکی ئەو گۆرانییەدا دەڵێ:

مریەمێ چەندە جوانی، چەند بەناز و عینوانی
هەردەڵێی پایێدەیە، دێتەوە لە ڕێی کانی

پایێدە ناوی ماشێنێکی قەدیمی ڕووسی بوو لە شێوەی دۆڕ کە سەردەمی خۆی زۆر گرینگ بووە. حەسەن زیرەکیش لە گۆرانییەکدا دەڵێ:

زاوا لە بووکێ مەدە تۆخودا لە بوکێ مەدە
ئەگەر لە بووکێ بدەی تێکدەچێ دەسرە و شەدە
دەنا دێیەم و دەڕۆم یەکسەر دەچمە نەغەدە
لە بەر دەرکیان ڕاگرتووە جیمس و جیب و پایێدە

بەڵام گۆرانیبێژ مکاییل کاتێک دێ ئەو گۆرانییەی برایم فەتاحی دەڵێتەوە «پایێدە» دەکاتە «پاباندە» کە دڵنیام نازانێ یانی چی و پاباندەش هیچ مانایەکی نییە. بە هۆی دەمارزلییەوە پرسیاریشی لە کەسێک نەکردووە بۆ ئەوەی لە مانای وشەی پایێدەی تێی بگەیێنێ.

شیعری (ئەم پەرچەم و ئەگریجە..) کە شێعری «سافی هیرانی»یە و مامۆستا عەلی مەردان چریویەتی، کاتێک هێمن حسێن دەیڵێتەوە ئەو شیعرە وەها سەقەت دەکات پیاو بەزەیی بە شاعیرەکەیدا دێ کە ئەو غەدرە گەورەیەی لێدەکرێت و کەسێکی بێ موبالات و نادەروەست ئەو بەڵایە بەسەر جگەرگۆشەکەی دێنێ. شێعرەکە ئاوا دەست پێئەکات:

ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەمور دوژمنی دینە
ئەو زولف و ڕوخەت ئافەتی سەر ڕوویی زەمینە
. . . . . .
ئەشقت لە دڵم سابیتە نەک عاریزە قوربان
وەک تووڕەیی شاهان کە لە سەر ڕوویی نگینە

کاک هێمن حسێن زۆر نابەڕپرسانە ـ کە ئەوەش بێ موتاڵایی و تێنەگەیشتن لە شێعر دەگەیێنێ ـ وەها ئەو شێعرە خەوشدار دەکات مەگین هەر خۆی بزانێ چۆن توانیویەتی بەو شێوەیە لێی حاڵی بێت؟! ئاوا دەڵێ:

ئەشقت لە دڵم سابیتە نەک عارزە قوربان
وەک دووڕەیی شاهان کە لە سەر لێوی نەجیمە

بەر لە هەموو شتێک ئەگەر کاک هێمن ڕێزەیەک خوێندەواریی لە بواری شێعردا بووبوایە دەبوو لانیکەم سەروا (قافیە) بناسێت. قافیەی ئەو شێعرە دینە و زەمینە و نگینە و... کەچی ئەو بەڕێزە دیکاتە نەجیمە؛ بەوەشەوە ناوەستێ و سووکایەتییەکی گەورەش بە یارەکەی خۆی دەکات کە ڕەنگە ناوی یارەکەی نەجیمە بێت و ویستبێتی تێکەڵ گۆرانییەکەی بکات. دووڕە هەموو کەس دەزانێ بە ئاژەڵی دوو ڕەگەز دەگوترێ و زیاتریش بۆ سەگ لە کاری دەکەن کە ئاژەڵەکە لە ڕەگەزی سەگ و تاژی یان گورگ و سەگ بێت! نازانم کاک هێمن چۆن دووڕەی شاهان یانی «سەگ ـ گورگ» دەبات لە سەر لێوی نەجیمی بەستەزمانی دادەنێت!!

گورانییە بەناوبانگەکەی برایم خەیات «ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا» کە جوانترین و خۆشترین گۆرانییە و هیچ کەس ناتوانێ بەو سۆزە نەرم و لاوێنەڕەی ئەو بیچڕێ، کاتێک تاهیر خەلیلی لاسایی دەکاتەوە زۆر ناشارەزایانە قافیە دەشێوێنێت و وەک ئەوە وایە جادە قیرتاوێکی ڕاست و ڕێکت لە بەر دەمدا بێت و بە ئانقەست لێی لادەی و بە جادە خاکییەکی پڕ کەندولەنددا تێپەڕی:

ئێمە پەروەردەی یەک خۆڵ و ئاوین
بۆ یەک مەبەست و بۆ یەک پێناوین

بێ ئەوەی بیر لە جوانکاری و قافیەی شێعرەکە بکاتەوە ئاوای لێدەکات:

ئێمە پەروەردەی یەک ئاو و خۆڵین
بۆ یەک مەبەست و بۆ یەک پێناوین

زاهیر جەلال شێعرێکی سەعید نەجاڕی «ئاسۆ»ی کردۆتە گۆرانی کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

هێند دڵم تەنگە دەڵێم بەم شەوە لەم شارە بڕۆم
لە وڵاتێ کە جەفا حاکم و سالارە بڕۆم
.....
بۆ دەبێ هەستی ئەوین ژێر دەسی پارە و پلە بێ؟
شەرتە لەو شوێنە کە بولبول قەفەسی خارە بڕۆم

لەو شێعردا وشەی شارە و سالارە و دارە و ژارە و خارە و... کراونەتە سەروا و دیارە لە شێعری کلاسیکدا کێش و سەروا (وزن و قافیە) زۆر گرینگە و تێکدانی بە هیچ شێوەیەک ناکرێ و گۆڕینی سەروا شێعرەکە خەوشدار دەکات. خار لەو شێعردا بە مانای دڕک و چقڵە کەچی کاک زاهیر بە ئارەزووی خۆی دەیگۆڕێ و وشەی («تەنگ»ی لە جێ دادەنێ:

بۆ دەبێ هەستی ئەوین ژێر دەسی پارە و پلە بێ؟
شەرتە لەو شوێنە کە بولبول قەفەسی تەنگە بڕۆم.

ئەوەیە کە دەڵێم گۆرانیبێژ دەبێ شێعر بناسێ؛ کاک زاهیر ئەگەر لە شێعر شارەزا بووایە ئەو غەدرەی لێ نەدەکرد؛ چونکە ئەگەر کەسێک دیوانی گەزیزەی ئاسۆی دەست نەکەوێت و بە دەنگی کاک زاهیر گوێی لێ بێ، ڕەنگە ئاسۆ بە ناشارەزای شێعر بزانێ و پێی وابێ قافیە ناناسێت؛ لەکاتێکدا ئاسۆ جگە لەوەی شاعیرێکی زۆر بەتوانایە، مامۆستای وێژە و ئەدەبی زانکۆشە.

شێعری «نووری شەم»ی عەباس کەمەندی، گورانیبێژ حەمید محەممەدیان دەیڵێ و دانیشتووی شاری سنەیە؛ ئەو کاتەی ئەو شێعرەکەی کردە گۆرانی عەباس کەمەندی لە ژیاندا مابوو، کەچی ئەو بەڕێزە ئەوەندەی زەحمەت بە خۆی نەداوە بچێتە لای ئەو هونەرمەندە گەورەیە و ئیزنی لێوەرگرێ و پرساریشی لێبکات و شێعرەکە بە بێ هەڵە بڵێ. بە داخەوە کەنالەکانیش نابەرپرسانە ئەو گۆرانییەیان بڵاوکردەوە. دیارە ئەو بەڕێزە زۆر گوێ ناداتە مانا و ناوەڕۆکی شێعر و ڕەنگە بۆشی گرینگ نەبێ و نەشزانێ چ بەڵایەکی بەسەر ئەو شێعرە هێناوە. «قابزی ڕۆحی پەپوولە» دەکاتە «حافزی ڕۆحی پەپوولە» و ناوی کلیپەکەشی هەر ئەو هەڵە زەقەیە و لەوێدا تەواو بە پێچەوانەی مانای شێعرەکەیە و تێکیداوە. قابز بە مانای ڕۆح کێش و مەرگ هێنە (ئیزرایێل) و حافز بە مانای پارێزەر و پارێزوانە و هونەری شێعرەکەی شێواندووە و جوانییەکەی لێ داماڵیوە.

پێم دەڵێن فەرموتە شێتم ئەی بەقوربان ئەو دەمە
باسی شێتیم تا قیامەت گەر بکەی هێشتا کەمە
نەک ئەتۆ عالەم بزانێ شێت و سەرگەردانتم
شێتە گیان عاشق چ باکێکی لە لۆمەی عالەمە
.....
وا مەفەرموو چاوەکانم کەس نییە ئاگای نەبێ
قابزی ڕۆحی پەپوولە نووری لەرزانی شەمە

گۆرانیبێژ دەبێ زۆر باش شێعر بناسێ و لە ڕاستیدا دەبێ شێعر ناسێکی لە زەبر بێ و هەر شێعرێکی خوێندەوە لە بنج و بناوانی تێبگات.

بە داخەوە ئەو جۆرە هەڵانە تەنیا تایبەتی گۆرانیی کوردییە و ئەوەش کەمتەرخەمی و نادەروەستیی گۆرانیبێژەکان دەردەخات. من ئەوەندەی گوێم لە گۆرانیی فارسی گرتووە چکۆلەترین هەڵەی لەو جۆرەم لە گۆرانییەکانیاندا نەدیووە، هەتا ئەو ڕادەیەش لاسایی یەکتر ناکەنەوە. ئەوەش هۆی ئەوەیە گۆرانیبێژەکانی ئەوان شێعر دەخوێننەوە و وەک گۆرانیبێژەکانی ئێمە خۆیان مات ناکەن تا کەسێک شێعرێک بکاتە گۆرانی و خێرا ئەوانیش گوێ لە گۆرانییەکە بگرن و بە هەڵە لە بەری بکەن و بیڵێنەوە؛ دیارە لە ڕێگای گوێچکەوە بە جوانی لە وشەکان تێناگەن و بەو شێوەیە هەڵەی تێدەکەوێت. ئەو پەتایەش بە داخەوە تەنیا لە نێو کۆرانیبێژەکانی ئێمەدا هەیە و لاسایی کردنەوەش دیارە عەیبێکی گەورەیە، بەڵام بەداخەوە بەرۆکی گۆرانیی ئێمە بەرنادات.

بۆ وێنە ئەو گۆرانییەی «محەممەد ماملێ» کە شێعرەکەی هی «سەید کامیل ئیمامی ئاوات»ە.

من دەڵێم شاری دڵم باخ و گوڵستانە کەچی
ئەڵ ئەڵێ نا قەسەبەی شۆڕشی مەستانە نەچی

لەو شێعردا وشەی «قەسەبە» عەرەبییە و بە مانای شارۆچکەیە و چونکە محەممەد ماملێ کاتی خۆی بە دەست خەت بەدەستی کەوتووە و ڕەنگە شێوەی نووسینەکەی هەڵە بووبێ، دەڵێ «قسەبە» و دەبوو ماملێ بیزانیایە قسەبە لەو شوێنەدا هیچ مانایەکی نییە؛ بە داخەوە گۆرانیبێژەکانی دیکەش کە لاسایی ماملێ دەکەنەوە هەرکام بە پێی بیستن و سەلیقە و تێگەیشتنی خۆی شتێک دەڵێ. ئیتر ئەوەندەیان زەحمەت بە خۆیان نەداوە چاوێک لە دیوانەکەی ئاوات بکەن و ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنەوە. ڕەزازی دەڵێ «ناپەسەنە»، لانیکەم باشترە مانایەکی هەیە، بەڵام ئەوانی تر دەڵێن «قەسەڵە»، «قەسەنە»، «قسەلە»... بێ ئەوەی هیچ کامیان بزانن مانای ئەو وشەیە چییە و پرسیاریشیان لە کەسێک نەکردووە ئەو وشیە چییە و یانی چی؟

هونەرمەندی هێژا عەدنان کەریم شێعرێکی مستەفا بەگی کوردیی کردۆتە گورانی و بەڕاستی ئاوازێکی خۆش و پڕ بە پێستی بۆ داناوە بەڵام بەداخەوە بەیتی دووهەمی شێعرەکەی وەها شێواندووە ئەگەر کەسێک لە دیوانەکەی کوردیدا نەبینیبێ و نەزانێ شاعیرەکەی کێیە، ڕەنگە سەد جار بە شاعیرەکەی بڵێ دەستت شکێ بۆ شێعرێکی نووسیوتە.

سەدای سەمتوورە کەللەم گەرمە ئەمشەو
چریکەی بانگی دڵ بێ شەرمە ئەمشەو
بە ناخون کاری فەرهاد دێ لە دەستم
وەها شاهۆ لە ناڵەم نەرمە ئەمشەو

بەڵام بەداخەوە کاک عەدنان ئەو بەیتە شێعرەی ئاوا لێکردووە:

بە ناخون کاری فەرهادی لە دەستم
وەها شاهۆ لە ناڵەم گەرمە ئەمشەو

کە جگە لە تێکدانی مانای شێعرەکە سەروای گەرمەی دیسان دووپات کردۆتەوە کە لە شێعری کلاسیکدا بە عەیب و لاوازی دێتە ئەژمار.

جگە لە ئاریشەی هەڵە کردن، هەروەک لە پێشدا باسم کرد بەداخەوە لاسایی کردنەوەی زۆر و پەیتا پەیتاش خەریکە هونەری گۆرانی بە قوربا دەباتە خوارێ و وێرانی دەکات. بۆ وێنە ئەم شێعرەی نالی:

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

پێنج ـ شەش گۆرانیبێژ گوتوویانە. هەر ئەمە نیشاندەری ئەوەیە گۆرانیبێژەکان لە خوێندنەوە و کتێب نامۆن، دەنا هەر نالی چەند شێعری دیکەی لەسەر ئەو کێشە هەیە و ئەگەر هەر حەز دەکەن شێعری ئەو شاعیرە گەورەیەش بکەنە گۆرانی دەیانتوانی دیوانەکەی بەدەست بخەن و ئەو شێعرانەی دیکەی بکەنە گۆرانی. جگە لەوەی هەموو شاعیرەکانی تر لەو کێشەدا دەیان شێعریان هەیە.

یەکێکی تر لەو ئاریشانەی کە بەرۆکی گۆرانیی کوردیی گرتووە گۆڕین و شێواندنی ئەو قۆناخ و مێژووەیە کە گۆرانییەکەی تێدا گوتراوە. بۆ وێنە گۆرانیی «لانک لانک لانکۆڵێ» باسی قۆناخێکی تاڵی کۆمەڵگای کوردەواری دەکات کە لەودا کچ بە زۆر دراوە بە مێرد، گەورە بە چووکی پێکراوە، لە بەرخوێن دراوە، یان ژن بە ژنەی پێکراوە؛ یان کچە نابەدڵ و بە زۆرەملێ بە شوو دراوە؛ گۆرانییەکەش لە ڕاستیدا گۆرانییەکی ژنانەیە و دەردەدڵی ژنێکی بە مراد نەگەیشتوو بەیان دەکات کە لە خۆشەویستەکەی دابڕاوە و لە قەفەسی ژیانێکی نابەدڵدا دیل کراوە. بەڵام چونکە لە کۆندا گۆرانیبێژی ژنمان نەبووە ناعیلاج پیاو گوتوویەتی و لە قەدیمەوە سینگ بە سینگ هاتووە. ژنە لەو گۆرانییەدا لایەلایە بۆ منداڵەکەی دەکات و لێی دەپاڕێتەوە بخەوێت و ئۆقرە بگرێت بۆ ئەوەی بتوانێ هەتا ڕۆژ نەبۆتەوە و دنیا لە ژێر باڵی شەودایە بچێت بۆ ژوانی دڵدارەکەی. کەچی کاک بێژەن کامکار هاتووە ئەو گۆرانییەی گۆڕیوە و پێی وایە ئەو گۆرانییە ناوەڕۆکەکەی دێمۆدیە (مبتەژل) و وای لێکردووە ڕووی مەجلیسی هەبێت، بەڵام گۆرانییەکەی نەک باشتر نەکردووە بەڵکوو سووکایەتییەکە بە پیاو زۆر زیاترە، چونکە لە گۆڕینەکەی ئەودا پیاوەی مێردی ئەو ژنە هەر وەک ئەوەی پێشوو خەیانەتی پێدەکرێ و کڵاوێکی شەرعیشی لەسەر نراوە. چونکە مەحاڵە ژنێک مێردەکەی تا ئەو ڕادەیە خۆش بوێت و خەیانەتیشی پێبکات. گۆرانییەکە ئاوایە:

لانک لانک لانکۆڵێ لانک لە دار هەنارێ
وەستا بێ لە تارانێ، لانکە دروست کا بۆ چاوجوانێ
دەڵێ لە لانکەیدا نانووم دەبا بۆی ساز کەین جۆلانێ
ئەی ڕۆڵە سەر دڵ خڕ بی، باب مردوو بی،
شەو دەرەنگە بۆ جێژوانێ
ئەوە ڕۆژی ڕوونیاکە، هەموو عالەم دەزانێ.

بەڵام کاک بێژەن هاتووە ئاوای لێکردووە:

لانک لانک لانکۆڵێ لانک لە دار هەنارێ
وەستا بێ لە تارانێ، لانکە دروست کا بۆ چاوجوانێ
دەڵێ لە لانکەیدا نانووم دەبا بۆی ساز کەین جۆلانێ
ئەی ڕۆڵە سەرکەوتوو بی، باب زیندوو بی،
شەو دەرەنگە بۆ جێژوانێ
ئەوە ڕۆژی ڕوونیاکە، هەموو عالەم دەزانێ.

چونکە ئەگەر ژنە مێردەکەی خۆش بوێ و دۆعا بۆ سەرکەوتن و زیندوو بوونی بکات هەوڵ نادا زوو منداڵەکەی بخەوێنێ و بچێت بۆ ژوانی دڵدارەکەی و خەیانەتی پێبکات و مێردەکەی بکاتە ... شەرعی!

من ویستم زیادتر هەڵوەستە لە سەر ئەو گۆرانییانە بکەم کە شێعری شاعیرانی دەنا ئەگەر ئاوڕ لە هەموو بواڕەکان بدەینەوە و بە تایبەت بچینە نێو دنیای گۆرانیی هەڵپەڕکێوە، بۆمان دەردەکەوێ چ درم و پەتایەک تووشی گۆرانیی ئەو بواڕەش بووە و گۆرانیبێژانی نابەرپرس و نادەروەست چ بەڵایەکیان بەسەر هێناوە. جا لە (کراسی سووری لە بەردایە کراس ڕەش)ەوە بگرە هەتا (بااڵکەت بەرزە ئامان خڕێ گیان) یان ئارەق ئارەق ئارەقە، سنگی تەختی مەترەقە کە گۆرانییەکە لە ڕاستیدا تەختی مەفرەقە و ئەوان بە مەترەقی لێ حاڵین، مەترەق لە قاموسەکاندا بە مانای کوتکی ئاسنگەڕییە، بەڵام خودا بکات گوێگری گۆرانییەکە ئەو شێعرەی شێخ ڕەزای نەخوێندبێتەوە کە دەڵێ:

شێخ ڕەزا پیر بووە ڕووی مەجلیسی یارانی نییە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییە
دەس بە گۆڕان دەگرێ ئێستە لەبەر زەعفی وجوود
مەترەقە سەر زلەکەی قووەتی جارانی نییە


ئەمە مشتێک لە خەڵوارە من بە نموونە هێناومەتەوە و ئەو هەموو هەڵە و شێواندنەی دیکە بە قوربانی چاوی جوان و دڕک و پۆپەی سەریان بێت. گۆرانی بێژە میللی و ڕەسەنەکان ساڵانی زوو نەخوێندەواریش بوون، لەو پەڕی خاکەڕایی و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی، بە تەپڵ و نایە، دەهۆڵ و ڕوڕنا، یان دمەک و دووزلەیەکەوە حەوت شەو حەوت ڕۆژ خەڵکیان دەلاواندەوە بێ ئەوەی بە قەرای چڵە پووشێک شێعر و وشە بشێوێنن؛ هونەری هەرکامەشیان دەبێ تیز و نامەی ماستەری لە سەر بنووسرێت، چونکە بەوپەڕی دەروەستی و هەستی بەرپرسیارەتییەوە خزمەتیان بە گۆرانی و ئەدەبی فۆلکلۆر کرد و گەشەیان پێدا و هەتا ئەمڕۆیان هێنا؛ بەڵام ئەمڕۆ کەوتۆتە بەر گەردەلوولی دڕ و ڕەق و هەست ڕووشێنی ئۆرگ و چڕنووکی تیژی منداڵە ورتکەی نادەروەست، لوتبەرزانە خەریکن ئاداری بەسەر پاداریەوە ناهێڵن. لە لایەکیشەوە خودا بیانکات بە قوربانی کارەبا و ئەو دەنگە مێشک تەقێنەی ئۆرگ و ... دەنا خەڵکی لێیان حاڵی بووبان و بیانزانییایە ئەو وشانەی ئەوان بەکاری دێنن چیپە و چەندە پڕ سووکایەتییە دەیانخستنە سەر عارەبانە و هێلکەباران و شارباەدەریان دەکردن!

دەردەدڵ لەو بارەوە زۆرە بەڵام جارێ بەوەندە بەسەندە دەکەم و ژیوادارم کەسانی دیکەش هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و بە نووسین و بە ڕێنوێنیی بەرەوڕوو گۆرانیبێژە کەمتەرخەمەکان لە چەوتەڕێ ڕزگار بکەن و بیانهێننەوە سەر ڕاستڕێ. لە سەرەتادا باسی نامۆ بوونی گۆرانیبێژان لە خوێندنەوە و موتاڵاکردنم کرد و دڵنیام ئەم بابەتەش ناخوێنرانەوە بەڵام من دەبنووسم و دەیخەمە بەر دەستی خوێنەران بەڵکوو ئەوان پێشیان پێبگرن و لەوە زیاتر نەهێڵن هونەری گۆرانی ئەنفال بکرێت.

سەرچاوە:
١ـ دیوانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی چاپی یەکەم هەولێر دەزگای چاپ و باڵوکردنەوەی ئاراس.
٢ـ هۆنراوەی دڵە دیوانی سەید کامیل ئیمامی نشر ئانا. سنە ١٣٩٢
٣ـ گەزیزە کۆمەڵە شێعری سەعید نەجاڕی ناسۆ چاپی یەکەم تەورێز چاپخانەی شوعاع ١٣٨٠
٤ـ دیوانی مستەفا بەگی کوردی. چاپی یەکەم بۆکان ١٣٧٨
٥ـ دیوانی هێمن. پەخشانگای نازادی سلێمانی بەهاری ٢٧٠٨



کەرتی کۆلۆمبیا دیار کراون.



چی دەبێ ئەگەر؟ سیناریۆکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا دوای تووشبونی ترامپ بە کورۆنا ..

ئا : هەندرێن شێرزاد

لە 3 ی نۆڤەمبەری داهاتوودا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ئەنجام دەدرێ ، لەو یەك دوو رۆژەشدا هەواڵی ئەوە راگەیەنرا کە دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئێستای ئەو وڵاتە دووچاری ڤایرۆسی کورۆنا بووە و بە مەبەستی چارەسەر رەوانەی یەکێك لە نەخۆشخانە سەربازییەکان کراوە. ئەمە کۆمەڵێك پرسیاری بەدوای خۆیدا هێناوە لەوانە : چی دەبێ ئەگەر یەکێك لە کاندیدەکانی پۆستی سەرۆکایەتی بمرێ یان ئەگەر خودی سەرۆکی هەڵبژێردراو بمرێ یان نەتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات؟

- ئایا دەکرێ هەڵبژاردنەکانی 3 ی نۆڤەمبەری داهاتوو دوا بخرێ؟

بەڵێ دەکرێ ئەمە ئەنجام بدرێ ، بەڵام تا ئێستا بژاردەیەکی لەم جۆرە دووڕە. دەستووری ئەمەریکا دەسەڵاتی بە کۆنگرێس داوە کە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەستنیشان بکات و بە گوێرەی یاسا دەبێ ئەو پرۆسەیە هەر چوار ساڵ جارێك لە یەکەم رۆژی سێ شەممەی مانگی نۆڤەمبەر ئەنجام بدرێ ، بە مەرجێك ئەو رێکەوتە نەکەوێتە سەری مانگ.لە کاتێکیشدا ئەگەر ئەنجومەنی پیرانیش داوای دواخستنی کاتی هەڵبژاردن بکات ، بێگومان ئەنجومەنی نوێنەران کە زۆربەی ئەندامانی دیموکراتن ، بەو پێشنیارە رازی نابێ.

- چی دەبێ ئەگەر کاندیدێکی پۆستی سەرۆکایەتی پێش هەڵبژاردن بمرێ؟

لە کاتی هاتنەپێشەوەی بارودۆخێکی لەم جۆرەدا ، هەردووك لیژنەی نیشتمانی پارتی دیموکرات و کۆماری کۆ دەبنەوە و داوا لە ئەندامانیان دەکەن دەنگ بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێکی دیکە بدەن. بە گوێرەی پرۆژەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاش لە فلۆریدا ،لە قۆناغی ئێستادا دەنگدانی پێشوەختە دەستی پێ کردووە و زیاتر لە 2.2 ملیۆن کەسیش دەنگیان داوە. جگە لەوە ماوەی گۆڕینی کارتی دەنگدان لە زۆر ویلایەت نەماوە و لە 24 ویلایەتدا لە رێگەی پۆستەوە کارتی دەنگدان بۆ دەنگدەران نێردراوە و پێشبینیش دەکرێ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەڕێگای پۆستەوە دەنگ بدەن. کەواتە ئەگەر کۆنگرێس هەڵبژاردن دوا نەخات ، دەبێ دەنگدەران لە نێوان ترامپی کۆماری و بایدنی دیموکرات کەسێك دەستنیشان بکەن ، تەنانەت ئەگەر تا 3 ی نۆڤەمبەری داهاتوو یەکێکیش لەو دوو کاندیدە گیان لەدەست بدات.

- چی ئەگەر براوە دوای دەنگدانی مەجمەعی هەڵبژاردن بمرێ ، بەڵام بەر لەوەی کۆنگرێس واژۆ لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن بکات؟

دوای دەنگدانی مەجمەعی هەڵبژاردن ، رۆژی 6 ی مانگی کانوونی دووەم دانیشتنێك ساز دەکات و واژۆ لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن دەکات. لە کاتێکدا ئەگەر کاندیدێك زۆرینەی دەنگەکانی مەجمەعی هەڵبژاردن وەدەست بێنێ و دواتر گیان لەدەست بدات ، دیار نیە چۆن کۆنگرێس مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە دەکات. بەگوێرەی یاسای ژمارە 20 ی دەستووری ئەمەریکا ، ئەگەر سەرۆکی هەڵبژێردراو بەر لە خواردنی سوێندی یاسایی بمرێ ، جێگری سەرۆك شوێنی دەگرێتەوە ، بەڵام تا ئێستا مشتومڕ بەکراوەیی ماوەتەوە دەربارەی ئەوەی ئایا کەسی کاندید بە شێوەیەکی فەرمی و دوای سەرکەوتنی لە دەنگدانی مەجمەعی هەڵبژاردن یان دوای رەزامەندیی کۆنگرێس لەسەر ئەنجامەکان دەبێ بە سەرۆکی هەڵبژێردراو. لە کاتێکدا ئەگەر کۆنگرێس رازی نەبێ بە هەژمارکردنی دەنگی کاندیدێکی مردوو ، دواتر دەرکەوت هیچ یەکێك لە کاندیدەکان دەنگی پێویستیان وەدەست نەهێناوە ، ئەو کاتە مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی داهاتوو بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەجێ دەهێڵرێ و لەنێو سێ کاندید کە زۆرترین دەنگیان لە مەجمەعی هەڵبژاردن وەدەست هێناوە یەکێك دەستنیشان دەکرێ. تا ئێستاش لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بارودۆخێکی لەم جۆرە تۆمار نەکراوە ، نزیکترین بارودۆخی هاوشێوە لە ساڵی 1872 رووێدا کاتێك هۆراس گریلی لە 29 ی نۆڤەمبەر کۆچی دوایی کرد، واتە چەند هەفتەیەك دوای دۆڕان بەرامبەر یولیسیس گرانت.

- چی ئەگەر دوای رەزامەندیی کۆنگرێس لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن سەرۆکی هەڵبژێردراو کۆچی دوایی کرد یان نەیتوانی کارەکانی جێبەجێ بکات؟

بە گوێرەی دەستووری ئەمەریکا ، رۆژی 20 کانوونی دووەم سەرۆکی هەڵبژێردراو سوێندی یاسایی دەخوات ، واتە دوو هەفتە دوای رەزامەندی کۆنگرێس لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن ، لە کاتێکیشدا ئەگەر سەرۆکی هەڵبژێردراو کۆچی دوایی کرد ، رۆژی 20 کانوونی دووەم جێگری سەرۆك سوێندی یاسایی دەخوات و دەبێ بە سەرۆکی وڵات .

حکوومەتی یەمەن و حوسییەکان بەردەوامن لە گۆڕینەوەی دیلەکانیان



لە میانی ئەو رێککەوتنەی لەنێوان حکوومەتی یەمەن و حوسییەکاندا کراوە گۆڕینەوەی دیلەکان لە رۆژی دووەمیشدا بەردەوامە.لە کاتێکدا ئەمڕۆ چاوەڕوان دەکرێت ٣٥١ دیل بگۆڕدرێنەوە، فڕۆکەکانی سەربە لیژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی گەیشتنە فڕۆکەخانەکان.بەپێی ئەو زانیارییانەی لە فڕۆکەخانەکانەوە دەست کەوتوون، فڕۆکەیەکی لیژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی لە سەنعا نیشتەوە کە لە ژێر کۆنترۆڵی حوسییەکان دایە و ١٥١ کەس کە سەر بە حکومەتن دەبەن بۆ عەدەن. هەروەها فڕۆکەیەکی دیکەی لیژنەکە کە ٢٠٠ چەکداری بەدیلگیراوی حوسییەکان دەگوازێتەوە، گەیشتووەتە عەدەن. لە میانی رێککەوتنامەی لایەنەکانی یەمەن بۆ گۆڕینەوەی دیلەکانیان دوێنێ بە ئازادکردنی ٤٧٠ دیل لەلایەن حکوومەت و ٢٤٠ دیل لەلایەن حوسییەکانەوە ژمارەی ئەو دیلانەی بەیەکتر گۆڕانەوە گەیشتە ٧١٠ کەس.



مانشێت

دۆچە ڤیلە:

فڕۆکەخانەی بن گۆڕیۆن لە تەل ئەڤیڤی پایتەختی ئیسرائیل پێشوازیی لە یەکەم فڕۆکەی بازرگانی ئیمارات کرد.



ئێندیپێندێنت:

بە تۆمەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، ئەمەریکا ناوی دوو کەسایەتی و 6 دەزگای چینی خستە نێو لیستی رەشەوە.



ئۆبزێرڤەر:

جارێکی دیکە شەڕ و پێکدادانێکی توند لە هەرێمی کاراباخ لە نێوان هەردووك سوپای ئەرمینیا و ئازەربایجان بەرپا بووەوە و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش بەنیازە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی هەردووك وڵات کۆ ببێتەوە.




سکای نیوز:

سەرۆکوەزیرانی سودان رایگەیاند کە دوورخستنەوەی ناوی وڵاتەکەی لە لیستی تیرۆر وادەکات خەرتوم لە قەرزە دەرەکیەکانی رزگار بێ.




یۆرۆ نیوز:

بە گوێرەی میدیاکان، لە ماوەی رابردوودا و بە مەبەستی ئازادکردنی چەند دەستگیرکراوێك ، بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەمەریکی بە نهێنی سەردانی دیمەشقی کردووە.




کەنالی ئار تی:

وەزارەتی تەندروستی ئەرژەنتین رایگەیاند کە ژمارەی تووشبوانی کورۆنا ملیۆنێك کەسی تێپەڕاند و بەمەش لەسەر ئاستی جیهاندا ئەم وڵاتە بە پلەی پێنجەم دێ.




یاریزانێکی هەڵبژاردەی خواروو‌ی ئەفریقیا بۆ خەبات دەدوێت:









چارلیز ڤان زیل:

دەمەوێ ناسنامەی WGM لە ئۆڵۆمپیادی داهاتووی ڕووسیا بەدەست بهێنم



دیمانە: هاوار مورتکەیی

چارلیز ڤان زیلی خانمە شەترەنجزانی هەڵبژاردەی خواروو‌ی ئەفریقا لە لیدوانێکی تایبەت بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات رایگەیاند کە ئەو ئامادەکاری دەکات بۆ بەشداری کردن لە ئۆلۆمپیادی داهاتوو کە بڕیارە لە ساڵی 2021 لە ڕووسیا بەڕێوەبچێت و دەڵێت: تا ئێستا دوو جار بەیاوەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بەشداریم لە ئۆلۆمپیاد کردووە لە ساڵی 2018 لە باتۆمی-جۆرجیا و ساڵی 2020 لە ڕیگای ئۆنلاین، ئێستاش ئامادەگاری دەکەم چونکە یەکیکم لە ئەندامانی هەڵبژاردەی خواروو‌ی ئەفریقیا کە بەشداری لە ئۆلۆمپیادی ساڵی داهاتووی ڕووسیا دەکەین.

خەونە گەورەکەم

چارلیزی تەمەن 21 ساڵ کە هەڵگری ریکۆردی بچووکترین یاریزانی وڵاتەکەیەتی کە ناسناوی WIMی بەدەستهێناوە کە ئەوکات تەمەنی تەنها 13 ساڵان بوو، ئەو دەڵێت: تا لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بەردەوام ببم و بەشداری ئۆلۆمپیادەکان بکەم، ئەمە دەمگەیەنێتە خەونە گەورەکەم ئەویش بەدەستهێنانی ناسناوی WGM ە و بۆ ئەمەش هەوڵی خۆمی بۆ دەدەم، هەروەها دەڵێت: لە ساڵی 2013 لە پاڵەوانێتی ئەفریقیا بەشداریم کرد و لەوێ توانیم لە دوو شەترەنجزان ببەمەوە کە هەڵگری بڕوانامەکانی WIMو WGM بوون، ئەمەش وایکرد کە ناسناوی WIM بەدەست بهێنم، کە ئەوکات تەمەنم تەنها 13 ساڵان بوو، لەو کاتەوە تا ئێستا من خاوەنی ریکۆردی بچوکترین یاریزانی خواروو‌ی ئەفریقیام کە ئەم ناسناوە بەدەست بهێنم و تا ئێستاش ریکۆردەکە هەر بەناوی منەوەیە.

شەترەنج جیهانێکی جیاوازە

ئەو خانمە شەترەنجزانەی خواروو‌ی ئەفریقیا لەبارەی ئاشنایەتی بە شەترەنجەوە گوتی: ساڵی 1999 لە بریتۆریای پایتەختی خواروو‌ی ئەفریقیا لە خانەوادەیەکی شەترەنج دایک بووم، کاتێک تەمەنم بوو بە 7 ساڵان باوکم فێری شەترەنجی کردم، منیش لەنێو ئەو هەموو وەرزشە شەترەنجم هەڵبژارد چونکە یاریەکە هەموو کەسێک دەتوانن بیکەن لە هەر تەمەنێک و ڕەگەزێکدا بێت، شەترەنج سنووری نییە، ئەوەی زۆر گرنگە شەترەنج دەتوانێت بتگەیەنێتە هەموو شوێنێکی جیهان، بە کەسایەتیە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانت بناسینێ، زۆر شتت فێر دەکات، سەبارەت بەخۆمەوە شەترەنج جیهانێکی جیاوازە و ئەو ماوەی یاری دەکەیت، مێشکت لەچالاکبوون بەردەوامە و گەشەیکی پێدەدەیت.

گەشبینم بە داهاتووی شەترەنج لە وڵاتەکەم

ئەو کچە شەترەنجزانە کە بەشداری لە چەندین پاڵەوانێتی جیهانی و ئەفریقی کردووە لە بارەی خەونەکانی جگە لە گراندماستەری ئافرەتان دەڵێت: زۆر حەز بە یارییەکان ئۆلۆمپیاد دەکەم، ئامانجی سەرەکیم دیارە لەو بەشداریانە، بەڵام ئامانجی زۆرترم هەیە، چونکە بەداخەوە دەبێ ئێمە وەکو وڵاتی خواروو‌ی ئەفریقیا پاڵەوانێتی FIDEمان زۆر کەمە، هەروەها لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیشەوە زۆر دوورین لەو وڵاتانەی شەترەنج تیایدا زۆر بەهێزە، کە ئەمەش بەربەستە بۆ ڕەیتینگ بەرزرکردنەوە، بۆیە زۆر تامەزرۆی بەشداری ئۆلۆمپیادی داهاتوو دەکەم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەش زۆر گەشبینم بە داهاتووی شەترەنج لە وڵاتەکەم، چونکە ئێستا نەوەیەکی بەتوانای شەترەنج بەڕێوەیە و دلنیام لەداهاتوودا دەتوانن لەسەر ناستی ئەفریقیا شان لە شانی شەترەنجزانانی وڵاتی میسر بدەن.

بەرگریکارێکی ئەتلەتیکۆ هەڕەشە لە یاریەکەی ئەمشەو بەرامبەر بایرن دەکات

ستیفان ساڤیچی بەرگریکاری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئیسپانی سەبارەت بە یاریەکەی ئەمشەوی بەرامبەر یانەی بایرن میونشن کە لە میانی یاریەکانی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئەنجام دەدرێت، بەیەک وشە (وشەی نهێنی) ئاماژەی پێکرد.

ئەو یاریزانە بە ڕاگەیەندکارانی ڕاگەیاند کە ئەم یاریە سەرەتایە زەحمەتی ئەو پێشبرکێیەیە و گوتی: دەتوانم ئەو دڵنیاییە بدەم کە ئەوینم دەتوانین رکابەری هەموو یانەکانی گرووپەکەمان بکەین، وشەی نهێنی ئێمە ئەو بەرگریە ڕێکخراوەیە کە هەیتمان و پشتمان پێی ئەستورە کە بتوانین بەبەهێزی لەو گرووپە بمێنینەوە، بەهەمان شێوەش لە هیلی ناوەڕاست و هێرشبردن کەموکوڕیمان نییە، بەشێوەیە کە دەتوانین ئەمشە یانەی بایرن میونشن ئازار بکێشێ و بکەوێتە مەینەتییەوە.

ئەمشەو ڕامۆس ئامادەیە



هەوادارانی ڕیاڵ مەدرید گەیشت سەبارەت بە ئامادەگیی سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتنی یانەکە بۆ یاریەکەی چامپیۆنزلیگیان ئەمڕۆ چوارشەممە. دڵی بەرگری یانە شاهانەکە شەممەی ڕابردوو بەرامبەر قادیش تووشی پێکان هات کە بەهۆیەوە هەر لە گێمی یەکەم یاریگای بە جێهێشت، لەو یاریەی کە یانەی میوان و تازەسەرکەوتوو بۆ لالیگا، بە گۆڵێکی بێ وەڵام ڕیاڵی دووچاری شکستێکی چاوەڕواننەکراو کرد. خەم و نیگەرانێکانی زینەدین زیدانی ڕاهێنەر تەنها دۆڕاندنەکە نەبوو، بەڵکو پێکرانی ڕامۆسیش سەربارێکیتر بوو، بەوپێیەی ئەمڕۆ چوارشەممە یەکەم یاریی ئەم وەرزەی چامپیۆنزلیگ بەرامبەر شاختار ، و دواتریش 24ی ئەم مانگە لە کلاسیکۆ دەبێتە میوانی بەرشلۆنە لە میانی یاریەکانی خولی ئیسپانیا.

زیدان: ئەم وەرزە یانەکەمان لە مەترسیدایە





زیدان مەترسی خۆی لەبارەی دۆخی یانەکەی بە یاریزانەکانی ڕاگەیاندووە و پێی وایە یانەکە لە مەترسیدایە.

مارکا بڵاوی کردۆتەوە، لە کۆبوونەوەی زیدان و یاریزانەکان زیدان بە ڕاشکاوانە گووتوویەتی کە دۆخی ئەوان لە مەترسی دایە ئەگەر فریای یانەکە نەکەون توشی دارمان دەبن. مارکا ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە لە کۆبوونەکەدا زیدان گلەیی زۆری لە ئاستی مارسێلۆ، ئیسکۆ، ناچۆ، ڤاسکێز، ڤینسیۆس و بێنزیما کردووە، داوای لێکردوون لە ڕاهێنانەکان خۆیان ماندووبکەن و متمانەیان خۆیان بەدەستبێننەوە.

ریاڵ مەدرید لە هەفتەی ڕابردوو لە خولی ئیسپانیا توشی شکستێکی چاوەڕوان نەکراو و بوو، ئاستی تیپەکەش وەک پێویست نیە و چاوەڕوان دەکرێ دۆخی یانەکە بۆ ئەمساڵ باش نەبێت.



لینا سالار راهێنەری لەشجوانی:

هۆڵەکانی لەشجوانی لە سەردەمی کۆرۆنا لە ئاستێکی باشدایە



دیمانە: پەریهان عومەر

لینا سالار راهێنەری لەشجوانی ماوەی چوار ساڵە بواری لەشجوانی خزمەت دەکات، لە بواری ڕاهێنانەکانی سویدی و ئایرۆبیک و زومبا، هەروەها لە ماوەی ساڵی رابردوودا بەشداری کردووە، لە پاڵەوانێتی پێنج پرێس لەسەر ئاستی کوردستان پلەی سێیەمی بەدەست هێناوە.

خاتوو لینا لە لێدوانێکدا بۆ خەبات باس لە بواری لەشجوانی دەکات لە سەردەمی کۆرۆنا داو گوتی: هۆڵەکانی وەرزشی لەسەردەمی کۆرۆنادا لە ئاستێکی باشدایە، خەڵکێکی زۆر بۆ وەرزشی جەستەی ڕووی تێدەکەن بەردەوام لە بەرەو پێش چوونداید.

سەبارەت بەوەی ئایا کە هۆڵەکەتان بۆ ئافرەت و بۆ پیاوانیش کراوە ئەو گوتی: نەخێر ئەتوانین بڵێین بۆ هەر دووکیەتی بەڵام بەهۆی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەندێك لە خانمان دەترسن وە هەندێکیش بۆ بەهێزی بەرگری لەشی بەردەوام ڕاهێنان دەکەن و یاری لەشجوانی تەنیا بۆ کێش دابەزاندن نییە بەڵکو بۆ سەرخستنی کێشیش زۆرێك لە خانمان ڕووی تێدەکەن.

خاتوو لینا لەکۆتایدا گوتی: ئەوەی پێویست بکات کۆرسی بۆ دادەنرێت و بە پێی لەشی کەسەکە دەگۆڕێ وە ڕۆژانە لە ژێر سەرپەشتی خۆم دا دەبێت تا بە تەواوەتی یارییەکان بکات، بێ هەڵە، ئەوەی پێویست بێ بۆ لەشی دەیکات بە ڕێگایەکی تەندروست تابگات بە ئامانجی خۆی.

کومان: ئێمە پاڵێوراوی بردنەوەی چامپیۆنزلیگ نین

ڕۆناڵد کومان یانەکەی وەك پاڵێوراوێکی بردنەوەی چامپیۆنزلیگ نابینێت و ئاماژە بە هۆکاری بۆچوونەکەی دەکات.

لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی پێش یاریيەکەیان بەرامبەر فیرینکفارۆسی هەنگاری، ڕاهێنەرەکەی بەرشلۆنە گوتی: "لە بەرشلۆنە تۆ بۆ ئەوەی نازناو بەدەست بهێنیت دەبێت ببەیتەوە، چ ناوخۆبێت یان ئەوروپا. بەڵام تیمەکان بەهێزن و تۆش دەبێت خۆت بسەلمێنیت. دوای ئەو شتانەی لە بارسا ڕووی دا، ئێمە پاڵێوراوی نازناوەکە نین، تەنها دەتوانین تا قۆناغەکانی سەرووتر بڕۆین."

ئەم قسانەی کومان دوای ئەوە دێت ڕۆژی شەممە لەسەر دەستی یانەی خیتافی تامی یەکەم شکستی خولی ئیسپانیایان کرد.

پیکفۆرد سزا نادرێت

دوای ئەوەی بووبە هۆکاری پێکانی ڤاندایك، فیدراسیۆنی ئینگلتەرا ڕەتی کردەوە پیکفۆرد سزا بدات.

فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئینگلتەرا بەفەرمی ڕەتیکردەوە سزای جۆردان پیکفۆردی گۆڵپارێزی ئێڤێرتۆن بدات لەسەر ئەو لێدانەی کە بووە هۆکاری پێکانی ڤێرجیل ڤاندایك.

ڤاندایك دوای بەرکەوتنی بە گۆڵپارێزی ئیڤەرتۆن لە یاریەکانی پریمەرلیگ، توشی پێکانی مەترسیدار هات و بەهۆیەوە نەشتەرگەری لە ئەژنۆی بۆ ئەنجامدەدرێ و واچاوەڕوان دەکرێ تا کۆتایی ئەم وەرزە لەیاریکردن دابڕێت.

پیرلۆ پەسندی گواردیۆلا و ڕۆناڵدۆ دەکات

ئاندریا پیرلۆ بەڕێوەبەری یانەی یۆڤانتۆس تەئکیدی کردەوە کە پیپ گواردیۆلا ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتی نموونە و مۆدێلە بۆ هەموان.

پیرلۆ لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی یوفا، گوتی:»گواردیۆلا بۆ هەمووان مۆدێلێکی باڵایە« ئەو یەکێکە لە باشترین ڕاهێنەرەکان، ڕێچکەیەکی بۆ ڕاهێنەرە گەنجەکان دروست کردووە کە حەزیان لە تۆپی پێی هێرشبەرە هەموو کەس خاوەنی بیرۆکەی خۆیەتی و دەیەوێت پێشیان بکەوێت، بەڵام بێ گومان مۆدێلێکی دیارە لە گۆڕەپانەکەدا».

من حەز لە شێوازی هێرشکردنە بەردەوامەکەی دەکەم، کە هەمیشە لە یاریدا ڕۆڵی باڵای پێ دەدات، دەبێت ئەمە ئامانجی ئێمە بێت لە داهاتوودا».

پاش ئەوەی بووە ڕاهێنەری یۆڤانتۆس ، پیرلۆ بووە ڕاهێنەری کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ کە زیاتر لەجارێك وەك یاریزان ڕووبەڕووی بۆتەوە ، هەروەها ئەوەی باسکرد کە ئەمە مەسەلەیەکە هەرگیز چاوەڕوانی نەکردبوو .

ئەو گوتی « ئەوە مەسەلەیەکە پێشبینیم نەدەکرد ، بەڵام خۆشحاڵم کە یەکێك لەیاریزانانی تۆپی پێی گەورەم لەتیپەکەم هەبێت و سەیری سەیری سەرکردن و یاریکردنی بکەم . ئەمە شتێکی خۆشە تەمەنی 35 ساڵە و هەر ڕۆژە و بە هەمان حەز و ئارەزووی خۆی وەك کۆرە لاوێك یاری دەکات بۆ پێشکەوتن . ئەو بۆ هەموو کەسێك مۆدێلێکی گرنگە".



میلان گرێبەستی ئیبراهیمۆڤیچ نوێ دەکاتەوە

میدیای ئیتالیا بڵاو یکردووە ، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ یانەکە پێشکێشیدەکات، پاوڵۆ ماڵدینی، بەڕێوەبەری وەرزشی یانەکە هەنگاوەکانی دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی گرێبەستی مانەوەی ئیبرا لە ریزەکانی ڕۆسۆنێری درێژبکاتەوە، کە چاوەڕواندەکرێت گرێبەستی هەریەکە لە جیانلویجی دۆناروما و هاکان چالهانئوگلۆش نوێکرێتەوە.

هەوڵەکانی میلان بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی زلاتان لەکاتێکدایە، کە ئەو یاریزانە ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکە پێشکێشدەکات، لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا چوار گۆڵی تۆمارکردووە، جگە لەوەش کاریگەرییەکی زۆری لە ژووری جل گۆڕینی یانەکە دروستکردووە.

ئیبراهیمۆڤیچ وەرزی ڕابردوو پەیوەندیی بە ریزەکانی یانەی میلانەوە کرد، لە 20 یارییدا 11 گۆڵی تۆمارکرد، پاشان گرێبەستەکەی بۆ وەرزێکی دیکە درێژکرایەوە و گرێبەستی ئێستاشی لە هاوینی داهاتوو کۆتاییدێت، بەڵام میلان دەیەوێت گرێبەستەکەی نوێکاتەوە و ئیبرا لەگەڵ یانەکە بمێنێتەوە.



خەبات XEBAT
ماسك بەستن
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla
Wed.21 Oct. 2020 No.:(6026)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

شانۆکار پشکۆ شێخ عەلی:

پێشمەرگە ڕەمزی شکۆ و سەربەرزی میللەتی کوردە، ئێمە خاوەنی پێشمەرگەین بۆیە ئازادین





پاڵپشتی مادی میکانیزمێکی باشە بۆ پێشکەشکردنی کاری هونەری لە هەموو بوارەکاندا.

دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

پشکۆ شێخ عەلی لە دایکبووی شاری سلێمانیە سالانێکی زۆرە نیشتەجێی شارە جوانەکەی هەولێرە ، هەر لە هەولێر خوێندنی ناوەندی و پەیمانگای هونەرە جوانەکان و کۆلێژی هونەری تەواو کردووە، ئێستاش وەک فەرمانبەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ کار دەکات . هەر لە سەرەتای وەرگیرانی لە پەیمانگا دەستیکردووە بەکاری هونەری لە بوارەکەی خۆیدا . جگە لەوکارانەی لە ناو پەیمانگا وەک قوتابی کردوویەتی، وەکو پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس لە تیپی شانۆی سالار ئەو تیپە مەزنە کاری کردووە، تیپی شانۆی سالار قوتابخانەیکی گەورە بووە بۆ ئەوەی زیاتر لێوەی فێربێت. ئەویش زیاتر لەڕێی ئەو هونەرمەندانەی لەوێ ناسیوونی وەک: مامۆستا و هونەرمەند (ئەرسەلان دەرۆیش) کە هەمیشە پێشەنگ و ڕێنیشادەرێکی باش بووە بۆ ئەوکەسانەی دەستیان کردووە بەکار. هەروەها لەگەڵ هونەرمەندی گەورە (مامۆستا ئەحمەد سالار) و ئەو براو هاوڕێ هاو پیشانەی کەلەوێ کاریان کردووە بەیەکەوە لەپێناو بەرەو پێشچوونی شانۆ و هونەری کوردی، ئەم وتانە دەستپێکی قسەکانی شانۆکار (پشکۆ شێخ عەلی) بوو کەلەم دیالۆگەیە بۆ (خەبات) ی کرد:

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمی هونەریت؟

کارم زۆر کردووە لەم بوارە هەم دراماى تەلەفزیونی و شانۆ وەک دراماى شەوچەرە لە نووسینی مامۆستا ئەحمەد سالار و کاری دەرهێنانی لەلایەن هونەرمەند ئەرسەلان دەرۆیشەوە بۆ کراوە ، لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی بەتوانا و ستا فێکی کارامەو ماندوو نەناس و دراماى ژوانێک بۆ خۆشەویستی لە نووسین و دەرهێنانی بەهزاد ئەمین موختار و دراماى ڕۆژژمێری شارێک لە نووسینی (د. دڵشاد مستەفا) و کاری دەرهێنانیشی لەلایەن مامۆستا ئەرسەلان دەرۆیشەوە بۆ کراوە . وەک کاری شانۆییش زۆرن ڕەنگە ناوەکانیانم زۆر لە بیر نەمابێ شانۆگەری پەرینەوە بەرەو سەرفرازی شانۆگەری شورای چین شانۆگەری گەمە شانۆگەرەی تاعون شانۆگەری هیروستڕات شانۆگەری خۆشترین گورانی شانۆگەری مەم و زین شانۆگەری تاریکتر لەشەوەزەنگ و زۆرانی تر.

ئاستی دەرهێنەرانی کورد بەبەراوورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی چۆن دەبینی؟

کەتۆ باسی دەرهێنەر بکەی ئەبێ ئەو کەسی ناوی لەخۆی ناوە دەرهێنەر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات هەم بەرامبەر هونەرەکەی هەم بە داب و نەریت و کەلتوری کۆمەڵگاکەی ئەوکات بۆت ڕوون ئەبێتەوە کە ئاستی دەرهینەرەکە چۆنەو چییە ئەگەر بێت و بەراوووردی بکەین بەوانەی ئاستی هونەری و ڕۆشنبیریان هەبێ لە بوارەکە لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن

دەرهێنەرانی کورد، تاچەند سوودیان لە تەکنەلۆژیا وەرگرتووە بۆ ئەوەی شان بەشانی هونەری وڵاتانی دی کاری جوان و پوخت پێشکەش باش ئەتوانێ کاری جوان و پووخت پێشکەش بکەی بۆیە دەڵێم پاڵپشتی مادەی میکانیزمێکی باشە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری لە هەموو بوارەکاندا.

ئێستا زۆرجاران باس لەلاوازی کارە خۆماڵییەکان دەکرێ ، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەقی باش،یان ئەکتەری بەتوانا یان ئامێرو تەکنەلۆژیای پێویست؟

سەرەتا بۆ ڕۆڵی دەرهێنەری ئەگەڕێنمەوە دواتر بۆ دەق و بابەتەکانی تر هەڵبەتە کە هەگبەی دەرهێنەر بەتاڵ بوو دیارە کاری کرچ وکاڵیش دەبینرێت.

دەرهێنەرانی کورد تا چ ئاستێ توانیویانە بە بەرهەمەکانیان چاوی بینەری کورد تێر بکەن و بەڵای بەرهەمی خۆماڵییان ڕابکێشنەوە؟

گەر بێت و کار لەسەر میکانیزمێک بکرێت و بڕیار بدرێت کار بۆ هونەر بکرێت بە جدی لەو بڕوایەدام بینەر هیچ کات ئامادە نییە بە دیار درامایەکی تورکی کات بکوژێت

هۆکارچییە کە بینەر لەدرامای کوردی تۆراوە؟

بە بڕوای بینەر کارەکان لە ئاست تموحدا نییە بۆیە،بەڵام گەر بێتو سنووربێک بۆ دراما دۆبلاژ کراوەکان دابنرێت و هەموو جۆرە درامایەک نیشان نەدرێ

دەرهێنەر دەبێ هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات بەرامبەر هونەرەکەی و بەرانبەر داب و نەریت و کەلتوری کۆمەڵگا کەی.





بکەن؟

هەڵبەت کاری هونەری پێویستی بە پاڵپشتی مادەی و مەعنەوی باش هەیە من دەڵێم کە پاڵپشت هەبێ و تەقەنیات و تەکنەلۆژیات لە بەردەست هەبێ ئەوکات زۆر



شەهیدان و پێشمەرگە دەڵێیت؟

خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە هیچ نووسینێک نییەلە ئاست پیرۆزی و شکۆی ئەوانە هەرچی بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بکرێ ناگەتە ئەو بەرخودانەی ئەوان کردوویانە بۆ خاک و بۆ ئەوەی ئێمە بە ئازادی بژین من هەمیشە وتومە پێشمەرگە ڕەمزی شکۆ و سەربەرزی میللەتی کوردە، ئێمە خاوەنی پَشمەرگەین بۆ یە ئازادین.



سروەی بەیان یەکەم کلیپی شیعریی بەناونیشانی (ماش زێ) بڵاوکردەوە

خەبات: وریشە عومەر

خانمە شاعیر سروەی بەیان دەربارەی دواکاری خۆی کە یەکەم کلیپی شیعریەتی دەڵێت: یەکەم کلیپی شیعری خۆم بڵاوکردەوە، لە شیعرو خوێندنەوەی خۆم و بە کامێرای خالید محەمەد و بەختیار خۆشناو مۆنتاژی کردووەو دەرهێنانی سالار کۆشارە. دەربارەی ناوی کلیپ و شیعرەکەی سروەە بەیان دەڵێت: ماش زێ ـ کەناڵێکی ئاویی شاری هانۆفەری ئەڵمانیایە (masch see).

ئەپڵیکەیشنی دەرمانخانەی زیرەک (WiseDrug) دابەزێنە



لەتێستادا مـاڵ نییـە کۆمەڵێـک حـەب و شروب و دەرمانی تیـا نەبێت، زۆر کاتیش دوای ماوەیـەک لێیان تێکدەچێت و نازانین کامـە دەرمانمـان بۆچـی وەرگرتـووەو لەوانەیـە لـە حاڵەتـی بەکارهێنانـی هەڵـەدا توشـی کاریگـەری زۆر خراپـبان بـکات. یاخـود دەرمانێکـمان وەرگرتـووە و نازانیـن پێـش نانـە یـان دوای نـان یاخـود نازانیـن لـە چ حاڵەتێکدا پێویستە واز لـە بەکارهێنانـی بێنیـن.

ئەپڵیکەیشـنی دەرمانخانـەی زیـرەک (WiseDrug) تـەواوی ئـەو گرفتانـەت بـۆ چارەسـەر دەکات و دەتوانـی هـەر لـە ڕێـی مۆبایلەکەتـەوەو بەزمانـی کـوردی تـەواوی زانیارییـەکان لەسـەر هەمـوو دەرمانـەکان بزانیـت ئەمـەش تەنهـا بـە نیشـاندانی وێنـەی دەرمانەکـە لەسـەر ئەپڵیکەیشـنەکە. ئەپڵیکەیشـنەکە بـە تـەواوی زیرەکـە و بـە جۆرێـک دروستکراوە کـە ئەگـەر کەسـێک هیـچ خوێندەواریەکیشـی نەبێـت بتوانێـت بـە تـەواوی سـودی لـێ ببینێـت و بـەکاری بهێنێـت.

شـایەنی باسـە بـۆ بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشـنە پێویسـت نـاکات زمانـی ئینگلیـزی بزانیـت یاخـود زانیاریـت لەسـەر دەرمانسـازی هەبێـت، چونکـە لـەم ئەپڵیکەیشـنەدا تەنهـا بـە گرتنـی وێنـەی دەرمـان بـە کامێـرای مۆبایلەکـەت دەتوانیـت سـەرجەم زانیاریەکانـی دەرمانـی مەبەسـت ببینـی.

